# زمان و ئەدەبی کوردی

## پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی

سالّی خوێندن: ( ٢٠١٦ - ٢٠١٧ )

### ڕێزمان

ڕوونکردنەوەی بابەتەکان + شیکاری هەموو ڕاهێنانەکان + پرسیاری هەڵبژاردنی وزاری و وەڵامەکانیان

### ڕەوانبێژی

ڕوونکردنەوەی بابەتەکان + شیکاری هەموو ڕاهێنانەکان + پرسیاری هەڵبژاردنی وزاری و وەڵامەکانیان


ئامادەکردنی / م. عبدالله عبدالقادر علی      ئامادەیی شەهید ( دانا ) ی کوڕان



ئەم بەرهەمە پارێزراوە و تەنیا لە وێنەگری نازناز دەست دەکەوێت

# پێشەکی

(هەندێک تێبینیی گرنگ و گشتی بۆ بەشی *ڕێزمان*)

زمان و ئەدەبی کوردی

## بەشی ڕێزمان

پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی

لەسەر کتێبی چاپی دەیەم/ (٢٠١٥)

ئامادەکردنی: مامۆستا/ عبداللە عبدالقادر علی

ئامادەییی شەهید دانای کوڕان

ساڵی خوێندن: (٢٠١٦-٢٠١٧)

## ــ بەشەکانی ئاخاوتن:

بەشەکانی ئاخاوتن واتە (جۆرەکانی وشە) یان (چییە؟) کە بەزۆری ئەمانەن:

(١- ناو، ٢- جێناو، ٣- هاوەڵناو، ٤- هاوەڵکار، ٥- کار، ٦- ئامرازی پەیوەندی، ... هتد.)

ــ ئەرکی بەشەکانی ئاخاوتن:

ئەرکی بەشەکانی ئاخاوتن واتە ( ئەرکی وشەکە) یان (ئەرکی چییە؟) کە بەزۆری ئەمانەن:

(١- نیهاد، ٢- بکەر، ٣- بەرکار، ٤- تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو، ٥- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو، ٦- تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو (تەواوکەری کاری ناتەواو)، ٧- دیارخەر، ٨- دیارخراو، ٩- جێگری بکەر.)

- ئەرک لە ناو (گرێ) و (ڕستە)دا نەبێت، دەرناکەوێت.

.......................................................................................................

## - گرێ:

گرێ: بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەک کە پەیوەندییان بەسەر یەکەوە هەیە، بەڵام واتا و بیرێکی تەواو نادەن بە دەستەوە، چونکە (کار)ی تێدا نییە، لە کۆتاییشدا هێمای بۆ دانانرێت.

یان بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەک کە لە دیارخراو و دیارخەرێک یان چەند دیارخەرێک پێک دێت، بە مەرجێک وشەیەک بتوانێت جێگەیان بگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بن.

- لە گرێدا مەرجە دوو کەرەستە هەبێت: أ- دیارخراو

ب- دیارخەر

- گرێ لە ڕووی واتاوە چەند جۆرێکە:

١- گرێی ناوی

٢- گرێی هاوەڵناوی

٣- گرێی هاوەڵکاری

- گرێ لە ڕووی دروستکردن (ڕۆنان، داڕشتن، پێکهاتن)ەوە دوو جۆرە:

١- بە هۆی ئامرازی خستنەسەرەوە:

| |
|---|
| یاساکەی (دیارخراو+ ئامرازی خستنەسەر+ دیارخەر) |

٢- بەبێ ئامرازی خستنەسەر:

| |
|---|
| یاساکەی (دیارخەر+ دیارخراو) |

.......................................................................................................

## - ڕستە:

ڕستە: بریتییە لە وشەیەک یان زیاتر، کە واتایەک ببەخشێت و لە کۆتاییشدا هێمای بۆ دادەنرێت، مەرجە (کار) و (جێناوی کەسیی لکاو)یشی تێدابێت.

- دابەشکردنەکانی ڕستە:

ڕستە لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە دابەش دەکرێت، وەک:

یەکەم: ڕستە لە ڕووی دارشتن (پێکهاتن، ڕۆنان، دروستکردن)ەوە دەکرێت بە سێ جۆرەوە:

(١- ڕستەی سادە ، ٢- ڕستەی لێکدراو ، ٣- ڕستەی ئاوێتە {تێکەڵ، ئاڵۆز})

دووەم: ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆک (مەبەست، مەعنا)وە دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە:

(١- ڕستەی هەواڵی، ٢- ڕستەی پرسیاری، ٣- ڕستەی فەرماندان {ئەمر، داخوازی}، ٤- ڕستەی سەرسووڕمان)

- هیچ ڕستەیەک لە زمانی کوردیدا نییە، (کار) و (جێناوی کەسیی لکاو)ی تێدا نەبێت.

---

## - شیکردنەوە:

شیکردنەوە: واتە لەیەکترجیاکردنەوە و شیکردنەوەی گرێ و ڕستە بۆ پێکهێنەرەکانی (وشە)، پاشان هەر پێکهێنەرێک (وشەیەک) بە جیا (بەشە ئاخاوتنەکەی) و (ئەرکەکەی) بۆ دەنووسین.

کەواتە شیکردنەوە یەکسانە بە ١- ({چییە؟} واتە بەشە ئاخاوتنەکەی)، ٢- ({ئەرکی چییە؟} واتە ئەرکەکەی).

---

## ـ کار:

کار (کردار، فرمان): وشەیەکە ڕووداوێکی تێدایە، لە کاتێکی دیاریکراودا لە لایەن کەسێک (شتێک)ەوە ڕوویداوە یان ڕوودەدات.

مەرجەکانی کار ئەمانەن:

١- ڕووداو (کردەوە، جوڵە)ێکی تێدابێت. */ مەرج نییە هەموو کارێک ڕووداوی تێدابێت.

٢- کاتی تێدابێت (ڕابردوو، ڕانەبردوو).

٣- کەسی تێدابێت (بکەر).

هەموو (کار)ێک لە (چاوگ)ێکەوە هاتووە.

چاوگ: وشەیەکە ڕووداوێک یان کردەوەیەک نیشان دەدات، بەڵام ئەم کردەوەیە نەخراوەتە پاڵ کەسێک یان شتێک، (کات)یشی تێدا دیار نییە.

هەموو چاوگێک بە پیتی (ن) کۆتایی دێت و بەو پیتەش دەوترێت (ن) نوونی چاوگ، لە پێش نوونی چاوگیشەوە هەمیشە ئەم پێنج پیتە دێن (ا، د، ت، وو، ی) کە بەتەنیا پێیان

دەوترێت (مۆرفیمی کاتی ڕابردوو)، بە هەردووکیشیانەوە واتە بە نوونی چاوگ و پیتەکەی پێش نوون (ان، دن، تن، وون، ین) دەوترێت (نیشانەی چاوگ).
کەواتە پێنج جۆر چاوگمان هەیە (ئەلفی، دالی، تائی، واوی، یائی).
- چاوگ لە ڕستەدا وەکو (ناو) بەکاردێت و هەموو تایبەتمەندییەکانی ناو وەردەگرێت و دەتوانێت لە ڕستەدا هەموو ئەرکەکانی (ناو)یش ببینێت.
- (چاوگ) بە سەرچاوەی داڕشتنی (کار) دادەنرێت. واتە هەموو(کار)ێک لە(چاوگ)ێکەوە وەرگیراوە.

پ/ جیاوازیی نێوان چاوگ و کار چییە؟

و/

| کار | چاوگ |
|---|---|
| ١- کاتی تێدایە. | ١- کاتی تێدا نییە. |
| ٢- دەدرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک. | ٢- نادرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک. |
| ٣- گەردان دەکرێت. | ٣- گەردان ناکرێت. |

- گەردان کردن = تصریف کردن
ئێمە بێجگە لە (کار) دوو بەشی تر لە چاوگ وەردەگرین، ئەوانیش (قەد) و (ڕەگ)ن.
- قەد: ئەو بەشەیە لە چاوگ کە بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروست دەبێت و دەمێنێتەوە.
قەد (قەدی چاوگ= ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن)، واتە بە هەموو قەدێک دەوترێت (کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن).
دۆزینەوەی قەد:
بۆ دۆزینەوەی قەد یەک یاسا هەیە بەبێ شاز، ئەویش بریتییە لە لابردنی (ن)ی چاوگ، ئەوەی دەمێنێتەوە قەدە، بەڵام مەرجە و دەبێت پێنج پیتەکەی پێشی (ن)ی چاوگ بمێنێتەوە.
نم/ هێنان – ن = هێنا

پ/ قەد بۆچی بەکاردێت؟

و/
١- بۆ دروستکردنی هەموو جۆرەکانی کاری ڕابردوو.
٢- بۆ دروستکردنی گەلێک وشەی نوێ لە زمانەکەماندا.
- ڕەگ (ڕەگی کار): ئەو بەشەیە کە لە چاوگ وەردەگیرێت و واتای چاوگ هەڵدەگرێت، بەشی هەرە زۆری ڕەگی کار بەتەنیا بە کار نایەت و واتای تەواو نابەخشێت.
دۆزینەوەی ڕەگ:
بۆ دۆزینەوەی ڕەگ سێ ڕێگامان هەیە:
ڕێگای یەکەم/ بە پێی یاسای تایبەت (بڕوانە کتێبی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی).

ڕێگای دووەم/ چاوگەکە بکە بە کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بۆ کەسی یەکەمی تاک، پاشان نیشانەی (دە)ی ڕانەبردوو و جێناوی لکاوی (م) لابەرە، ئەوەی دەمێنێتەوە (ڕەگ)ە.

نم/ کڕین ← دەکڕم ← کڕ

ڕێگای سێیەم/ چاوگەکە بکە بە کاری داخوازی (ئەمر) بۆ کەسی دووەمی کۆ، پاشان نیشانەی (ب)ی داخوازی و جێناوی لکاوی (ن) لابەرە، ئەوەی دەمێنێتەوە (ڕەگ)ە.

نم/ کڕین ← بکڕن ← کڕ

**پ/ ڕەگ بۆچی بەکاردێت؟**

و/

١- بۆ دروستکردنی کاری ڕانەبردوو.

٢- بۆ دروستکردنی کاری داخوازی.

٣- بۆ دروستکردنی کاری بکەرنادیار.

٤- بۆ دروستکردنی گەلێک وشەی نوێ لە زمانەکەماندا.

- دابەشکردنەکانی (کار):

کار لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە دابەش (پۆلێن) دەکرێت، وەک:

١- کار لە ڕووی (تەواوی و ناتەواوی)یەوە دوو جۆرە: أ- کاری تەواو
ب- کاری ناتەواو

٢- کار لە ڕووی (کات)ەوە دوو جۆرە: أ- ڕابردوو
ب- ڕانەبردوو

٣- کار لە ڕووی (ناوەڕۆک)ەوە چوار شێواز (أسلوب)ی هەیە:

أ- شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن

ب- شێوازی ڕێژەی دانانی

ج- شێوازی ڕێژەی داخوازی

د- شێوازی ڕێژەی مەرجی

٤- کار لە ڕووی کاریگەری (هێز)ەوە دوو جۆرە: أ- تێنەپەڕ
ب- تێپەڕ

٥- کار لە ڕووی دروستکردن (ڕۆنان، داڕشتن، پێکهاتن)ەوە سێ جۆرە: أ- سادە
ب- داڕێژراو
ج- لێکدراو

٦- کار لە ڕووی (ئەرێ و نەرێ)وە دوو جۆرە: أ- ئەرێ
ب- نەرێ

٧- کار لە ڕووی (بکەردیار و بکەرنادیار)ەوە دوو جۆرە: أ- کاری بکەردیار
ب- کاری بکەرنادیار
٨- کار لە ڕووی ڕێژە (شێوە، صیغە)وە بە پێی کەسەکان شەش (٦) ڕێژەی هەیە:
نم/ هێنام - هێنامان
هێنات - هێناتان
هێنای - هێنایان
یەکێک لە دابەشکردنەکانی کار لە ڕووی (هێز)ەوەیە، کە دوو جۆرە:
١- کاری تێنەپەڕ (لازم): بریتییە لەو کارەی کە خۆی و بکەرەکەی پێکەوە واتای ڕستەکە تەواودەکەن و پێویستیان بە (بەرکار) نییە.
٢- کاری تێپەڕ (متعدی): بریتییە لەو کارەی کە جگە لە بکەر، پێویستی بە (بەرکار)یش هەیە بۆ تەواو کردنی واتاکەی.

پ/ جیاوازیی نێوان کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ چییە؟

و/ جیاوازیی زۆر گرنگ لە نێوانیاندا بوونی (بەرکار)ە، واتە کاری تێپەڕ بەرکاری دەوێت و کاری تێنەپەڕ بەرکاری ناوێت.

پ/ چۆن کاری تێپەڕ لە کاری تێنەپەڕ جیابکەینەوە؟

و/ دەتوانین بە چەندین ڕێگا کاری تێپەڕ لە کاری تێنەپەڕ جیابکەینەوە، بەڵام ئێمە تەنیا باسی چەند ڕێگایەکی گرنگ دەکەین: (شاز و ناوێزەیان تێدەکەوێت.)

ڕێگای یەکەم/ بە زۆری هەر کارێک دوو جێناوی لکاوی بە یەکەوە و لە یەک کاتدا وەرگرت، تێپەڕە، چونکە یەکێک لە جێناوە لکاوەکان دەبێت بە بکەر و ئەوی تریان دەبێت بە بەرکار، بەڵام ئەگەر تەنیا یەک جێناوی لکاوی وەرگرت، تێنەپەڕە.

نم/ کاری تێپەڕ ← گرت ← گرتـــیـــنـــی ← گرت + ین + ی (ئەو ئێمەی گرت.)

نم/ کاری تێنەپەڕ ← چوو ← چووین ← چوو + ین (ئێمە چووین.)

ڕێگای دووەم/ لە ڕووی واتاوە بە زۆری هەر کارێک لە ڕستەدا بێجگە لە بکەر واتاکەی بەسترابووەوە بە کەرەستە و توخمێکی ترەوە کە بەرکارە، تێپەڕە، واتە کاری تێپەڕ بێجگە لە بکەر پێویستی بە بەرکاریش هەیە، بەڵام کاری تێنەپەڕ تەنیا پێویستی بە بکەر هەیە و پێویستی بە بەرکار نییە.

نم/ کاری تێپەڕ ← کڕی ← من × کڕیم.

نم/ کاری تێنەپەڕ ← چوو ← من چووم.

ڕێگای سێیەم/ بە شێوەیەکی گشتی هەر کارێک بکەرنادیاری لێ دروست بکرێت، تێپەڕە، بەڵام ئەگەر بکەرنادیاری لێ دروست نەکرێت، تێنەپەڕە.

نم/ کاری تێپەڕ ← هێنا ← من نامەکەم هێنا. ← نامەکە هێنرا Ø.

نم/ کاری تێنەپەڕ ← چوو ← من چووم. ← ×

ڕێگای چوارەم/ بە گشتی هەر کارێک ( قەد)ێک کۆمەڵەی (م – مان)ی وەرگرت، تێپەڕە، بەڵام ئەگەر کۆمەڵەی (م – ین)ی وەرگرت، تێنەپەڕە.

نم/ کاری تێپەڕ ← هێنا ← هێنام - هێنامان

نم/ کاری تێنەپەڕ ← چوو ← چووم - چووین

ڕێگای پێنجەم/ بە زۆری هەر کارێک لە (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن) جێناوی لکاو کەوتە بەشی پێشەوەی قەد، تێپەڕە، بەڵام ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە دوای قەد، تێنەپەڕە.

نم/ کاری تێپەڕ ← نووسی ← دەنووسی ← دەمان نووسی

نم/ کاری تێنەپەڕ ← چوو ← دەچوو – دەچووین

..............................................................................................................

- جێناوی کەسیی لکاو:

جێناوی کەسیی لکاو: بریتییە لەو جێناوانەی کە شوێنی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان دەگرنەوە و بەتەنیا بەکارنایەن و دەرناکەون، بەڵکو دەبێت بلکێن بە وشەی ترەوە، بۆ ئەوەی (ئەرک) و (واتا)یان دەربکەویت.

- جێناو لە ڕووی واتاوە چەند جۆرێکە:

١- جێناوی کەسی، ئەمیش دوو جۆرە:

أ- جێناوی کەسیی سەربەخۆ

ب- ***جێناوی کەسیی لکاو***

٢- جێناوی خۆیی

٣- جێناوی پرس

٤- جێناوی نادیار

٥- جێناوی نیشانە

٦- جێناوی هەیی

- جێناوی کەسیی لکاو چوار کۆمەڵەیە:

کۆمەڵەی یەکەم/

| م | مان |
|---|---|
| ت | تان |
| ی | یان |

کۆمەڵەی دووەم/

| ین | م |
| --- | --- |
| ن | یت |
| ن | Ø |

کۆمەڵەی سێیەم/

| ین | م |
| --- | --- |
| ن | یت |
| ن | ێت/ات |

کۆمەڵەی چوارەم/

| ن | ە |
| --- | --- |

---

ڕێزمان
ئامادەکردنی: مامۆستا/ عبدالله عبدالقادر علی،
ئامادەییی شەهید (دانا)ی کوڕان، پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، (٢٠١٦- ٢٠١٧)

## بابەتی یەکەم: شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن (ئیخباری):

کار بە پێی ناوەڕۆك چوار شێواز (اسلوب)ی هەیە:

١- شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن (ئیخباری):

شێوازی ڕاگەیاندن: بریتییە لەو شێوازەی کە ڕاستەوخۆ بۆ خەبەردان لە کار و حاڵی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت و گومان لەوەدانییە کە کارەکە گەیشتووەتە ئەنجام یان نەگەیشتووە.

ـ شێوازی ڕاگەیاندن بە پێی کات دوو جۆرە:

یەکەم/ شێوازی ڕابردووی ڕاگەیاندن:

ئەمیش چوار جۆرە:

أ- شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن:

*/ نیشانەی تایبەتی نییە، بەڵام نەبوونی نیشانە دەبێتە نیشانە بۆی، چونکە سێ جۆرەکەی تر هەیانە. کەواتە هەر کارێکی ڕابردووی ڕاگەیاندن نیشانەی پێوە نەبوو، (نزیك)ە.

*/ هەموو قەدێك، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، کتێبەکە زیاتر شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت.

یاساکەی/

| |
|---|
| چاوگ – ن = قەد (شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) |

نم/ تێنەپەڕ

| | |
|---|---|
| کەوت | (سادە) |
| گەڕایەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| هەڵکەوت | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| پێش کەوت | (لێکدراو) |

نم/ تێپەڕ

| | |
|---|---|
| خوارد | (سادە) |
| کردەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| ڕاهێنا | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| دروست کرد | (لێکدراو) |

*/ لە چاوگی داڕێژراو بە پاشگری (ەوە)، واتە ئەوانەی کە پێش پیتی نوونی چاوگ، پیتێکی بزوێنە و بە پاشگری (ەوە) کۆتاییان دێت، لە کاتی دروستکردنی شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن هەمیشە ناوبەندی (ی) لە نێوان قەد و پاشگری (ەوە) دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی دوو پیتی بزوێن لە یەکتر.

نم/ گەڕایـــەوە

## ب- شێوازی ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن:

*/ نیشانەی تایبەتی هەیە، کە لە کرمانجیی خواروو بریتییە لە (دە)، بەڵام لەکرمانجیی ژووروو بریتییە لە (د).

یاساکەی/

| دە + قەد (شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) |
|---|

*/ نیشانەی (دە) لە (سادە) و (داڕێژراو بە پاشگر) هەمیشە دەکەوێتە پێش قەد، بەڵام لە (داڕێژراو بە پێشگر) و (لێکدراو) هەر دەکەوێتە پێش قەد و دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

نم/ تێنەپەڕ

| | |
|---|---|
| دەکەوت | (سادە) |
| دەگەڕایەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| هەڵدەکەوت | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| پێش دەکەوت | (لێکدراو) |

نم/ تێپەڕ

| | |
|---|---|
| دەخوارد | (سادە) |
| دەکردەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| ڕادەهێنا | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| دروست دەکرد | (لێکدراو) |

*/ لە چاوگی داڕێژراو بە پاشگری (ەوە)، واتە ئەوانەی کە پێش پیتی نوونی چاوگ، پیتێکی بزوێنە و بە پاشگری (ەوە) کۆتاییان دێت، لە کاتی دروستکردنی شێوازی ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن هەمیشە ناوبەندی (ی) لە نێوان قەد و پاشگری (ەوە) دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی دوو پیتی بزوێن لە یەکتر.

نم/ دەگەڕایەوە

نم/ دکەوت (سادە) بۆ کرمانجیی ژووروو

نم/ پێش دکەوت (لێکدراو) بۆ کرمانجیی ژووروو

## ج شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن:

*/ نیشانەی تایبەتی هەیە، لە کرمانجیی خواروو بریتییە لە (ووە/ وە).
*/ ئەگەر قەدەکە بە پیتی (ت، د) کۆتایی هاتبوو، ئەوا نیشانەی (ووە) بەکاردەهێنین، بەڵام ئەگەر قەدەکە بە پیتی (ا، وو، ی) کۆتایی هاتبوو، ئەوا نیشانەی (وە) بەکاردەهێنین.

یاساکەی/

| قەد (شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) + ووە/ وە |
|---|

نم/ تێنەپەڕ

| | |
|---|---|
| کەوتووە | (سادە) |
| گەڕاوەتەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| هەڵکەوتووە | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| پێش کەوتووە | (لێکدراو) |

نم/ تێپەڕ

| | |
|---|---|
| خواردووە | (سادە) |
| کردووەتەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| ڕاهێناوە | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| دروست کردووە | (لێکدراو) |

| | |
|---|---|
| نم/ خوێندووە | (د) |
| نووستووە | (ت) |
| سوتاوە | (ا) |
| کریوە | (ی) |
| چوو + وە ← چوووە ← چو + وە ← چووە | (وو) |

*/ شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن، لە شێوازی کرمانجیی ژووروو نیشانەی تایبەتی هەیە کە بریتییە لە (ییە/ یە) لە جیاتی (ووە/ وە)ی کرمانجیی خواروو. ئەگەر قەدەکە بە پیتی(ت، د) کۆتایی هاتبوو، ئەوا نیشانەی (ییە) بەکاردەهێنین، بەڵام ئەگەر قەدەکە بە پیتی (ا، وو، ی) کۆتایی هاتبوو، ئەوا نیشانەی (یە) بەکاردەهێنین.

یاساکەی/

| قەد (شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) + ییە/ یە |
|---|

نم/ نقیسین ← نقیسی + یە ← نقیسیـیە
نـــقستن ← نقست + ییە ← نقستـــییە
هاتن ← هــــات + ییە ← هاتـــییە

*/ بەڵام شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن لە هەندێک ناوچەی کرمانجیی ژووروو بەم شێوەیە دروست دەکرێت:

| یا + ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + ی |
|---|

نم/ یا + هینا + ی ← یاهێنای

| یێ + ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + ی |
|---|

نم/ یێ + چاند + ی ← یێ چاندی

*/ لە چاوگی داڕێژراو بە پاشگری (ەوە) هەمیشە ناوبەندی (ت) وەردەگرێت لە شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن لە بەر دوو هۆ:

١- بۆ جیاکردنەوەی دوو پیتی بزوێن لە یەکتری.

٢- بۆ گونجاندنی واتای شێوازی کارەکە.

نم/ کردنەوە ← کردووە + ت + ەوە ← کردووەتەوە

د- شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن:

*/ نیشانەی تایبەتی هەیە، کە بریتییە لە (بوو).

یاساکەی/

| قەد (شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) + بوو |
|---|

نم/ تێنەپەڕ

| | |
|---|---|
| کەوتبوو | (سادە) |
| گەڕابووەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| هەڵکەوتبوو | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| پێش کەوتبوو | (لێکدراو) |

نم/ تێپەڕ

| | |
|---|---|
| خواردبوو | (سادە) |
| کردبووەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| ڕاهێنابوو | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| دروست کردبوو | (لێکدراو) |

*/ لە چاوگی داڕێژراو بە پاشگری (ەوە) هەمیشە ناوبەندی (و) وەردەگرێت لە شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نەیەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە سێ پیتی (و) دەچنە پاڵ یەك ئەمەش جوان نییە، بۆیە پیتی

(وو)ی نیشانەی (بوو) کورت دەکەینەوە بۆ یەک (و) واتە نیشانەکە دەبێتە (بو) بۆ چارەسەری حاڵەتەکە.

نم/

خوێندنەوە ← خوێند وەوە ← خوێندبوو وەوە ← خوێندبوو و وەوە ← خوێندبو و وەوە ← خوێندبووەوە

*/ کاری بکەرنادیار لە شێوازی ڕێژەی ڕابردووی ڕاگەیاندن بە هەر چوار جۆرەکەیەوە بەکاردەهێنرێت:

نم/ خانووەکە فرۆشرا∅.

خانووەکە دەفرۆشرا∅.

خانووەکە فرۆشراو∅ە.

خانووەکە فرۆشرابوو∅.

*/ شێوازی ڕێژەی ڕابردووی ڕاگەیاندن بە هەر چوار جۆرەکەیەوە، بە بکەردیار و بکەرنادیارەوە بە هۆی ئامرازی نەرێی (نە)وە نەرێ دەکرێت.

نم/ کەوت ← نەکەوت، ...هتد

خانووەکە دروست کرا∅. ← خانووەکە دروست نەکرا∅.

## دووەم/ شێوازی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن:

*/ یەك یاسا و یەك شێوە و جۆری هەیە.

*/ هەمیشە جێناوەکانی کۆمەڵەی (٣) لەگەڵیدا بەکاردێت.

یاساکەی/

| دە + ڕەگ + کۆمەڵەی (٣) |
|---|

*/ لە هەندێک ناوچە و دیالێکتی کوردی لە جیاتی نیشانەی (دە)ی ڕانەبردوو، نیشانەی (ئە) بەکاردێت.

نم/ دەچم ← ئەچم

*/ نیشانەی (دە) لە (سادە) و (داڕێژراو بە پاشگر) هەمیشە دەکەوێتە پێش ڕەگ، بەڵام لە(داڕێژراو بە پێشگر) و (لێکدراو) هەر دەکەوێتە پێش ڕەگ و دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

نم/ تێنەپەڕ

| | |
|---|---|
| دەکەوم | (سادە) |
| دەگەڕێمەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| هەڵدەکەوم | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| پێش دەکەوم | (لێکدراو) |

نم/ تێپەڕ
دەخوات (سادە)
دەکەینــەوە (داڕێژراو بە پاشگر)
ڕادەهێنـم (داڕێژراو بە پێشگر)
دروست دەکەین (لێکدراو)
*/ کاری بکەرنادیار لە شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن دروست دەکرێت:
نم/ خانووەکان دەفرۆشرێـــن.
*/ شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، بە بکەردیار و بکەرنادیارەوە بە هۆی ئامرازی نەرێی (نا)وە نەرێ دەکرێت، لە شوێنی نیشانەی (دە) دادەنرێت.
نم/ دەکـــەوم ← ناکەوم ...هتد
دەفرۆشرێن ← نافرۆشرێن.
*/ بۆ کەسی سێیەمی تاك (ات، ێت) لە شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بەم شێوەیە دەبێت:
أ- (ات): ئەگەر ڕەگەکە بە (ە، ۆ) کۆتایی هاتبوو، ئەوا (ە) لادەچێ، بەلام (ۆ) دەگۆڕێ بۆ (و)ی نەبزوێن.
ڕەگ ← (ە) ← (Ø) نم/ خستن ← خـە ← دە + خە + ات ← دەخـات
ڕەگ ← (ۆ) ← (و= w)ی نەبزوێن نم/ خواردن ← خـۆ ← دە + خۆ + ات ← دەخـوات
ب- (ێت): ئەگەر ڕەگەکە بە هەر پیتێکی تر کۆتایی هاتبوو، بێجگە لە (ە، ۆ) ئەوا (ێت) بەکاردێت.
نم/ نووسین ← نووس ← دە + نووس + ێت ← دەنووسێت
نم/ نووستن ← نوو ← دە + نوو + ێت ← دەنوێت
نم/ هاتن ← هێ (ێ) ← دە + هێ + ێت ← دە هـ ێت ← دە ێت ← دێت
نم/ گریان ← گری ← دە + گری + ێت ← دەگریـێت ← دەگری
*/ زۆرجار لە زمانی ئاخاوتن و زمانی شیعردا لە جیاتی (ێت)ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی سێیەم، (ێ) و لە جیاتی (ات)ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی سێیەم، (ا) بەکاردێت.
نم/ دەچـێت ← دەچێ
نم/ دەخوات ← دەخوا
هەروەها لە جیاتی(یت)ی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی کۆمەڵەی سێیەم، (ی) و لە جیاتی(یت)ی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی کۆمەڵەی دووەم، (ی) بەکاردێت.
نم/ دەچـیت ← دەچـی
نم/ دەچوویت ← دەچووی

*/ هەر(کار)ێك بە هۆی ئامرازی (نا)وە نەرێ کرا، ئەوا هەمیشە ئەو کارە (ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە)، چونکە تەنیا کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بە هۆی ئامرازی (نا)وە نەرێ دەکرێت.

نم/ ناگەڕێـــمـــەوە

*/ چاوگی (ویستن) ناوێزە و شازە، چونکە ئەم چاوگە دەبووایە لە (ڕانەبردوو)دا جێناوی لکاوی بکەر لە کۆمەڵەی (٣)ی وەربگرتایە، بەڵام بەپێچەوانەوە هەروەکو ڕابردووی تێپەڕ جێناوی لکاوی بکەری کۆمەڵەی (١) وەردەگرێت و ناچنە کۆتاییی ڕەگەکە، بەڵکو دەچنە نێوان (دە) و (ڕەگ)ەکە.

نم/ ویستـــمان (ڕابردوو)

نم/ دەمانـــەوێـــن (ڕانەبردوو)

ـ (ویستن) ← قەد (ویست)

ـ (ویستن) ← ڕەگ (ەوێ) یان (وێ)

نم/ دەمان ویستـــیت

نم/ دەمانـــەوێـــیت

نم/ دەمانـــەوێ ێت ← دەمانـــەوێت

نم/ من ئەوانم دەوێ. ← (*/ لە دوای کاری (دەوێ) جێناوی لکاو نییە.)

*/ لە کرمانجیی خوارووداا نیشانەی کاری (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) بریتییە لە (دە)، کارەکەش کە دروست بوو، کاتی (ئێستا) و(داهاتوو) لە ناو خودی کارەکە و یاساکەدا جیاناکرێتەوە، بەڵام دەتوانین بە هۆی (هاوەڵکاری کاتی)یەوە کاتی کارە ڕانەبردووەکە دیاری بکەین.

نم/ دەچم بۆ زانکۆ. (ڕانەبردوو)

نم/ ئێستا دەچم بۆ زانکۆ. (ڕانەبردوو بۆ کاتی ئێستا)

نم/ ساڵێکی تر دەچم بۆ زانکۆ. (ڕانەبردوو بۆ کاتی داهاتوو)

بەڵام لە کرمانجیی ژووروودا دەتوانین بە هۆی یاسا و کارەکە خۆیەوە کاتی (ئێستا) و (داهاتوو) جیابکەینەوە، کە نیشانەی (د) بۆ کاتی (ئێستا) و نیشانەی (دێ) بۆ کاتی (داهاتوو) بەکاردێت.

| د + ڕەگ + جێناوی لکاو |
|---|

نم/ دچم بۆ زانکۆ. (ڕانەبردوو بۆ کاتی ئێستا) .

| دێ + ڕەگ + جێناوی لکاو |
|---|

نم/ دێچم بۆ زانکۆ. (ڕانەبردوو بۆ کاتی داهاتوو) .

*/ لە ڕووی ڕێزمانییەوە، لە چاوگی داڕێژراو بە پێشگر، بە پێشگرەکە دەوترێت (بەشی یەکەمی کار)، لە چاوگی لێکدراویش بە وشە واتادارەکە دەوترێت (بەشی یەکەمی کار).

*/ له شێوەزاری کرمانجیی ژووروودا، کاتێک کارێک دەدەینە پاڵ کەسەکان لە هەر چوار جۆرەکەی ڕابردووی ڕاگەیاندن، ئەگەر کارەکە (ڕابردووی تێپەڕ) بوو، کەسەکان بە هۆی جێناوی سەربەخۆی کۆمەڵەی (من) {من – مە، تە - وە، وی/ وێ – وان} دەبێت چونکە بۆ ڕابردووی تێپەڕ جێناوی لکاومان نییە واتە لە ڕابردووی تێپەڕدا جێناوی لکاو بۆ بەرکار دەگەڕێتەوە نەک بۆ بکەر، واتە ئەو ڕێژەیەی کار کە دروستمان کردووە شەش جار دەینووسینەوە و شەش جێناوە سەربەخۆکەی کۆمەڵەی (من) دەخەینە بەردەمی.

نم/ مـــــن نڤیسی (نووسیـم) – مە نڤیسی (نووسیـمان)

تـــــە نڤیسی (نووسیـت) – وە نڤیسی (نووسیـتان)

وی/ وێ نڤیسی (نووسیـی) – وان نڤیسی (نووسیـیان)

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی یەکەم (شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن)، لاپەڕە (١١- ١٢)

### ڕاهێنانی(١)، لاپەڕە(١١)

| ڕستە | کار | ڕێژەی کار لە شێوازی ڕاگەیاندن |
|---|---|---|
| -١ | خزمەت دەکات | شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن |
| -٢ | خواندبوو | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن |
| -٣ | گەیشت | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن |
| -٤ | چاپکردووە | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن |
| -٥ | ئاوەدان کراوەتەوە | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی بکەرنادیار |
| -٦ | ئاو دەدا | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن |
| -٧ | بەجێما | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن |

.......................................................................................................

### ڕاهێنانی(٢)، لاپەڕە(١١)

| چاوگ | شێوازی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن | شێوازی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن |
|---|---|---|
| ١- ڕاماڵین | ڕاماڵیوە | ڕادەماڵی |
| ٢- خولانەوە | خولاوەتەوە | دەخولایەوە |
| ٣- ئازادکردن | ئازاد کردووە | ئازاد دەکرد |

.......................................................................................................

### ڕاهێنانی(٣)، لاپەڕە(١١)

| کار | کار بە شێوەی نەرێ لە ڕستەدا |
|---|---|
| ١- خواست | کتێبەکەم نەخواست. |
| ٢- دەربازکردووە | ئەوانم دەربازنەکردووە. |
| ٣- جولایەوە | گەڵاکە نەجولایەوە. |
| ٤- نووسیبوو | نامەکەی نەنووسیبوو. |
| ٥- دادەخات | دەرگاکە داناخات. |

.......................................................................................................

راهێنانی(٤)، لاپەڕە(١٢)

١- شڤان ل بن کەپرێ نڤستییەØ.

شڤان/ ناوە، تاکە، ناسراوە، تایبەتییە، بەرجەستەیە، بکەرە.

ل بن کەپرێ/ گرێی هاوەڵکاری شوێنییە، تەواوکەری کارە.

نڤستییە/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە، تێنەپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.

Ø/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر (شڤان).

٢- شاناز ڕایەخەکەی چنی.

شاناز/ ناوە، تاکە، ناسراوە، تایبەتییە، بەرجەستەیە، بکەرە.

ڕایەخەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرجەستەیە، بەرکارە.

ی/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی یەکەم (م - مان)، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر (شاناز).

چنی/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، تێپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.

٣- ڕاسپاردەکەیان بۆ ئەوان ناردبوو.

ڕاسپاردەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرجەستەیە، گشتییە، بەرکارە.

یان/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ لە کۆمەڵەی یەکەم (م - مان)، بکەرە.

بۆ/ ئامرازی پەیوەندییە.

ئەوان/ جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.

ناردبوو/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنە، تێپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.

٤- گوندەکان ئاوەدان دەکرێنەوە.

گوندەکان/ ناوە، کۆیە، ناسراوە، گشتییە، جێگری بکەرە.

ئاوەدان دەکرێنەوە/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی بکەرنادیارە، تێپەڕە، لێکدراوە، ئەرێیە.

ن/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ لە کۆمەڵەی سێیەم (م - ین)، دەگەڕێتەوە بۆ جێگری بکەر (گوندەکان).

---

راهێنانی(٥)، لاپەڕە(١٢)

لە ڕستەی(هۆنراوەکانیان لەبەرکرد، ئینجا چوون بۆ قوتابخانە.)

١- لەبەرکرد/ شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە.

چوو/ شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە.

٢- لەبەرکرد ـــــ لەبەرکردووە

نم/ ئەو کراسەکەی لەبەرکردووە.

نم/ ئەو هۆنراوەکەی لەبەرکردووە.

٣- لەبەرکرد — لەبەردەکرد

چوو — دەچوو

نم/ هۆنراوەکانیان لەبەردەکرد، ئینجا دەچوون بۆ قوتابخانە.

٤- لەبەرکرد — لەبەردەکەن

چوو — دەچن

نم/ هۆنراوەکان لەبەردەکەن، ئینجا دەچن بۆ قوتابخانە.

٥- هۆنراوەکان/ ناوە، ناسراوە، کۆیە، گشتییە، بەرکارە.

---

# بابەتی دووەم: شێوازی ڕێژەی دانانی (ئینشائی، ئیلزامی):

## ٢- شێوازی ڕێژەی دانانی (ئینشائی):

- شێوازی دانانی: بریتییە لەو شێوازەی کە ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵە (خەبەر)ی کە دەیداتە پاڵ کەسێك یان شتێك نایدات بە دەستەوە، بەڵکو لە شێوەی گومان، ئارەزوو، ئاوات، یان مەبەستدا، واتاکەی دەردەکەوێت.

ـ شێوازی دانانی بە پێی کات دوو جۆرە:

### یەکەم/ شێوازی ڕابردووی دانانی:

ئەمیش سێ جۆرە:

### أ- شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی:

*/ نیشانەی تایبەتی هەیە، کە بریتییە لە (با).

یاساکەی/

قەد (شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) + با

نم/ تێنەپەڕ

| | |
|---|---|
| کەوتبا | (سادە) |
| گەڕابایەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| هەڵکەوتبا | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| پێش کەوتبا | (لێکدراو) |

نم/ تێپەڕ

| | |
|---|---|
| خواردبا | (سادە) |
| کردبایەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| ڕاهێنابا | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| دروست کردبا | (لێکدراو) |

*/ لە چاوگی داڕێژراو بە پاشگری (ەوە)، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی، بە دوو شێوە دروست دەبێت:

١- ناوبەندی (ی) لە نێوان نیشانەی (با) و پاشگری (ەوە) دادەنرێت، بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نەیەن. بە ڕای من ئەمەیان دروستتر و ڕێزمانیترە.

نم/ دۆزینەوە ← دۆزی + با + ی + ەوە ← دۆزیبایەوە (زیاتر لە زمانی نووسین بەکاردێت.)

٢- ناوبەندی (ی) دانانێین، بەڵام بزوێنی (ە)ی سەرەتای پاشگری (ەوە) لادەبەین، بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نەیەن.

نم/ دۆزینەوە ← دۆزی + با + وە ← دۆزیباوە (زیاتر لە زمانی قسەکردن بەکاردێت.)

### ب- شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی:

*/ نیشانەی تایبەتی هەیە، کە بریتییە لە (بێت).

یاساکەی/

| |
|---|
| قەد (شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) + بێت |

نم/ تێنەپەڕ

| | |
|---|---|
| کەوتبێت | (سادە) |
| گەڕابێتەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| هەڵکەوتبێت | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| پێش کەوتبێت | (لێکدراو) |

نم/ تێپەڕ

| | |
|---|---|
| خواردبێت | (سادە) |
| کردبێتەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| ڕاهێنابێت | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| دروست کردبێت | (لێکدراو) |

### ج- شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی:

*/ نیشانەی تایبەتی هەیە، کە بریتییە لە (بووبا).

یاساکەی/

| |
|---|
| قەد (شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) + بووبا |

یان یاساکەی/

| |
|---|
| شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن + با |

نم/ تێنەپەڕ

| | |
|---|---|
| کەوتبووبا | (سادە) |
| گەڕابووبایەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| هەڵکەوتبووبا | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| پێش کەوتبووبا | (لێکدراو) |

نم/ تێپەڕ

| | |
|---|---|
| خواردبووبا | (سادە) |
| کردبووبایەوە | (داڕێژراو بە پاشگر) |
| ڕاهێنابووبا | (داڕێژراو بە پێشگر) |
| دروست کردبووبا | (لێکدراو) |

*/ لە چاوگی داڕێژراو بە پاشگری (ەوە)، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی، بە دوو شێوە دروست دەبێت:

١- ناوبەندی (ی) لە نێوان نیشانەی (بووبا) و پاشگری (ەوە) دادەنرێت، بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نەیەن. بە ڕای من ئەمەیان دروستتر و ڕێزمانیترە.

نم/ دۆزینەوە ← دۆزی + بووبا + ی + ەوە ← دۆزیبووبایەوە (زیاتر لە زمانی نووسین بەکاردێت.)

٢- ناوبەندی (ی) دانانێین، بەڵام بزوێنی (ە)ی سەرەتای پاشگری (ەوە) لادەبەین، بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نەیەن.

نم/ دۆزینەوە ← دۆزی + بووبا + وە ← دۆزیبووباوە (زیاتر لە زمانی قسەکردن بەکاردێت.)

*/ لە کارە تێپەڕەکان، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دانانی بە هەر سێ جۆرەکەیەوە، کارەکان لە شێوەی (کاری بکەرنادیار)یش دروست دەبێت:

نم/ خۆزگە نامەکان نووسرابان.

*/ شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دانانی بە هەرسێ جۆرەکەیەوە، بە بکەردیار و بکەرنادیارەوە بە هۆی ئامرازی نەرێی (نە)وە نەرێ دەکرێت.

نم/ کەوتبا ← نەکەوتبا، ...هتد

نم/ خانووەکە دروست کرابا Ø. ← خانووەکە دروست نەکرابا Ø.

## دووەم/ شێوازی ڕانەبردووی دانانی:

*/ یەك یاسا و یەك شێوە و جۆری هەیە.

*/ هەمیشە جێناوەکانی کۆمەڵەی (٣) لەگەڵیدا بەکاردێت.

یاساکەی/

| ب + ڕەگ + کۆمەڵەی (٣) |
|---|

*/ ئەگەر کارە ڕانەبردووە دانانییەکە، سادە یان داڕێژراو بە پاشگری (ەوە) بوو، ئەوا هەمیشە نیشانەی (ب) دەکەوێتە پێش ڕەگ، بەڵام ئەگەر کارە ڕانەبردووە دانانییەکە، داڕێژراو بە پێشگر یان لێکدراو بوو، ئەوا هەمیشە نیشانەی (ب) دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە و پێش ڕەگ.

نم/ تێنەپەڕ

بکەوم (سادە)
بگەڕێـــمـــەوە (داڕێژراو بە پاشگر)
هەڵبکەوم (داڕێژراو بە پێشگر)
پێش بکەوم (لێکدراو)
نم/ تێپەڕ
بخوات (سادە)
بکەینەوە (داڕێژراو بە پاشگر)
ڕابهێنم (داڕێژراو بە پێشگر)
دروست بکەین (لێکدراو)

*/ لە کارە تێپەڕەکان، شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی، کارەکان لە شێوەی (کاری بکەرنادیار)یش دروست دەبێت:

نم/ دەبێت خانووەکان بفرۆشرێـــن.

*/ شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی، بە بکەردیار و بکەرنادیارەوە بە هۆی ئامرازی نەرێی (نە)وە نەرێ دەکرێت، لە شوێنی نیشانەی (ب) دادەنرێت.

نم/ بکەوم ← نەکەوم ...هتد

نم/ بفرۆشرێت ← نەفرۆشرێت.

*/ ئەگەر ئامرازی (نە)، (ڕەگ)ی نەرێ کرد واتە (نە+ ڕەگ)، هەمیشە ئەو کارە شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانییە.

*/ لە شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانیدا ئەگەر کارەکە (داڕێژراو بە پێشگر) یان (لێکدراو) بوو، ئەوا دەتوانین نیشانەی (ب) لابەین بۆ ئاسانی دەربڕین، بەڵام باشتر و ڕێزمانی ترە کە لە هەموو کاتێکدا بینووسین.

نم/ هەڵکەوتن ← هەڵبکەوین ← هەڵکەوین

نم/ دروست کردن ← دروست بکەین ← دروست کەین

*/ لەگەڵ شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دانانی و ڕانەبردووی دانانی، هەمیشە هەندێك (کاری یاریدەدەر) یان هەندێك (وشەی تایبەت) بە کاردێت بۆ ئەوەی ڕستەکە بەتەواوی واتا ببەخشێت، کە زۆربەی جار دەکەونە سەرەتای ڕستە دانانییەکەوە. کە ئەمانەن:

کارە یاریدەدەرەکان:

١ دەبێت (دەبوو، دەبووایە، ...) ← کاری یاریدەدەرن بۆ (پێویستی) بەکاردێن.

٢- دەمەوێ ← کاری یاریدەدەرە بۆ (ویستن) بەکاردێت.

٣- دێم ← کاری یاریدەدەرە بۆ (مەبەست) بەکاردێت.

٤- دەوێرم ← کاری یاریدەدەرە بۆ (وێران و توانین) بەکاردێت.

نم/ دەبێت وانەکە لەبەربکەم.

وشە تایبەتەکان:

١- خۆزگە ← وشەیەکە بۆ (ئاوات و ئارەزوو) بەکاردێت.

٢- بریا ← وشەیەکە بۆ (ئاوات و ئارەزوو) بەکاردێت.

٣- ڕەنگە ← وشەیەکە بۆ (شک و گومان) بەکاردێت.

٤- لەوانەیە ← وشەیەکە بۆ (شک و گومان) بەکاردێت.

٥- خوایە ← وشەیەکە (ناوی تایبەتە) بۆ (دوعا و پاڕانەوە) بەکاردێت.

٦- کاشکی (کاشکێ، ...) ← وشەیەکە بۆ (ئاوات و ئارەزوو) بەکاردێت.

نم/ خۆزگە نامەکەت نووسیبا.

*/ لە کاتی گۆڕینی ڕستەی دانانی بۆ شێوازی (ڕاگەیاندن) یان (داخوازی)، ئەوا کاری یاریدەدەر یان وشە تایبەتەکە لادەبەین و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، واتە ئەگەر ڕستەی ڕاگەیاندن یان داخوازی بگۆڕین بۆ دانانی دەبێ ئەوانە دابنرێنەوە.

*/ لە دۆخی ئەرێدا تەنیا جیاوازی لە نێوان شێوازی ڕێژەی (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) و (ڕانەبردووی دانانی) لە نیشانەکەیاندایە کە یەکەمیان نیشانەکەی (دە) یە و دووەمیان نیشانەکەی (ب)ە.

نم/ دەچم ← بچم

بەڵام لە دۆخی نەرێدا یەکەمیان بە ئامرازی (نا) و دووەمیان بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێن.

نم/ دەچم ← ناچم

نم/ بچم ← نەچم

*/ لە شێوەزاری کرمانجیی ژووروودا، کاتێک کارێک دەدەینە پاڵ کەسەکان لە هەر سێ جۆرەکەی ڕابردووی دانانی، ئەگەر کارەکە (ڕابردووی تێپەڕ) بوو، کەسەکان بە هۆی جێناوی سەربەخۆی کۆمەڵەی (من) {من – مە، تە - وە، وی/ وێ – وان} دەبێت چونکە بۆ ڕابردووی تێپەڕ جێناوی لکاومان نییە واتە لە ڕابردووی تێپەڕدا جێناوی لکاو بۆ بەرکار دەگەڕێتەوە نەک بۆ بکەر، واتە ئەو ڕێژەیەی کار کە دروستمان کردووە شەش جار دەینووسینەوە و شەش جێناوە سەربەخۆکەی کۆمەڵەی (من) دەخەینە بەردەمی.

نم/ مـــــن نڤیسیبا (نووسیبام) – مە نڤیسیبا (نووسیبامان)

تــــــە نڤیسیبا (نووسیبات) – وە نڤیسیبا (نووسیباتان)

وی/ وێ نڤیسیبا (نووسیبای) – وان نڤیسیبا (نووسیبایان)

پ/ جیاوازیی نێوان شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن و شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی چییە؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە.

و/

**شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن**

١- لە ڕووی پێکهاتن و یاساوە بەم شێوەیە پێک دێت: (دە + ڕەگ + ک٣).

٢- بە هۆی نیشانەی (نا)، نەرێ دەکرێت.

٣- بۆ خەبەردان لە کار و حاڵی کەسێک یان شتێک بەکاردێت، گومان لەوەدا نییە کارەکە گەیشتووەتە ئەنجام یان نا.

٤- پێویستی بە وشەی تایبەت یان کاری یاریدەدەر نییە لە ڕستەدا.

٥- نم/ نامەکە دەنووسم.

**شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی**

١- لە ڕووی پێکهاتن و یاساوە بەم شێوەیە پێک دێت: (ب + ڕەگ + ک٣).

٢- بە هۆی نیشانەی (نە)، نەرێ دەکرێت.

٣- لە شێوەی گومان، ئارەزوو، ئاوات یان مەبەستدا دەردەکەوێت.

٤- پێویستی بە وشەی تایبەت یان کاری یاریدەدەر هەیە لە ڕستەدا.

٥- نم/ دەبێت نامەکە بنووسم.

- کاری یاریدەدەر: ئەو کارەیە، کە لە ڕستەدا لە پاڵ کارێکی سەرەکیی سەربەخۆ یان چاوگێک دێت، بۆ دیاریکردنی مەبەستێک و دەبێتە هۆی تەواوکردنی مانای کارەکە یان چاوگەکە.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیكاری ڕاهێنانەكانی بابەتی دووەم (شێوازی ڕێژەی دانانی)، لاپەڕە (١٧)

ڕاهێنانی(١)، لاپەڕە(١٧)

| ڕستە | كار | ڕێژە و شێوازی كار |
| --- | --- | --- |
| -١ | هەڵبكەی (یت) | شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی |
| | بماڵێ (ێت) | شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی |
| -٢ | دیتبام | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیكی دانانی |
| | وەرگرتبا | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیكی دانانی |
| -٣ | چووباین | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیكی دانانی |
| | پێیان دەزانی | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن |
| -٤ | هاتبێتن | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی |
| | ڕۆیشتبێتن | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی |
| -٥ | بچێت | شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی |
| | وشكی دەكات | شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن |
| -٦ | پێشكەوتبا | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیكی دانانی |

.......................................................................................

ڕاهێنانی(٢)، لاپەڕە(١٧)

(دەبێت ژینگە بپارێزین.)

١- (دەبێت)/ كاری یاریدەدەرە، مەبەستی (پێویستی) دەگەیەنێت لە شێوازی دانانی.

٢- (بپارێزین) لە شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی دایە، لە (ب + پارێز + ین) دروستكراوە. واتە {نیشانەی (ب) + ڕەگ + جێناوی لكاو}.

٣- بپارێزین ← پاراستبامان

٤- بپارێزین ← دووەمی تاك ← بپارێزیت

بپارێزین ← سێیەمی كۆ ← بپارێزن

٥- كاری یاریدەدەری (دەبێت) لادەبەین و نیشانەی (ب) دەكەین بە (دە).

(ژینگە دەپارێزین.) ← شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

.......................................................................................

## ڕاهێنانی(٣)، لاپەڕە(١٧)

| کار | ڕێژەی کار |
|---|---|
| ١- نەپاراستبا | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانیی نەرێ. |
| ٢- هاتبا | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانیی ئەرێ. |
| ٣- گەیاندبووبا | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانیی ئەرێ. |
| ٤- ئاگادارکردبێتەوە | شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانیی ئەرێ. |
| ٥- بخوازێت | شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانیی ئەرێ. |

.........................................................................................................

## ڕاهێنانی (٤)، لاپەڕە(١٧)

١- خۆزگە باران باریبا Ø.

خۆزگە/ وشەی تایبەتە بۆ مەبەستی (ئاوات و ئارەزوو) لە شێوازی دانانی بەکاردێ.

باران/ ناوە، بکەرە.

باریبا/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانییە، تێنەپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.

Ø/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر (باران).

٢- دەبێت کورد پێش بکەوێت.

دەبێت/ کاری یاریدەدەرە بۆ مەبەستی (پێویستی) لە شێوازی دانانی بەکاردێ.

کورد/ ناوە، بکەرە.

پێش بکەوێت/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانییە، تێنەپەڕە، لێکدراوە، ئەرێیە.

ێت/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی سێیەم، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر (کورد).

---

## بابەتی سێیەم: ڕێژەی کار:

- ڕێژەی کار: بریتییە لەو شێوەیەی کە کار بە پێی کات و کەس و ژمارەی کەس لە گەردانکردندا دەردەکەوێت.

*/ دەم (کات): ١- ڕابردوو
٢- ڕانەبردوو

کەس: ١- یەکەم
٢- دووەم
٣- سێیەم

ژمارەی کەس: ١- تاك
٢- کۆ

*/ بە هەر یەکێک لە شێوەکانی کار، پاش وەرگرتنی جێناوی لکاو، دەوترێت (ڕێژەی کار).

| نم/ تێنەپەر | نم/ تێپەڕ |
|---|---|
| کەوتم - کەوتین | خواردم - خواردمان |
| کەوتیت - کەوتن | خواردت - خواردتان |
| کەوتØ - کەوتن | خواردی - خواردیان |

*/ کار شەش ڕێژەی هەیە، واتە هەر کارێك شەش (٦) ڕێژە وەردەگرێت. جگە لە کاری داخوازی، کە تەنیا دوو (٢) ڕێژەی هەیە.

*/ لە ڕێژەی کاردا هەمیشە جێناوە لکاوەکان دەبن بە (بکەر).

---

### یەکەم/ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ:

١- کۆمەڵەی دووەم (م - ین، یت - ن، Ø - ن) لەگەڵ ئەم جۆرە کارەدا بەکاردێت لە دەوری بکەردا.

٢- ئەم جێناوانەی کۆمەڵەی دووەم هەمیشە دەکەونە کۆتاییی کارەکە (قەد و نیشانەکە)، بێجگە لە (ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن)، ئەریّ بێ یان نەریّ، (سادە، داڕێژراو بە پاشگری (ەوە)، داڕێژراو بە پێشگر، لێکدراو) بێ، ڕاگەیاندن یان دانانی بێ.

٣- لە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن جێناوەکان، نیشانەکە (ووە/ وە) کەرت دەکەن و دەچنە نێوانیانەوە.

نم/

ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن

کەوتم - کەوتین

کەوتیت - کەوتن

کەوتØ - کەوتن

ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن

دەکەوتم - دەکەوتین

دە کەوتیت - دەکەوتن

دەکەوتØ - دەکەوتن

ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن

کەوتوومە - کەوتووینە

کەوتوویتە - کەوتوونە

کەوتووØ ە (کەوتووە)- کەوتوونە

*/ هەندێ جار لە شێوەزاری سلێمانی لە کاتی ئاخاوتندا لە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن، بزوێنی(ە)ی نیشانەی (وە/ووە) لادەچێت، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا بزوێنی (ە) دەمێنێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە جێناوەکە لە کەسی سێیەمی تاکدا سفرە (Ø):

- کەوتووم - کەوتووین

کەوتوویت - کەوتوون

کەوتووە Ø - کەوتوون

ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن

کەوتبووم - کەوتبووین

کەوتبوویت - کەوتبوون

کەوتبووØ - کەوتبوون

ڕابردووی نزیکی دانانی

کەوتبام - کەوتباین

کەوتبایت - کەوتبان

کەوتباØ - کەوتبان

ڕابردووی تەواوی دانانی

کەوتبێتم - کەوتبێتین

کەوتبێتیت - کەوتبێتن

کەوتبێتØ - کەوتبێتن

ڕابردووی دووری دانانی

کەوتبووبام - کەوتبووباین

کەوتبووبایت - کەوتبووبان

کەوتبووباØ - کەوتبووبان

نم/

کەوتم (سادە) ← نەکەوتم ( سادە)، (نەرێ)

جولاْمەوە (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە})← نەجولاْمەوە (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە})، (نەرێ)

هەڵکەوتم (داڕێژراو بە پێشگر) ← هەڵ نەکەوتم (داڕێژراو بە پێشگر)، (نەرێ)

پێش کەوتم ( لێکدراو) ← پێش نەکەوتم ( لێکدراو)، (نەرێ)

*/ ئەگەر کارەکە داڕێژراو بوو بە پاشگری (ەوە)، ئەوا هەمیشە جێناوە لکاوەکە دەکەوێتە پێش پاشگرەکە، بە واتایەکی تر هەمیشە پاشگری (ەوە) دەکەوێتە کۆتاییی کارەکە، لەهەموو حاڵەتێکدا.

نم/

جولاْنەوە←١- جولاْمەوە،٢- دەجولاْمەوە، ٣- جولاْومەتەوە، ٤- جولاْبوومەوە، ٥- جولاْبامەوە، ٦- جولاْبێتمەوە، ٧- جولاْبووبامەوە

پ/ کەی یان (لەگەڵ چ جۆرە کارێکدا) جێناوی لکاوی ڕێژەی کار بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکارناهێنرێت (دەرناکەوێت)؟ بۆچی؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە.

و/

لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکارناهێنرێت (دەرناکەوێت).

چونکە جێناوەکە هێمای نییە واتە سفرە (Ø). نم/ چوون ← چووØ

---

## دووەم/ کاری ڕابردووی تێپەڕ:

*/ کۆمەڵەی یەکەم (م ـ مان، ت ـ تان، ی ـ یان) لەگەڵ ئەم جۆرە کارەدا بەکاردێت لە دەوری بکەردا، بەم شێوەیە:

أ- ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن: لەم دەمەدا هەمیشە جێناوی لکاو دەکەوێتە کۆتاییی کارەکە (قەد)، ئەگەر (سادە) یان (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، ئەرێش بێ.

| نم/ هێنان (سادە) | نم/ خوێندنەوە (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) |
|---|---|
| هێنام – هێنامان | خوێندمەوە - خوێندمانەوە |
| هێنات – هێناتان | خوێندتەوە - خوێندتانەوە |
| هێنای - هێنایان | خوێندیەوە - خوێندیانەوە |

ب- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن: لەم دەمەدا جێناوی لکاو دەکەوێتە دوای نیشانەی (دە)، ئەگەر کارەکە (سادە) یان (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، ئەریش بێ.

نم/ خوێندن (سادە) — نم/ دۆزینەوە (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە})

دەم خوێند - دەمان خوێند — دەم دۆزییەوە - دەمان دۆزییەوە

دەت خوێند - دەتان خوێند — دەت دۆزییەوە - دەتان دۆزییەوە

دەی خوێند - دەیان خوێند — دەی دۆزییەوە - دەیان دۆزییەوە

ج- ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن: لەم دەمەدا جێناوی لکاو دەکەوێتە نێوان نیشانەی (ووە/ وە) و کەرتی دەکات، ئەگەر کارەکە (سادە) یان (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، ئەریش بێ.

نم/ خوێندن (سادە) — نم/ دۆزینەوە (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە})

خوێندوومە - خوێندوومانە — دۆزیومەتەوە - دۆزیومانەتەوە

خوێندووتە - خوێندووتانە — دۆزیوتەتەوە - دۆزیوتانەتەوە

(خوێندوویە) خوێندوویەتی - خوێندوویانە — دۆزیویەتەوە (دۆزیویەتییەوە) - دۆزیویانەتەوە

د- ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن: لەم دەمەدا جێناوی لکاو دەکەوێتە کۆتاییی نیشانەی (بوو)، ئەگەر (سادە) یان (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، ئەریش بێ.

نم/ خوێندن (سادە) — نم/ خوێندنەوە (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە})

خوێندبووم - خوێندبوومان — خوێندبوومەوە - خوێندبوومانەوە

خوێندبووت - خوێندبووتان — خوێندبووتەوە - خوێندبووتانەوە

خوێندبووی - خوێندبوویان — خوێندبوویەوە - خوێندبوویانەوە

ـ لە هەر سێ جۆرەکەی ڕابردووی دانانیدا، ئەگەر (سادە) یان (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، ئەریش بێ، ئەوا هەمیشە جێناوی لکاو دەچێتە کۆتاییی نیشانەکانی (با، بێت، بووبا).

نم/ خوێندن (سادە) — نم/ خوێندنەوە (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە})

ڕابردووی نزیکی دانانی — ڕابردووی نزیکی دانانی

خوێندبام - خوێندبامان — خوێندبامەوە - خوێندبامانەوە

خوێندبات - خوێندباتان — خوێندباتەوە - خوێندباتانەوە

خوێندبای - خوێندبایان — خوێندبایەوە - خوێندبایانەوە

ڕابردووی تەواوی دانانی — ڕابردووی تەواوی دانانی

خوێندبێتم - خوێندبێتمان — خوێندبێتمەوە - خوێندبێتمانەوە

خوێندبێتت - خوێندبێتتان — خوێندبێتتەوە - خوێندبێتتانەوە

خوێندبێتی - خوێندبێتیان — خوێندبێتیەوە - خوێندبێتیانەوە

ڕابردووی دووری دانانی ـ ڕابردووی دووری دانانی

خوێندبووبام ـ خوێندبووبامان ـ خوێندبووبامەوە ـ خوێندبووبامانەوە

خوێندبووبات ـ خوێندبووباتان ـ خوێندبووباتەوە ـ خوێندبووباتانەوە

خوێندبووبای ـ خوێندبووبایان ـ خوێندبووبایەوە ـ خوێندبووبایانەوە

*/ ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (داڕێژراو بە پێشگر) یان لێکدراو بوو، لە شێوەی ئەرێشدا بێ، لە هەر حەوت جۆرەکەی ڕابردووی (ڕاگەیاندن و دانانی) جێناوی لکاو دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

| نم/ هەڵخستن | نم/ دروستکردن |
|---|---|
| هەڵمان خست | دروستمان کرد |
| هەڵمان دەخست | دروستمان دەکرد |
| هەڵمان خستووە | دروستمان کردووە |
| هەڵمان خستبوو | دروستمان کردبوو |
| هەڵمان خستبا | دروستمان کردبا |
| هەڵمان خستبێت | دروستمان کردبێت |
| هەڵمان خستبووبا | دروستمان کردبووبا |

*/ ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە:

١- (سادە) یان (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، لە شێوەی نەرێشدا بێ، لە هەر حەوت جۆرەکەی ڕابردووی (ڕاگەیاندن و دانانی) جێناوی لکاو دەکەوێتە کۆتاییی ئامرازی نەرێی (نە)وە.

| نم/ خوێندن | نم/ کردنەوە |
|---|---|
| نەمان خوێند | نەمان کردەوە |
| نەمان دەخوێند | نەمان دەکردەوە |
| نەمان خوێندووە | نەمان کردووەتەوە |
| نەمان خوێندبوو | نەمان کردبووەوە |
| نەمان خوێندبا | نەمان کردبایەوە |
| نەمان خوێندبێت | نەمان کردبێتەوە |
| نەمان خوێندبووبا | نەمان کردبووبایەوە |

٢- (داڕێژراو بە پێشگر) یان لێکدراو بوو، لە شێوەی نەرێشدا بێ، لە هەر حەوت جۆرەکەی ڕابردووی (ڕاگەیاندن و دانانی) جێناوی لکاو دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

| نم/ هەڵخستن | نم/ دروستکردن |
| --- | --- |
| هەڵمان نەخست | دروستمان نەکرد |
| هەڵمان نەدەخست | دروستمان نەدەکرد |
| هەڵمان نەخستووە | دروستمان نەکردووە |
| هەڵمان نەخستبوو | دروستمان نەکردبوو |
| هەڵمان نەخستبا | دروستمان نەکردبا |
| هەڵمان نەخستبێت | دروستمان نەکردبێت |
| هەڵمان نەخستبووبا | دروستمان نەکردبووبا |

*/ ئەگەر بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە، وشەیەکی لێکدراو بوو، جێناوی لکاو دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە (وشە لێکدراوەکە).

نم/ دەست نیشان کردن

دەست نیشانم کرد - دەست نیشانمان کرد

دەست نیشانت کرد - دەست نیشانتان کرد

دەست نیشانی کرد - دەست نیشانیان کرد

*/ لە شێوەزاری کرمانجیی ژووروودا لە جیاتی جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەمی کرمانجیی خـــــــواروو (م ـ مان، ت ـ تان، ی ـ یان)، جێناوی کەسیی سەربەخۆی کۆمەڵەی (من) (من ـ مە، تە ـ وە ، وی/ وێ ـ وان) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ بەکاردێت و دەبێتە بکەر و دەکەوێتە پێش قەدەکەش .

| نم/ نڤیسین | نم/ نووسین |
| --- | --- |
| مـــــن نڤیسی ـ مە نڤیسی | نووسیم ـ نووسیمان |
| تـــــە نڤیسی ـ وە نڤیسی | نووسیت ـ نووسیتان |
| وی/ وێ نڤیسی ـ وان نڤیسی | نووسیی ـ نووسییان |

.................................................................................................

## سێیەم/ کاری ڕانەبردووی (تێنەپەڕ و تێپەڕ):

١- کۆمەڵەی سێیەم (م ـ ین، یت ـ ن، (ات/ ێت ـ ن) لەگەڵ ئەم جۆرە کارەدا بەکاردێت لە دەوری بکەردا.

٢- ئەم جێناوانەی کۆمەڵەی سێیەم هەمیشە دەکەونە کۆتاییی کارەکە (ڕەگ). ئەرێ بێ یان نەرێ، (سادە، داڕێژراو بە پاشگری(ەوە)، داڕێژراو بە پێشگر، لێکدراو) بێ، ڕاگەیاندن یان دانانی بێ.

| | |
|---|---|
| نم/ تێنەپەڕ، ڕاگەیاندن | نم/ تێپەڕ، ڕاگەیاندن |
| دەکەوم ـ دەکەوین | دەخەم ـ دەخەین |
| دەکەویت ـ دەکەون | دەخەیت ـ دەخەن |
| دەکەوێت ـ دەکەون | دەخات ـ دەخەن |
| نم/ تێنەپەڕ، دانانی | نم/ تێپەڕ، دانانی |
| بکەوم ـ بکەوین | بخەم ـ بخەین |
| بکەویت ـ بکەون | بخەیت ـ بخەن |
| بکەوێت ـ بکەون | بخات ـ بخەن |

نم/

دەکەوم ← ناکەوم (نەرێ)

بـــکەوم ← نەکەوم (نەرێ)

*/ لە شێوەزاری کرمانجیی ژووروودا، لە جیاتی نیشانەی (دە)ی ڕانەبردوو، نیشانەی (د) بۆ کاتی ئێستا و نیشانەی (دێ) بۆ کاتی داهاتوو بەکاردێت.

نم/

دچـــم ← بۆ کاتی ئێستا

دێ چم ← بۆ کاتی داهاتوو

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،,

شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی سێیەم (ڕێژەی کار)،
لاپەڕە (٢٥)

ڕاهێنانی (١)، لاپەڕە (٢٥)

کار بە پێی دەم و کەس شەش ڕێژە وەردەگرێت.

١- بەست/ ڕابردووی تێپەڕە، سادەیە، ئەرێیە، ک ١= بکەر.

بەستـــــــــــم - بەستـــــــــــمان

بەستـــــــــــت - بەستـــــــــــتان

بەستـــــــــــی - بەستـــــــــــیان

٢- چووبا/ ڕابردووی تێنەپەڕە، سادەیە، ئەرێیە، ک ٢= بکەر.

چووبام – چووباین

چووبایت – چووبان

چووبا Ø - چووبان

.............................................................................................................

ڕاهێنانی (٢)، لاپەڕە (٢٥)

١- جێناوی لکاوی ڕێژەی کار لە دەوری بکەر لە دوو حاڵەتدا دەکەوێتە نێوان ئەم نیشانەیە (وە)، بەم شێوەیە:

أ- لە کاتێکدا کارەکە لە ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی تێنەپەڕدا بێت لە هەموو شێوەکانیدا، قەدی کارەکەش کۆتایی بە پیتی (ا، وو، ی) هاتبێت.

نم/ وەستان ـــــــــ وەستا ـــــــــ ک ٢= بکەر

وەستاومـــــە - وەستاوینـــە

وەستاویتـــــە - وەستاونـــە

وەستاو Ø ە - وەستاونـــە

ب- لە کاتێکدا کارەکە لە ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی تێپەڕدا بێت، ئەرێ بێ، سادە یان دارێژراو بە پاشگری (ەوە) بێ، بەرکار باس نەکرابێ، قەدی کارەکەش کۆتایی بە پیتی (ا، وو، ی) هاتبێت.

نم/ نووسین ـــــــــ نووسی ـــــــــ ک ١= بکەر

نووسیومـــــە - نووسیومانـــە

نووسیوتـــــە - نووسیوتانـــە

نووسیویـــــە (نووسیویەتی) - نووسیویانـــە

٢- ئەم جێناوانەی کۆمەڵەی سێیەم (م – ین، یت – ن، ێت/ ات – ن) کاتێک بەکاردێن بۆ ڕێژەی کار لە دەوری بکەر کە کارەکە ڕانەبردووی (ڕاگەیاندن و دانانی)، (تێپەڕ و تێنەپەڕ) بێت لە هەموو شێوەکانیدا.

نم/ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، تێنەپەڕ، سادە، ئەرێ

دەچم – دەچین

دەچیت – دەچن

دەچێت – دەچن

نم/ ڕانەبردووی دانانی، تێنەپەڕ، سادە، ئەرێ

بچم – بچین

بچیت – بچن

بچێت – بچن

نم/ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، تێپەڕ، سادە، ئەرێ

دەخۆم – دەخۆین

دەخۆیت – دەخۆن

دەخوات – دەخۆن

نم/ ڕانەبردووی دانانی، تێپەڕ، سادە، ئەرێ

بخۆم – بخۆین

بخۆیت – بخۆن

بخوات – بخۆن

.....................................................................................................

## ڕاهێنانی (٣)، لاپەڕە (٢٥)

١-

أ- دەڕشت/ جێناوی کەسیی لکاوی ڕێژەی کار بە پێی کەس و ژمارە دەکەوێتە دوای نیشانەی (دە)، چونکە کارەکە ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە و تێپەڕە و سادەیە و ئەرێیە، کۆمەڵەی یەکەمیش (م – مان) وەردەگرێت.

دەم ڕشت – دەمان ڕشت

دەت ڕشت – دەتان ڕشت

دەی ڕشت – دەیان ڕشت

ب- دەهات/ جێناوی کەسیی لکاوی ڕێژەی کار بە پێی کەس و ژمارە دەکەوێتە کۆتاییی کار (قەد)ەکە، چونکە کارەکە ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە و تێنەپەڕە، کۆمەڵەی دووەمیش وەردەگرێت.

دەهاتم – دەهاتین

دەهاتیت – دەهاتن

دەهاتØ – دەهاتن

٢- کاتێک کار تێپەڕ بێ و داڕێژراو بە پێشگر یان لێکدراو بێ، جێناوی لکاوی ڕێژەی کار واتە کۆمەڵەی یەکەم (م – مان) لە دەوری بکەر دەچێتە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارەکە، لە هەموو دەمەکانی کاری ڕابردوودا هەیە (هەر حەوت جۆرەکەی ڕابردووی ڕاگەیاندن و دانانی، ئەرێ و نەرێ).

نم/

| داڕێژراو بە پێشگر | لێکدراو |
| --- | --- |
| دامان خست | دروستمان کرد |
| دامان دەخست | دروستمان دەکرد |
| دامان خستووە | دروستمان کردووە |
| دامان خستبوو | دروستمان کردبوو |
| دامان خستبا | دروستمان کردبا |
| دامان خستبێت | دروستمان کردبێت |
| دامان خستبووبا | دروستمان کردبووبا |

٣- بەڵێ، لە کاتێکدا کارەکە ڕابردووی تێپەڕ بێ و سادە یان داڕێژراو بە پاشگری (ەوە)ش بێ، جێناوی لکاوی ڕێژەی کار لە کۆمەڵەی یەکەم لە هەر حەوت دەمەکەی ڕابردووی تێپەڕ، بەرکاریش باس نەکرابێ، دەچێتە دوای ئامڕازی نەرێی (نە).

نم/ نەمان نووسی

نەمان دەنووسی

نەمان نووسیوە

نەمان نووسیبوو

نەمان نووسیبا

نەمان نووسیبێت

نەمان نووسیبووبا

.......................................................................................................

## ڕاهێنانی (٤)، لاپەڕە (٢٥)

| کار | ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن | ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی |
| --- | --- | --- |
| ١- چاپکردەوە ڕابردووی تێپەڕە، لێکدراوە، ک ١ | چاپکردووەتەوە<br>چاپم کردووەتەوە - چاپمان کردووەتەوە<br>چاپت کردووەتەوە - چاپتان کردووەتەوە<br>چاپی کردووەتەوە - چاپیان کردووەتەوە | چاپکردبێتەوە<br>چاپم کردبێتەوە - چاپمان کردبێتەوە<br>چاپت کردبێتەوە - چاپتان کردبێتەوە<br>چاپی کردبێتەوە - چاپیان کردبێتەوە |
| ٢- پێداچووەوە ڕابردووی تێنەپەڕە، داڕێژراو بە پێشگر، ک ٢ | پێداچوووەتەوە ← ( پێداچووەتەوە )<br>پێداچوومەتەوە - پێداچووینەتەوە<br>پێداچوویتەوە - پێداچوونەتەوە<br>پێداچوو Ø ەتەوە - پێداچوونەتەوە | پێداچووبێتەوە<br>پێداچووبێتمەوە - پێداچووبێتینەوە<br>پێداچووبێتیتەوە - پێداچووبێتنەوە<br>پێداچووبێتØەوە - پێداچووبێتنەوە |

---

# بابەتی چوارەم: شێوازی ڕێژەی داخوازی (ئەمری):

## ٣- شێوازی ڕێژەی داخوازی (ئەمری):

- شێوازی داخوازی: بریتییە لەو ڕێژەیەی کە قسەکەر (کەسی یەکەم) بە شێوەی داوا و فەرمان، داوا لە گوێگر (کەسی دووەمی تاك، کەسی دووەمی کۆ) دەکات بۆ بەجێهێنان یان بەجێنەهێنانی کارێك.

*/ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی چوارەم (ە - ن)، لە کاری داخوازی دەبن بە بکەر.

*/ کاری داخوازی یەک جۆر و شێوەی هەیە.

*/ کاری داخوازی نیشانەی هەیە، بریتییە لە (ب) کە هەمیشە دەکەوێتە پێش ڕەگ.

یاساکەی/

| ب + ڕەگ + کۆمەڵەی چوارەم ( ە / ن) |
|---|

نم/ تێنەپەڕ — نم/ تێپەڕ

بکەوە ـ بکەون — بنووسە ـ بنووسن

## ـ هەندێك خاڵی گرنگ لەسەر شێوازی ڕێژەی داخوازی (ئەمری):

١- ئەگەر ڕەگەکە بە پیتی (نەبزوێن) کۆتایی هاتبوو، ئەوا بەبێ گرفت هەردوو جێناوی لکاوی (ە- ن) وەردەگرێت.

نم/ بنووسە ـ بنووسن

٢- ئەگەر ڕەگەکە بە پیتی (بزوێن) کۆتایی هاتبوو، ئەوا جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك (ە) لە دەوری بکەر دەرناکەوێت، واتە دەبێت بە سفر (Ø)، چونکە دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نایەن. بەڵام جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ (ن) دەردەکەوێت.

نم/

خستن ← خە ← (ە) ← بخەØ - بخەن

گریان ← گری ← (ی) ← بگریØ - بگرین

*/ ب + گری + ە ← بگریە (لە هەندێ ناوچە بە کاردێت.)

خواردن ← خۆ ← (ۆ) ← بخۆØ - بخۆن

*/ ب + خۆ + ە ← بخوە (لە هەندێ ناوچە بە کاردێت.)

وتن ← لێ ← (ێ) ← بلێ Ø - بلێین
نووستن ← نوو ← (وو) ← بنوو Ø - بنوون
*/ ب + نوو + ە ← بنوە (لە هەندێ ناوچە بە کاردێت.)
*/ ڕەگمان نییە بە بزوێنی (ا، و، بزرۆکە) کۆتایی هاتبێ، بۆیە نموونەمان بۆ نەنووسیوە.
٣- ئەگەر چاوگەکە داڕێژراو بوو بە پاشگری (ەوە)، ڕەگەکەش بە پیتی (نەبزوێن) کۆتایی هاتبوو، ئەوا:
أ- یان (ە)ی جێناوی لکاو لادەچێ، یان (ە)ی سەرەتای پاشگرەکە لادەچێ.
*/ زیاتر لە قسەکردن بە کاردێت و ئێمە بەکاری ناهێنین.
نم/ دۆزینەوە ← دۆز ەوە ← بدۆزەوە
ب- ناوبەندی (ر) لە نێوان (ە)ی جێناوەکە و (ە)ی سەرەتای پاشگرەکە دادەنرێت.
*/ ئەمە باشترە و بەکاری دەهێنین.
نم/ دۆزینەوە ← دۆز ەوە ← بدۆزەرەوە
٤- ئەگەر چاوگەکە داڕێژراو بوو بە پاشگری (ەوە)، ڕەگەکەش بە پیتی (بزوێن) کۆتایی هاتبوو، ئەوا دەبێ ناوبەندی (ر) لە نێوان کۆتاییی ڕەگەکە و پاشگرەکە بەکاربهێنین بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن نەچنە پاڵ یەك، جێناوە لکاوەکەش (ە) دەرناکەوێت.
نم/ کردنەوە ← کە ەوە ← بکە Ø رەوە
*/ (بکەرەرەوە) یان (بکەوە) ئەمانەش هەیە بەڵام لە نووسیندا بەکاریان ناهێنین.
٥- لە چاوگی (چوون) بۆ کەسی دووەمی تاك لە ڕێژەی داخوازیدا جێناوی (ە) دەگۆڕێت بۆ پیتی (ۆ) لە بەر ئاسانی درکاندنی.
نم/ چوون ← چ ← بچە ← بچۆ */ کەواتە (ۆ) جێناوی لکاو نییە بەڵکو پیتێکی بزوێنە لە شوێنی جێناوەکە دێت بۆ ئاسانی درکاندن.
*/ لە هەندێ ناوچەش (بچوو) بە کاردێت.
٦- چاوگی (هاتن) ← ڕەگەکەی(هـێ ← ێ)
بێ Ø ـ بێن
بەڵام لە جیاتی (بێØ)، (وەرە) و لە جیاتی (بێن)، (وەرن)یش بە کاردێت.
(بێØ ـ بێن) لە (وەرە ـ وەرن) ڕاستتر و ڕێزمانیترە، لە بەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:
أ- نیشانەی (ب)ی داخوازی لە (بێØ) و (بێن) هەیە، بەڵام نیشانەی (ب)ی داخوازی لە (وەرە) و (وەرن) نییە.
ب- (بێØ) و (بێن) لە چاوگی (هاتن) وەرگیراوە، بەڵام نازانین (وەرە) و (وەرن) لە چ چاوگێکەوە هاتوون، واتە (وەر) ڕەگی چاوگی (هاتن) نییە.
ج- تەنیا جێناوی لکاوی (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك و جێناوی لکاوی (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ بە پێی دەستوورە گشتییەکەی داخوازی بە کارهاتوون.

د- (وەرە) و (وەرن) ناكرێن بە نەرێ، بەڵكو دەبێ هەر پەنا بەرینەوە بۆ
{بێ Ø ← مەیێ Ø (مەیە Ø)}، {بێن ← مەیێن (مەیەن)}
هـ- ناتوانین لە كاری (وەرە)، (وەرن)، شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن و دانانی دروست بكەین، بەڵكو دەبێت هەر پەنا بەرینەوە بۆ (بێ Ø)، (بێن).

| | |
|---|---|
| نم/ دێم – دێین (ڕاگەیاندن) | نم/ بێم – بێین (دانانی) |
| */ مەیێ Ø = مەهێ Ø | مەیە Ø |
| مە/ ئامرازی نەرێیە | مە/ ئامرازی نەرێیە |
| یـ/ ناوبەندە | یـ/ ناوبەندە |
| ێ/ ڕەگی چاوگی (هاتن)ە. | ە/ لەوانەیە ڕەگەكە (ێ) بێت بەڵام گۆڕا بێ بۆ (ە) واتە (ێ)←(ە). |
| Ø/ جێناوی لكاوە بۆ كەسی دووەمی تاك. | Ø/ جێناوی لكاوە بۆ كەسی دووەمی تاك. |

*/ شاز/ (وەرە – وەرن) لە كرمانجیی خواروو و ژووروو وەكو یەك بەكاردێن، گوایە لەسەر بنەمای (وەر) دروست بووە.
*/ شاز/ (هەرە - هەرن) لە كرمانجیی ژووروو بەكاردێت، گوایە لەسەر بنەمای (هەڕ) دروست بووە.
هەرە = بڕۆ = بچۆ
هەرن = بڕۆن = بچن
٧- ئەگەر كارەكە دارێژراو بە پێشگر یان لێكدراو بوو، لە كاری داخوازیدا نیشانەی (ب) دەكەوێتە دوای بەشی یەكەمی كارەكە.
نم/ وەرگرتن ← وەربـــگرە ـ وەربـــگرن
نم/ دەستگرتن ← دەست بـــگرە ـ دەست بـــگرن
٨- ئەگەر كارەكە دارێژراو بە پێشگر یان لێكدراو بوو، ئەوا لە كاتی ئاخاوتن و وتندا بەزۆری (ب) ناوترێت و دەشتوانین لە كاتی نووسینیشدا نەینووسین لە بەر ئاسانی زمان و دركاندن، بەڵام وا چاكتر و ڕێزمانیترە كە (ب) بنووسین.
نم/ ڕاگرتن ← ڕاگرە (ڕابـگرە)
نم/ پێش كەوتن ← پێش كەوە (پێش بـكەوە)
٩- شێوازی داخوازی بە هۆی نیشانەی (مە) نەرێ دەكرێت، هەمیشەش دەچێتە شوێنی (ب)ی داخوازی، لە هەر شوێنێكدا بێت.
نم/ بنووسە ← مەنووسە
نم/ بنقیسە ← مەنقیسە
*/ لە هەندێك ناوچەی كرمانجیی ژووروو بۆ نەرێكردنی شێوازی داخوازی نیشانەی (نە) ش بەكاردێت.
نم/ بنقیسە ← نەنقیسە

*/ هەر کارێک بە هۆی نیشانەی (مە) نەرێ کرا، ئەوا ئەو کارە داخوازییە، چونکە تەنیا کاری داخوازی بە هۆی نیشانەی (مە) نەرێ دەکرێت.

١٠- (شاز) چاوگی (ویستن) ← ڕەگەکەی (وێ/ەوێ):

(بـــتـــەوێ ـ بـــتانـــەوێ)

*/ چاوگی (ویستن) لێرە بۆ کاری داخوازی شازە لە بەر ئەم هۆکارانە:

أ- چونکە جێناوە لکاوەکانی (ت ـ تان) لە کۆمەڵەی یەکەم وەکو بکەر وەردەگرێت، لە جیاتی (ە ـ ن)ی کۆمەڵەی چوارەم.

ب- جێناوە لکاوەکەش دەکەوێتە پێش ڕەگەکە بەڵام لە کاری داخوازیی ئاساییدا جێناوی لکاو دەکەوێتە دوای ڕەگەکە.

ج- لە کاتی نەرێکردنیشدا بە ئامرازی (مە) نەرێ ناکرێت، بەڵکو بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت و دەگونجێ لەگەڵیدا و وەری دەگرێت (نەتەوێ – نەتانەوێ).

١١- جیاوازیی نێوان شێوازی ڕێژەی (داخوازی و ڕانەبردووی دانانی):

| داخوازی | ڕانەبردووی دانانی |
| --- | --- |
| أ- وشەی تایبەت یان کاری یاریدەدەری تێدا نییە. | أ- وشەی تایبەت یان کاری یاریدەدەری تێدایە. |
| ب- بە هۆی ئامرازی (مە) نەرێ دەکرێت. | ب- بە هۆی ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت. |
| ج- کۆمەڵەی چوارەم (ە – ن) وەردەگرێت. | ج- کۆمەڵەی سێیەم (م- ین، یت- ن، ێت/ ات- ن) وەردەگرێت. |
| د- تەنیا بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆیە واتە کاری داخوازی دوو ڕێژەی هەیە. | د- بۆ هەموو کەسەکانە واتە کاری ڕانەبردووی دانانی شەش ڕێژەی هەیە. |
| هـ- نم بۆ خاڵی ١- وانەکە بنووسە.<br>وانەکە بنووسن.<br>نم بۆ خاڵی ٢- (بنووسە ← مەنووسە).<br>نم بۆ خاڵی ٣ و ٤- (بنووسە – بنووسن). | هـ- نم بۆ خاڵی ١- دەبێت وانەکە بنووسیت.<br>دەبێت وانەکە بنووسن.<br>نم بۆ خاڵی ٢- بنووسیت ← نەنووسیت).<br>نم بۆ خاڵی ٣ و ٤- بنووسم – بنووسین<br>بنووسیت – بنووسن<br>بنووسێت – بنووسن |
| و- داخوازی و فەرمانی تێدایە. | و- داخوازی و فەرمانی تێدانییە. |

پ/ چۆن بزوێنی (ە)ی کۆتاییی ڕەگ و جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک لە کاری داخوازی جیادەکەیتەوە؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە.

و/ کارە داخوازییەکە لە تاکەوە بکە بە کۆ:

أ- ئەگەر بزوێنی (ە) مایەوە، ئەوا کۆتاییی ڕەگە.

نم/ بردن ← ( بە)

کتێبەکە ببە بۆ مامۆستا. (تاک) ← کتێبەکە ببەن بۆ مامۆستا. (کۆ)

ب- ئەگەر بزوێنی (ە) نەمایەوە، واتە (ە) بوو بە (ن) ئەوا جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک لە کاری داخوازیدا.

نم/ بوون ← ( ب)

ببە بە مامۆستا. (تاک) ← ببن بە مامۆستا. (کۆ)

پ/ جیاوازیی لە نێوان کاری داخوازی (ببە) بۆ کەسی دووەمی تاک لەم دوو ڕستەیەدا، چییە؟

و/

| (ببە بە مامۆستا.) | (کتێبەکە ببەØ بۆ مامۆستا.) |
|---|---|
| ١- لە چاوگی (بوون)ەوە وەرگیراوە. | ١- لە چاوگی (بردن)ەوە وەرگیراوە. |
| ٢- ڕەگی کارەکە بریتییە لە (ب). | ٢- ڕەگی کارەکە بریتییە لە (بە). |
| ٣- ڕەگی کارەکە بە پیتێکی (نەبزوێن) کۆتایی هاتووە. | ٣- ڕەگی کارەکە بە پیتێکی (بزوێن) کۆتایی هاتووە. |
| ٤- یاساکەی (ب+ ڕەگ+ ە) | ٤- یاساکەی (ب+ ڕەگ+ Ø) |
| ٥- پیتی (ە) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک ، بکەرە. | ٥- پیتی(ە) بەشێکە لە ڕەگی کارەکە خۆی. |

پ/ چۆن کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆ و کاری ڕانەبردووی دانانی بۆ کەسی دووەمی کۆ جیادەکەیتەوە؟ بە نموونەوە ڕوونی بکەرەوە.

و/

دەبێت کارەکان لە ناو ڕستەدا بن بۆ ئەوەی جیایان بکەینەوە، بەم ڕێگایانە:

أ- کاری داخوازی لە ناو ڕستەکەیدا هیچ پێویستی بە وشەی تایبەت یان کاری یاریدەدەر نییە، بەڵام کاری ڕانەبردووی دانانی پێویستی پێی هەیە.

نم/ (× وانەکە بنووسن. {داخوازی})، (دەبێت وانەکە بنووسن. {ڕانەبردووی دانانی})

ب- کاری داخوازی بە هۆی نیشانەی (مە) نەرێ دەکرێت، بەڵام کاری ڕانەبردووی دانانی بە هۆی نیشانەی (نە) نەرێ دەکرێت.

نم/ (× وانەکە بنووسن. {داخوازی}) ← (× وانەکە مەنووسن. {داخوازی})

نم/ (دەبێت وانەکە بنووسن. {ڕانەبردووی دانانی}) ← (دەبێت وانەکە نەنووسن. {ڕانەبردووی دانانی})

ج- کاری داخوازی، جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی چوارەم (ە - ن) وەردەگرێت، بەڵام کاری ڕانەبردووی دانانی، جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەم (م – ین، یت – ن، ات/ ێت – ن) وەردەگرێت.

نم/ وانەکە بنووسە - وانەکە بنووسن (داخوازی)

نم/ دەبێت وانەکە بنووسم - دەبێت وانەکە بنووسین (ڕانەبردووی دانانی)

دەبێت وانەکە بنووسیت - دەبێت وانەکە بنووسن

دەبێت وانەکە بنووسێت - دەبێت وانەکە بنووسن

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی چوارەم (شێوازی ڕێژەی داخوازی)، لاپەڕە (٢٩)

### ڕاهێنانی (١)، لاپەڕە (٢٩)

| ڕستە | کار بۆ شێوازی داخوازی |
|---|---|
| ١- | ببە (دڵسۆزببە) |
| ٢- | بپارێزن |
| ٣- | × */ (ناباڕێت): ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی نەرێیە. |
| ٤- | بگەڕێØ، بڵێØ ، لادەØ (لابدەØ) |
| ٥- | مەشێوێنە |

---

### ڕاهێنانی (٢)، لاپەڕە (٢٩)

+ لە ڕێژەی داخوازیدا (ە) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک لە کۆمەڵەی چوارەم، بکەرە.

+ کاتێک دەردەکەوێت کە ڕەگەکە بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبێت. نم/ بکرە

+ کاتێک دەرناکەوێت کە ڕەگەکە بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتبێت چونکە دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نایەن. نم/ بڵێØ، بگریØ ، بخۆØ ، بنووØ ، بخەØ

+ وەڵامەکان لەسەرەوە بە نموونە سەلمێنراون.

---

### ڕاهێنانی (٣)، لاپەڕە (٢٩)

١- گۆڤارەکان چاپ بکەن.

گۆڤارەکان/ ناوە، ناسراوە، کۆیە، بەرکارە.

چاپ بکەن/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی داخوازییە، تێپەڕە، لێکدراوە، ئەرێیە.

ن/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ لە کۆمەڵەی چوارەم، بکەرە.

٢- پەخشانەکە بخوێنەرەوە.

پەخشانەکە/ ناوە، ناسراوە، تاکە، بەرکارە.

بخوێنەرەوە/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی داخوازییە، تێپەڕە، داڕێژراوە بە پاشگری (ەوە)، ئەرێیە.

ە/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک لە کۆمەڵەی چوارەم، بکەرە.

ر/ ناوبەندە.

ەوە/ پاشگری دووبارەبوونەوەیە.

٣- بەخۆشی بژیØ.                                  – چاوگی (ژیان)، ڕەگەکەی بریتییە لە (ژی).

بەخۆشی/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، داڕێژراوە، تەواوکەری کارە.

بژی/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی داخوازییە، تێنەپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.

Ø/ بکەری ڕستەکە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک (ە) لە کۆمەڵەی چوارەم (ە- ن) دەرنەکەوتووە واتە بووە بە سفر (Ø)، چونکە ڕەگی کار بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتووە و دوو بزوێن بە دوای یەکدا نایەن.

---

راهێنانی (٤)، لاپەڕە (٢٩)

(پڕۆژەکە تەواوبکەØ.)

١- Ø/ بکەری ڕستەکە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک (ە) لە کۆمەڵەی چوارەم (ە- ن) دەرنەکەوتووە واتە بووە بە سفر (Ø)، چونکە ڕەگی کار بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتووە و دوو بزوێن بە دوای یەکدا نایەن.

٢- بەڵێ، چونکە کارەکە لە ڕووی دارِشتنەوە لێکدراوە، بۆیە دەتوانین لە کاتی ئاخاوتن و وتندا بەزۆری نیشانەی (ب) بەکارنەهێنین ئەمەش بۆ ئاسانی زمان. نم/ (تەواوکەØ).
بەڵام چاکتر وایە لە کاتی نووسیندا نیشانەی (ب) بنووسرێت.

٣- پڕۆژەکە/ ناوە، ناسراوە، تاکە، بەرکارە.

٤- دەبێت پڕۆژەکە تەواوبکەیت.

---

## بابەتی پێنجەم: شێوازی مەرجی:

### ٤- شێوازی مەرجی (ڕستەی ئاوێتەی مەرج):

- شێوازی مەرجی: لە کاتی بەکارهێنانی (کار) لە ڕستەدا، ئەگەر ڕوودانی کارێك مەرج بێت بۆ ڕوودانی کارێکی تر، ئەوا ئەو ڕستەیە (کار)ە بە ڕێژە و ناوەڕۆکییەوە پێی دەوترێت شێوازی مەرج (ڕستەی ئاوێتەی مەرج).

ـ هەندێك خاڵی گرنگ:

١- شێوازی مەرجی ڕێژە و شێوازی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکو هەر ئەو ڕێژانە بەکاردەهێنینەوە کە لە پێشوودا خوێندمانن کە ئەمانەن (ڕاگەیاندن، دانانی، داخوازی)، بەڵام لێرەدا بۆ مەبەستی بنجی خۆیان بەکارنەهێنراون بەڵکو بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون.

٢- ڕستەی شێوازی مەرجی هەمیشە ڕستەیەکی ئاوێتەی مەرجە و لە دوو ڕستە پێك دێت بەم شێوەیە:

أ- ڕستەی کاری مەرج: ئەوەیە کە ڕوودان و بەئەنجام گەیاندنی کارەکەی (کاری پاڕستەکە)، مەرجە بۆ ڕوودانی کاری شاڕستەکە.

- ڕستەی کاری مەرج = کاری مەرج= پاڕستە.

ب- ڕستەی وەڵامی مەرج: ئەوەیە کە ڕستەیەکی سەرەکییە و ڕوودان و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکەی (کاری شاڕستەکە)، بەستراوەتەوە بە ڕوودانی کاری پاڕستەکە.

- ڕستەی وەڵامی مەرج= کاری وەڵامی مەرج= شاڕستە.

*/ مەرج نییە هەموو ڕستەیەکی ئاوێتە مەرجی بێت و مەرجی تێدا بێت. وەک: (ئەم زانی، کە تۆ ڕۆیشتوویت.) ڕستەکە ڕستەیەکی ئاوێتەیە بەڵام مەرجی نییە.

٣- لە شێوازی مەرجیدا دوو جۆر (ڕستە) یان دوو جۆر (کار)مان هەیە کە ئەمانەن:

أ- ڕستەی کاری مەرج = کاری مەرج= پاڕستە

ب- ڕستەی وەڵامی مەرج= کاری وەڵامی مەرج= شاڕستە

بەڵام لە شێوازی مەرجیدا سێ جۆر (ڕێژەی کار)مان هەیە کە ئەمانەن: ١- ڕاگەیاندن
٢- دانانی
٣- داخوازی

لە ڕستەی کاری مەرجدا ڕێژەی کار هەمیشە: (١- ڕاگەیاندن یان ٢- دانانی)یە، بەڵام لە ڕستەی وەڵامی مەرجدا ڕێژەی کار هەمیشە: (١- ڕاگەیاندن یان ٢- داخوازی)یە.

٤- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا ئامرازی لێکدەری {تا، هەتا، کە، (هەکە= ئەگەر)، کەی، ئەگەر، ...هتد} بەکاردێن کە پێیان دەوترێت (ئامرازی لێکدەری مەرج).

٥- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا بە شێوەیەکی گشتی پاڕستە دەکەوێتە سەرەتای ڕستە ئاوێتە مەرجەکەوە، بەڵام دەشگونجێت هەندێك جار شاڕستە بکەوێتە سەرەتای ڕستە ئاوێتە مەرجەکەوە:

یاساکەی/

| ({ئامرازی لێکدەری مەرج} + پاڕستە) + شاڕستە | ← یاسایەکی سەرەکی (بەزۆری) |
|---|---|
| شاڕستە + ({ئامرازی لێکدەری مەرج} + پاڕستە) | ← یاسا (هەندێك جار) |

نم/ ئەگەر یەکبگرین، سەردەکەوین. ← یاسای سەرەکی

نم/ سەردەکەوین، ئەگەر یەکبگرین. ← یاسا (هەندێك جار)

٦- دەکرێت لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا کاری ناو پاڕستە و کاری ناو شاڕستە لە شێوەی بکەرنادیار بن، بەم شێوەیە:

أ- هەردووکیان بکەردیار بن. نم/ ئەگەر چووم بۆ بازاڕ، خەڵاتەکەت بۆ دەکڕم.

ب- هەردووکیان بکەرنادیار بن. نم/ هەتا زەوی نەکێڵرێت، تۆوی پێوەناکرێت.

ج- کاری ناو پاڕستە بکەردیار و کاری ناو شاڕستە بکەرنادیار بێت.

نم/ ئەگەر چووباین، زەنگەکە لێ دەدرا Ø.

د- کاری ناو پاڕستە بکەرنادیار و کاری ناو شاڕستە بکەردیار بێت.

نم/ کەی زەنگەکە لێ درا Ø، بچنە ژوورەوە.

٧- لە شێوازی مەرجیدا (مەرجە پاڕستە ڕووبدات ئینجا شاڕستە ڕووبدات.)

٨- پاڕستە بەوە دەناسرێتەوە:

أ- هەمیشە (ئامرازی لێکدەری مەرج)ی لە پێشەوە هاتووە و پاڕستەکە دەکەوێتە دوای ئامرازی لێکدەرە مەرجەکەوە و بەشێکە لێی واتە بەشێکە لە پاڕستەکە.

ب- واتای سەرەکی و بنجی نییە و بەڵکو واتاکەی بەستراوەتەوە بە واتای شاڕستەکەوە، بەتەنیا واتاکەی لەنگە.

نم/ کە ڕاپەڕین بەرپابوو Ø، بە ئامانج گەیشتین .

٩- سیفەتەکانی ڕستەی ئاوێتەی مەرج ئەمانەن:

أ- ڕوودانی کاری ناو پاڕستە مەرجە بۆ ڕوودانی کاری ناو شاڕستە.

ب- ئامرازی لێکدەری مەرجی تێدایە.

ج- پارستە و شارستەی تێدایە.
١٠- دەکرێت لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا کاری ناو پارستە و کاری ناو شارستە لە شێوەی ئەرێ و نەرێدا بن، بەم شێوەیە:
أ- هەردووکیان ئەرێ بن. نم/ ئەگەر چووم بۆ بازاڕ، خەڵاتەکەت بۆ دەکڕم.
ب- هەردووکیان نەرێ بن. نم/ ئەگەر هەوڵ نەدەیت، سەرناکەویت.
ج- کاری ناو پارستە ئەرێ و کاری ناو شارستە نەرێ بێت.
نم/ ئەگەر زەنگەکە لێ دراØ، مەچنە ژوورەوە.
د- کاری ناو پارستە نەرێ و کاری ناو شارستە ئەرێ بێت.
نم/ ئەگەر ئیشەکەم بۆ نەکەیت، بەجێت دەهێڵم.
١١- دەکرێت لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا شێوازی ڕێژەی کاری ناو پارستە و کاری ناو شارستە، بەم شێوەیە بن:
أ- هەردووکیان (ڕاگەیاندن) بن.
نم/ کەی نەورۆز هاتØ، ئاگری خۆشی هەڵدەکەین.
ب- کاری ناو پارستە (ڕاگەیاندن) و کاری ناو شارستە (داخوازی) بێت.
نم/ کەی بوویت بە ئەندازیار، گوندەکان ئاوەدان بکەØ رەوە.
ج- کاری ناو پارستە (دانانی) و کاری ناو شارستە (ڕاگەیاندن) بێت.
نم/ ئەگەر یەکبگرین، سەردەکەوین .
د- کاری ناو پارستە (دانانی) و کاری ناو شارستە (داخوازی) بێت.
نم/ ئەگەر ماڵەکەی خاوێن نەکردبێتەوە، لێی بدەØ.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی پێنجەم (شێوازی مەرجی)،
لاپەڕە (٣٤- ٣٥)

راهێنانی (١)، لاپەڕە (٣٤)

- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا دوو جۆر کار یان (دوو جۆر ڕستە) هەیە، کە ئەمانەن:
١- کاری مەرج
٢- کاری وەڵامی مەرج
- لە شێوازی ڕێژەی (ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازی)دا دەبن، بەم شێوەیە:
١- کاری مەرج لە ڕێژەی (ڕاگەیاندن و دانانی )دا دەبێت.
٢- کاری وەڵامی مەرج لە ڕێژەی (ڕاگەیاندن و داخوازی)دا دەبێت.
- بۆ مەبەستی مەرج بەکاردەهێنرێن نەک بۆ مەبەستی بنجی خۆیان.
- نم/ ئەگەر چوویت بۆ بازاڕ، دیارییەکەم بۆ بهێنە.
نم/ ئەگەر زوو ڕۆشتبایت، کارەکەت تەواودەکرد.

........................................................................................................

راهێنانی (٢)، لاپەڕە (٣٤)

لە ڕستەی (زوو بڕۆØ، کارەکە ئەنجام بدەØ.)
١-
- بڕۆØ ← شێوازی ڕێژەی داخوازییە.
- ئەنجام بدەØ ← شێوازی ڕێژەی داخوازییە.
٢- بکەری هەردوو ڕستەکە جێناوی لکاون بۆ کەسی دووەمی تاک (ە) لە کۆمەڵەی چوارەم (ە- ن)، دەرنەکەوتوون واتە بوون بە سفر (Ø) چونکە ڕەگەکانیان بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتووە.
٣-
- بڕۆØ ← ڕۆشتبایت
- ئەنجام بدەØ ← ئەنجامت دەدا
ئەگەر زوو ڕۆشتبایت، کارەکەت ئەنجام دەدا.

........................................................................................................

راهێنانی (٣)، لاپەڕە (٣٤)

لە ڕستەی (کەی نەورۆز هاتØ، ئاگری خۆشی هەڵدەکەین.)
١- ڕستەی ئاوێتەی مەرجە.
٢- کەی/ ئامرازی لێکدەری مەرجە.

٣-

- هات∅/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە لێرە بۆ مەرج بەکارهاتووە، کاری مەرجە، تێنەپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.

∅/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر (نەورۆز).

- هەڵدەکەین/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە لێرە بۆ مەرج بەکارهاتووە، کاری وەڵامی مەرجە، تێپەڕە، داڕێژراوە، ئەرێیە.

ین/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ لە کۆمەڵەی سێیەم، بکەرە.

٤-

- ئەم ڕستەیە لە دوو ڕستە پێکهاتووە.
- ڕستەی یەکەم (کەی نەورۆز هات∅) پێی دەوترێت: ڕستەی کاری مەرج
- ڕستەی دووەم (ئاگری خۆشی هەڵدەکەین) پێی دەوترێت: ڕستەی وەڵامی مەرج
- بەڵێ دەتوانین جێیان بگۆڕین: (ئاگری خۆشی هەڵدەکەین، کەی نەورۆز هات∅).

---

## ڕاهێنانی (٤)، لاپەڕە(٣٤)

نەخێر، لە ڕستەی شێوازی مەرجیدا، کار ڕێژەی تایبەتی خۆی نییە، بەڵکو هەر ئەو کارانەن کە لە شێوازی (ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازی)دا بەکارهێنراون، بەڵام لێرەدا بۆ مەبەستی بنجی خۆیان بەکارنەهێنراون بەڵکو بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون.

نم/ کەی بەهار هات∅، دەچین بۆ سەیران.

کەی ڕۆشتیت، ئاگادارم بکە∅.

ئەگەر وانەکانت باش خوێندبا، نمرەی بەرزت بەدەست دەهێنا.

---

## ڕاهێنانی(٥)، لاپەڕە(٣٥)

١- کەی بوویت بە ئەندازیار، گوندەکان ئاوەدان بکە∅ رەوە.

- کەی بوویت بە ئەندازیار/ ڕستەی کاری مەرجە

کەی/ ئامرازی لێکدەری مەرجە

بوویت/ کاری ناتەواوە بۆ دەمی ڕابردوو، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە لێرە بۆ مەرج بەکارهاتووە، کاری مەرجە، تێنەپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.

یت/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم، نیهادە

بە/ ئامرازی پەیوەندییە

ئەندازیار/ ناوە، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە

- گوندەکان ئاوەدان بکەØرەوە/ ڕستەی وەڵامی مەرجە
گوندەکان/ ناوە، ناسراوە، کۆیە، بەرکارە
ئاوەدان بکەØرەوە/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی داخوازییە لێرە بۆ مەرج بەکارهاتووە، کاری وەڵامی مەرجە، تێپەڕە، لێکدراوە، ئەرێیە.
Ø/ بکەری ڕستەکە جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک (ە) لە کۆمەڵەی چوارەم (ە-ن)، دەرنەکەوتووە واتە بووە بە سفر (Ø) چونکە ڕەگی کار بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتووە.
ر/ ناوبەندە
ەوە/ پاشگری دووبارەبوونەوەیە
٢/ ئەگەر باش بخوێنیت، دەردەچیت.
- ئەگەر باش بخوێنیت/ ڕستەی کاری مەرجە
ئەگەر/ ئامرازی لێکدەری مەرجە
باش/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، سادەیە، تەواوکاری کاری ڕستەکەیە (بخوێنیت)
بخوێنیت/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانییە لێرە بۆ مەرج بەکارهاتووە، کاری مەرجە، تێپەڕە، سادەیە، ئەرێیە.
یت/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک لە کۆمەڵەی سێیەم، بکەرە
بەرکار/ ئەو بابەتەیە کە تۆ دەیخوێنیت بەڵام بە ئاشکرا باس نەکراوە و نەوتراوە. بۆ نموونە (وانەکانت).
دەردەچیت/ ڕستەی وەڵامی مەرجە
دەردەچیت/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە لێرە بۆ مەرج بەکارهاتووە، کاری وەڵامی مەرجە، تێنەپەڕە، داڕێژراوە، ئەرێیە.
یت/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک لە کۆمەڵەی سێیەم، بکەرە.

---

## بابەتی شەشەم: کاری چاوگی (بوون):

ـ کاری چاوگی (بوون):
ـ (بوون) و (هەبوون) دوو چاوگی شازن لە زمانی کوردیدا.
ـ ئەو کارانەی کە لە چاوگی (بوون) پەیدادەبن، ئەمانەن:
واتە دەتوانین لە چاوگی (بوون) ئەمانەی خوارەوە دروست بکەین:
١- کاری تەواوی تێپەڕ
٢- کاری تەواوی تێنەپەڕ
٣- کاری ناتەواو
٤- کاری یاریدەدەر

### یەکەم/ کاری تەواوی تێپەڕ:

ئەمیش بە دوو شێوە (ڕێگا) دروست دەبێت:
أ- ئەگەر (بوون) بە واتای خاوەندارێتی (تەمەلوك) هات، ئەوا کارێکی تەواوی تێپەڕە.
نم/ خانوومان هەبوو. (ڕابردوو)
نم/ خانوومان هەیە. ڕانەبردوو ( ئێستا )
نم/ خانوومان دەبێت. ڕانەبردوو (داهاتوو)
*/ ئەو کارانەی کە واتای خاوەندارێتی (تەمەلوك) دەگەیەنن لە بنەڕەتدا لە چاوگی (هەبوون)ەوە دروست کراون و وەرگیراون، بەڵام وشەی (هە) لە هەندێك باری ڕستەدا دەرناکەوێت یان ناوترێت.

| نم/ ڕابردوو | نم/ ڕانەبردوو ( ئێستا ) | | نم/ ڕانەبردوو (داهاتوو) |
| --- | --- | --- | --- |
| هەمبوو ـ هەمانبوو | هەمە | ـ هەمانە | دەمبێ ـ دەمانبێ |
| هەتبوو ـ هەتانبوو | هەتە | ـ هەتانە | دەتبێ ـ دەتانبێ |
| هەیبوو ـ هەیانبوو | هەیە (هەیەتی) | ـ هەیانە | دەیبێ ـ دەیانبێ |

*/ هە + یـ + ە + ت + ی ← هەیەتـــی
ب- ئەگەر (بوون) بە واتای منداڵبوون (الولادة، هاتنە دنیای منداڵ لەلایەن ئافرەت) هات، ئەوا کارێکی تەواوی تێپەڕە.
نم/ ئافرەتەکە منداڵـــی بوو. (ڕابردوو)
نم/ ئافرەتەکە منداڵـــی دەبێت. (ڕانەبردوو)

## دووەم/ کاری تەواوی تێنەپەڕ:

ئەمیش بە دوو شێوە (ڕێگا) دروست دەبێت:

أ- ئەگەر (بوون) و (هەبوون) بە واتای (بوون=وجود {بوونی هەیی}) هات، ئەوا کارێکی تەواوی تێنەپەڕە.

نم/ من هەبووم. (ڕابردوو)

نم/ من هەم. ڕانەبردوو ( ئێستا)

نم/ من دەبم. ڕانەبردوو (داهاتوو)

*/ ئەگەر (بوون) و (هەبوون) بە واتای خاوەندارێتی (تەمەلوك) نەهات، بەڵکو بە واتای وجود هات، ئەوا کارێکی تەواوی تێنەپەڕە.

| نم/ ڕابردوو | نم/ ڕانەبردوو (ئێستا) | نم/ ڕانەبردوو (داهاتوو) |
| --- | --- | --- |
| هەبووم ــ هەبووین | هەم ــ هەین | دەبم ــ دەبین |
| هەبوویت ــ هەبوون | هەیت ــ هەن | دەبیت ــ دەبن |
| هەبــوو Ø ــ هەبوون | هەیە Ø ــ هەن | دەبێت ــ دەبن |

ب- ئەگەر زیادەیەك (پێشگر، پاشگر، هەردووکیان) چووە سەر کاری (بوو) و ئەم زیادەیە بوو بە بەشێك لە کاری (بوو) و بە هەردووکیان کارێکی واتاداریان دروست کرد ئەوا ئەو کارە پێی دەوترێت (کاری تەواوی تێنەپەڕی دارێژراو).

نم/ هەڵ+ بوو← هەڵبوو

نم/ چراکە هەڵبوو Ø.

بەڵام ئەگەر وشەیەکی واتادار چووە سەر کاری (بوو) و ئەم وشە واتادارە بوو بە بەشێك لە کاری (بوو) و بە هەردووکیان کارێکی واتاداریان دروست کرد ئەوا ئەو کارە پێی دەوترێت (کاری تەواوی تێنەپەڕی لێکدراو).

نم/ تەواو + بوو← تەواوبوو

نم/ پرۆژەکە تەواوبوو Ø.

نم/ بەرپا + بوو← بەرپابوو

نم/ ڕاپەڕین بەرپابوو Ø.

## سێیەم/ کاری ناتەواو = کاری بێهێز:

ـ کاری ناتەواو: بریتییە لەو کارانەی کە خۆیان و نیهادەکانیان ناتوانن بەتەنیا واتای ڕستەکە تەواو بکەن بەڵکو پێویستیان بە (وشە یان بەشێك)ی تر دەبێت بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە، بەو بەشە یان وشانە دەوترێت (تەواوکەر).

ـ تەواوکەر: بریتییە لەو وشە یان گرێیانەی کە لە ڕستەی (کاری ناتەواو)دا دەبینرێن بێجگە لە (نیهاد و کارە ناتەواوەکە)، کە بەشێوەی سەربەخۆ یان بەیاریدە واتای (کارە ناتەواوەکە) تەواو دەکەن.

ـ تەواوکەر دوو جۆرە:

١- تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو= تەواوکەر

٢- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو= تەواوکەری بەیاریدە

ـ کاری ناتەواو لە چاوگی (بوون)ەوە وەردەگیرێت و لە ڕووی کاتەوە سێ جۆرە کە ئەمانەن:

١- (بوو): کاری ناتەواوە بۆ دەمی ڕابردوو.

٢- (ە): کاری ناتەواوە بۆ دەمی ڕانەبردووی کاتی ئێستا.

٣- (دەبێت): کاری ناتەواوە بۆ دەمی ڕانەبردووی کاتی داهاتوو.

نم/ خوێندکارەکە زیرەک بووØ.

نم/ قوتابخانەکە نزیکـــــەØ.

نم/ خوێندکارەکە دەبێت بە مامۆستا.

## ـ هەندێك خاڵی گرنگ لەسەر کاری ناتەواو:

١- کاری ناتەواو لە ڕووی هێز (کاریگەری)یەوە تێنەپەڕە.

٢- کاری ناتەواو (بوو، ە، دەبێت) لە هەموو بارێکدا ناکرێن بە بکەرنادیار چونکە تێنەپەڕە و بەرکاری لەگەڵدا نییە.

٣- نەرێکردنی کاری ناتەواو بەم شێوەیەیە:

أ- بۆ دەمی ڕابردوو (بوو) بەهۆی ئامرازی نەرێی (نە) نەرێ دەکرێت.

نم/ کتێبەکە بە ئازاد نەبووØ.

ب- بۆ دەمی ڕانەبردووی کاتی ئێستا (ە) بەهۆی ئامرازی نەرێی (نی) نەرێ دەکرێت.

نم/ قوتابخانەکە نزیک نیــــیــــەØ.

ج- بۆ دەمی ڕانەبردووی کاتی داهاتوو (دەبێت) بەهۆی ئامرازی نەرێی (نا) نەرێ دەکرێت.

نم/ ئاوەکە نابێت بە سەهۆڵ.

٤- کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕانەبردووی کاتی ئێستا (ە) تەنیا لەیەك حاڵەتدا دەردەکەوێت (ئەویش کەسی سێیەمی تاك) چونکە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك سفرە (Ø) واتە جێناوی لکاو نەبوو ئەو دەردەکەوێت.

نم/ خوێندکارەکە زیرەکـــەØ.

بەڵام لە پێنج کەسەکەی تردا (پێنج جێناوە لکاوەکەی تر) کارە ناتەواوەکە (ە) دەرناکەوێت چونکە جێناوەکان سفر نین و هێمایان هەیە واتە کە جێناوەکان دەرکەوتن ئەو دەرناکەوێت.

نم/ من زیرەکـــــØم.
نم/ ئێمە زیرەکــØین.
نم/ تۆ زیرەکـــــØیت.
نم/ ئێوە زیرەکــØن.
نم/ ئەوان زیرەکØن.
*/ کارە ناتەواوەکە لە نێوان وشەی زیرەك و جێناوەکاندایە، بەڵگەشمان ئەوەیە کە ڕستەکان بگۆڕە بۆ ڕابردوو ئەوا کارەکە دەردەکەوێت.
نم/ من زیرەکــØم ← من زیرەك بووم.
٥- کاری ناتەواو (بوو، ە، دەبێت) ئەرێ بێت یان نەرێ سەر بە شێوازی ڕاگەیاندنە، بەڵام دەتوانین شێوازی (دانانی و داخوازی)یشیان لێ دروست بکەین وەک لە بابەتەکانی پێشوو باسمان کرد.
٦- لە ڕستەی کاری ناتەواودا لە جیاتی بکەر (نیهاد) و لە جیاتی بەرکار (تەواوکەر) بە کاردێت.
نم/ ئاهەنگەکە خۆشـــــەØ.
- نیهاد: ئەو ناوە یان ئەو جێناوەیە، کە لە ڕستەدا هەواڵێک یان سیفەتێکی دەدرێتە پاڵ بەڵام بە هیچ کارێک هەڵناسێت.
*/ یەکەم وشەی ڕستەی کاری ناتەواو دەبێتە نیهاد بەمەرجێك وشەکە ناو یان جێناو بێت.
٧- ئەو وشە و بەشانەی کە دەبن بە تەواوکەر بۆ کاری ناتەواو ئەمانەن:
أ- ناو: بە هەموو جۆرەکانییەوە (تایبەتی، گشتی، واتایی، ...هتد).
نم/ خەڵاتەکە بۆ ئازاد بووØ.
نم/ خەڵاتەکە بۆ خوێندکارەکە بووØ.
نم/ هەوڵدانمان بۆ ئازادی بووØ.
ب- جێناوی سەربەخۆ (جودا):
ئەو جێناوە سەربەخۆ (جودا)یانەی کە دەبن بە تەواوکەری کاری ناتەواو (تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو) ئەمانەن:
١- جێناوی کەسیی سەربەخۆ: نم/ دیارییەکە بۆ من بووØ.
٢- جێناوی خۆیی: نم/ ئەوە خۆی بووØ لە کتێبخانەکەدا.
٣- جێناوی پرس: نم/ ئەوە کێ بووØ لە کتێبخانەکەدا؟
٤- جێناوی نادیار: نم/ نامەکە بە فلان بووØ.
٥- جێناوی نیشانە: نم/ خەڵاتەکە بۆ ئەمانە بووØ.
٦- جێناوی هەیی لەگەڵ دیارخەرەکەی پێکەوە: نم/ قەڵەمەکە **هی من** بووØ.

*/ جێناوی هەیی تەنیا ئەرکی (دیارخراو) دەبینێت و نابێت بە (دیارخەر).

ج- هاوەڵناو:

نم/ منداڵەکە ژیرە Ø.

د- هاوەڵکار:

نم/ ئاهەنگەکە بەشەو بوو Ø.

نم/ میوانەکە لێرەیـــــەØ.

*/ دوو جۆر لە جۆرەکانی هاوەڵکار بەجوانی و بەزۆری دەبن بە تەواوکەری کاری ناتەواو ئەوانیش هاوەڵکاری (کاتی) و(شوێنی)یە.

هـ- چاوگ:

نم/ پێویستمان بە هەوڵدانـــــەØ.

*/ جێناوی کەسیی لکاو بە تەنیا ناتوانیت ببێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو بەڵکو دەبێت لەگەڵ وشەیەکی تر (دیارخراوەکەی) بێت و گرێیەکی ناوی دروست بکەن ئینجا دەبن بە تەواوکەری کاری ناتەواو. نم/ ئەو مامۆستام بووØ.

٨- (هاوەڵناو، هاوەڵکار) تەنیا دەبن بە (تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو= تەواوکەر) واتە نابن بە (تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو= تەواوکەری بەیاریدە) بەڵام (ناو، جێناوی سەربەخۆ، چاوگ) دەتوانن ببن بە هەردوو جۆری تەواوکەر.

٩- کاری ناتەواو دەتوانێت زیاتر لە تەواوکەرێک وەربگرێت.

نم/ گۆرانییەکە بۆ ئەوان خۆش بووØ.

## چوارەم/ کاری یاریدەدەر:

ئەگەر لە ڕستەیەکدا دوو کار هەبوو، کاری سەرەکی لە شێوازی دانانی بوو، کارێکی تری تێدا بوو کە زۆربەی جار دەکەوێتە پێش کارە سەرەکییەکەوە وەك (دەبوو، دەبێت، دەبووایە، ...هتد) ئەوا ئەم کارانە دەبن بە (کاری یاریدەدەر) چونکە کارە دانانییەکە لە ڕستەکەدا ناتوانێت بەتەنیا واتای ڕستەکە تەواو بکات بۆیە ئەم کارە یاریدەدەرانە بۆ دەرخستنی هەندێك لایەنی ڕێزمانی بۆ کارە سەرەکییەکە بەکاردەهێنین.

نم/ دەبێت هۆنراوەکە لەبەربکەم.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

*/ ڕاهێنانی ئەم بابەتە (بابەتی شەشەم)، لەگەڵ (بابەتی حەوتەم) دایە.

---

## بابەتی حەوتەم: ئەرکی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا:

ـ ئەرکی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا:

ـ جۆرەکانی (ە) یان (ە) دەبێتە ئەمانە:
١- (ە) دەبێتە کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕانەبردووی کاتی ئێستا لە ڕستەی سادەدا، ئەگەر کاری سەرەکی لە ڕستەکەدا نەبوو.
نم/ سێوەکە مزرە Ø.
٢- (ە) دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك لە کاری داخوازیدا، کە ئەرکی بکەر دەبینێت.
نم/ وانەکە بنووســە.
٣- (ە) دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ کاری ڕانەبردووی (تێنەپەڕ و تێپەڕ) لە کرمانجیی ژووروودا کە دەبێتە بکەر.
نم/ ئەو دکەڤــە.
نم/ ئەو چیرۆکێ دنڤیســە.
*/ لە هەندێ ناوچە وایە، بەڵام لە هەندێ ناوچەی تر (یت) بەکاردێت.
نم/ ئەو چیرۆکێ دنڤیســیت.
٤- (ە) دەبێتە ئامڕازی پەیوەندی، دەلکێت بە کۆتاییی کاری (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی) کە جێگای ئامڕازی پەیوەندی (بە، بۆ، لە) دەگرێتەوە.
نم/ ئەو هاتــØە قوتابخانە. ← ئەو هات Ø بۆ قوتابخانە.
نم/ ئەو دەبێتـــە پــزیشك. ← ئەو دەبێت بە پزیشك.
نم/ بچنــە سەیران. ← بچن بۆ سەیران.
نم/ منداڵەکە بەردی گرتــە چۆلەکەکە.← منداڵەکە بەردی گرت لە چۆلەکەکە.
(منداڵەکە بەردی لە چۆلەکەکە گرت.)
٥- (ە) دەبێتە ئامڕازی بانگکردن کە بە دوای ناوەکەوە دێت. نم/ کوردینــە، یەکبگرن.
٦- (ە) دەبێتە ئامڕازی پێناسین (ناسراوی) کە کورتکراوەی (ەکە)ی ناساندنە.
نم/ ژنـــە هەژار بووØ، بۆیە دەپاڕاØیەوە.
٧- (ە) دەبێتە ئامڕازی لێکدەر بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو. نم/ ڕەشـــــەبا

٨- (ە) دەبێتە ئامرازی خستنەسەر (دانەپاڵ) و گرێی ناوی دروست دەكات لەو كاتەی كە لە نێوان ناوێكی ناسراو (دیارخراو) و هاوەڵناوێكی چۆنیەتی (دیارخەر) دێت.

نم/ منداڵـــە جوانەكە

٩- (ە) دەبێتە پاشگر بۆ دروستكردنی وشەی نوێ. نم/ چاكـــــە

١٠- (ە) دەبێتە پاشگر لەگەڵ هەندێ قەدی چاوگدا بۆ دروستكردنی هاوەڵناوی كراوی داڕێژراو. نم/ كردە

١١- (ە) دەبێتە كەرتی دووەمی هاوەڵناوی نیشانە. نم/ ئەم..... ە ← ئەم گوڵــە

١٢- (ە) دەبێتە پیتێكی بزوێنی كورت لە ناو وشەدا وەكو سەرجەم پیتەكانی تر، واتە ئەگەر هیچ یەكێك لەوانەی سەرەوە نەبوو، ئەوا پیتێكی ئاساییە وەك هەموو پیتەكانی تری زمانی كوردی.

نم/ خـــە ← ڕەگی چاوگی (خستن)

نم/ لــە

نم/ خەم

نم/ چونكە

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی شەشەم و حەوتەم،
## لاپەڕە (٤٥- ٤٦)

ڕاهێنانی(١)، لاپەڕە(٤٥)

پ١/ لە چاوگی (بوون) کاری تەواوی تێنەپەڕ بە دوو ڕێگا (دوو شێوە) دروست دەکرێت:

أ- بە هۆی پێشگر یان وشەی واتادار، کاری تەواوی تێنەپەڕی داڕێژراو و لێکدراو دروست دەکرێت.

نم/ چراکە هەڵبوو∅. (کاری تەواوی تێنەپەڕی داڕێژراو)

نم/ پرۆژەکە تەواوبوو∅. (کاری تەواوی تێنەپەڕی لێکدراو)

ب- ئەگەر بە واتای وجود هات.

نم/ هەبووم.

نم/ هەم.

نم/ دەبم.

پ٢/ کاری ناتەواو بە پێنج (٥) جۆر وشە و بە شێوەی (سەربەخۆ و بەیاریدە) تەواو دەکرێت، کە ئەمانەن:

١- ناو:

نم/ ئەو مامۆستایـــە∅. تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواوە

نم/ ئەو دەبێت بە مامۆستا. تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە

٢- جێناوی جودا (سەربەخۆ):

نم/ پیاوەکان کێ بوون؟ تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواوە

نم/ خەڵاتەکە بۆ کێ بوو∅؟ تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە

٣- هاوەڵناو:

نم/ خوێندکارەکە زیرەکـــە∅. تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواوە

نم/ × (هاوەڵناو نابێتە تەواوکەری بەیاریدە کاری ناتەواو).

٤- هاوەڵکار:

نم/ ئاهەنگەکە بەشەو بوو∅. تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواوە

نم/ × (هاوەڵکار نابێتە تەواوکەری بەیاریدە کاری ناتەواو).

٥- چاوگ:

نم/ ئاواتمان سەرکەوتنـــە∅. تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواوە

نم/ سەرکەوتنمان بە یەکگرتنـــە∅. تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە

پ٣/ کاری ناتەواو بۆ دەمی ئێستا لە ڕستەدا دەرناکەوێت ئەگەر جێناوە لکاوەکان (م – ین، یت – ن، × - ن) دەربکەون و دیار و ئاشکرابن، واتە دەکەوێتە نێوان تەواوکەر و جێناوەکان.

نم/ زیرەکـــم - زیرەکـــین

زیرەکـیت - زیرەکـــن

× - زیرەکـــن

تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت چونکە جێناوەکە سفرە (Ø).

نم/ زیرەکـــــــە Ø .

........................................................................................................

## ڕاهێنانی(٢)، لاپەڕە(٤٥)

| ڕستە | کاری چاوگی (بوون) | جۆرەکـــــــــــەی |
|---|---|---|
| ......... | .............................. | .......................... |
| ١- | سوورە | کاری تەواوی تێنەپەڕی لێکدراوە |
| ٢- | دەبێت | کاری یاریدەدەرە |
| ٣- | بوو | کاری تەواوی تێپەڕە (منداڵبوون) |
| | بوو | کاری ناتەواوە بۆ دەمی ڕابردوو |
| ٤- | پەیدابوو | کاری تەواوی تێنەپەڕی لێکدراوە |
| ٥- | ڕابوو | کاری تەواوی تێنەپەڕی داڕێژراو |

........................................................................................................

## ڕاهێنانی(٣)، لاپەڕە(٤٦)

| ڕستە | (ە) | ئەرکەکـــــــەی | ڕوونکردنـــــــــــــــــــــــــەوە |
|---|---|---|---|
| ....... | ..... | ........................ | ........................................................ |
| ١- کورە | ە | ئامرازی بانگکردنە | چونکە لە دوای ناوەوە هاتووە بۆ مەبەستی بانگکردن. |
| وێرانە | ە | کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا | چونکە کاری تری تێدا نییە و تەواوکراوە بە هاوەڵناو. |
| ٢- بخوێنە | ە | جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک، بکەرە | چونکە لەگەڵ کاری داخوازیدا هاتووە. |
| چونکە | ە | پیتێکی بزوێنە | هی خۆیەتی |
| برینەکانتە | ە | کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا | چونکە کاری تری تێدا نییە و تەواوکراوە بە ناو. |
| ٣- ڕەشەبا | ە | ئامرازی لێکدەرە | چونکە وشەی لێکدراوی دروست کردووە. |
| بەهێزە | ە | کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا | چونکە کاری تری تێدا نییە و تەواوکراوە بە هاوەڵناو. |
| ٤- بنقیسە | ە | جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک، بکەرە | چونکە لەگەڵ کاری داخوازیدا هاتووە. |
| ٥- منداڵە | ە | ئامرازی پێناسینە | چونکە کورتکراوەی (ەکە)ی ناساندنە. |
| دایکە | ە | ئامرازی پێناسینە | چونکە کورتکراوەی (ەکە)ی ناساندنە. |

........................................................................................................

ڕاهێنانی (٤)، لاپەڕە(٤٦)

١- کاری ناتەواو: نم/ خوێندکارەکە زیرەک بووØ.

٢- کاری تەواوی تێپەڕ: نم/ ئافرەتەکە منداڵـــــی بوو.

٣- کاری یاریدەدەر: نم/ دەبوو خوێندکارەکەم خەڵات کردبا.

---

# بابەتی هەشتەم: ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان:
## یەکەم: وەکو بکەر:

*/ بابەتی هەشتەم: ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان: یەکەم: وەکو بکەر، هەر جێناوی لکاوی ڕێژەی کارە کە لە بابەتی سێیەم (ڕێژەی کار) خوێندمان، بەڵام بە دوو بابەتی جیا باسکراون و جیاوازییەکی زۆر کەمیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە لێرە بە شێوەیەکی تر باسکراوە و هەندێک زانیاریی نوێی بۆ زیادکردووە.
*/ لە باسی ئەرکی (بکەر)دا، پێویستە (کار)ی ڕستەکە ئەم مەرجانەی تێدا بێت، ئینجا بکەری تێدایە:
١- دەبێ کاری ڕستەکە، کارێکی تەواو بێت، واتە ناتەواو نەبێت، چونکە کاری ناتەواو (نیهاد) وەردەگرێت، نەک (بکەر).
٢- دەبێ کاری ڕستەکە، کارێکی بکەردیار بێت، واتە بکەرنادیار نەبێت، چونکە کاری بکەرنادیار (جێگری بکەر) وەردەگرێت، نەک (بکەر).
ـ ئەرک: وشە تا نەخرێتە ناو ڕستە یان گرێ، ئەرکی دەرناکەوێت، جێناوی لکاویش بە هەمان شێوەیە.
ـ جێناوی کەسیی لکاو: بریتییە لەو جێناوانەی کە شوێنی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان دەگرنەوە و بەتەنیا بەکارنایەن و دەرناکەون، بەڵکو دەبێت بلکێن بە وشەی ترەوە، بۆ ئەوەی (ئەرک) و (واتا)یان دەربکەوێت.
ـ جێناوی کەسیی لکاو چوار کۆمەڵەمان هەیە کە ئەمانەن:
کۆمەڵەی یەکەم: (م ـ مان)، (ت ـ تان)، (ی ـ یان)
١- لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) بەکاردێن.
٢- شوێنەکەیان بە پێی شێوەی کارەکە و هاتنی بەرکار لە ناو ڕستەدا دەگۆڕێت.
کۆمەڵەی دووەم: (م ـ ین)، (یت ـ ن)، (Ø ـ ن)
١- لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێنەپەڕ) بەکاردێن.
٢- شوێنەکەیان جێگیرە و ناگۆڕێت کە کۆتاییی کارە ڕابردووەکەیە (قەد).
کۆمەڵەی سێیەم: (م ـ ین)، (یت ـ ن)، (ات / ێت ـ ن)
١- لەگەڵ کاری (ڕانەبردوو)ی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێن.
٢- شوێنەکەیان جێگیرە و ناگۆڕێت کە کۆتاییی کارە ڕانەبردووەکەیە (ڕەگ).

کۆمەڵەی چوارەم: (ە - ن)
١- لەگەڵ کاری (داخوازی)ی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێن.
٢- شوێنەکەیان جێگیرە و ناگۆڕێت کە کۆتاییی کارە داخوازییەکەیە (ڕەگ).
- بکەر (کارا)/ ئەرکێکە لە ئەرکەکانی وشە (ناو) لە ناو ڕستەدا.
بکەر: بریتییە لەو وشەیەی (جێناوە لکاوەی) کە لە ناو ڕستەدا کارێکی کردووە یان کارێک دەکات، یان کارێکی دەدرێتە پاڵ.
- جێناوی لکاو چوار ئەرکی هەیە:
١- بکەر
٢- بەرکار
٣- تەواوکەری بەیاریدە
٤- دیارخەری ناو
- ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان لە ناو ڕستەدا لە دەوری بکەردا/ ئەوەیە کە هەروەك چۆن (ناو، یان جێناوی سەربەخۆ بە هەموو جۆرەکانییەوە)، لە ڕستەدا دەبن بە بکەر، هەر بەم جۆرەش جێناوە کەسییە لکاوەکانیش دەبن بە بکەر.
- هەر چوار کۆمەڵەکە دەتوانن ئەرکی بکەر ببینن، بەم شێوەیە:
یەکەم: کۆمەڵەی یەکەم: (م - مان)، (ت - تان)، (ی - یان)
١- ئەرکەکەی/ ئەم کۆمەڵەیە ئەرکی بکەر دەبینێت لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) بە شێوازی ڕاگەیاندن و دانانییەوە.
٢- شوێنەکەی/ شوێنەکەیان بە پێی شێوەی کارەکە و هاتنی بەرکار لە ناو ڕستەدا دەگۆڕێت، بەم جۆرە:
أ- ئەگەر بەرکار باسکرابوو:
هەمیشە دەچێتە کۆتاییی بەرکار بۆ (سادە، داڕێژراو، لێکدراو)، (ئەرێ، نەرێ).

| نم/ ئەرێ، سادە | نم/ نەرێ، سادە |
|---|---|
| نامەکەمان نووسی. | نامەکەمان نەنووسی. |
| نامەکەمان دەنووسی. | نامەکەمان نەدەنووسی. |
| نامەکەمان نووسیوە. | نامەکەمان نەنووسیوە. |
| نامەکەمان نووسیبوو . | نامەکەمان نەنووسیبوو. |
| دەبوو نامەکەمان نووسیبا. | دەبوو نامەکەمان نەنووسیبا. |
| دەبوو نامەکەمان نووسیبێت. | دەبوو نامەکەمان نەنووسیبێت. |
| دەبوو نامەکەمان نووسیبووبا. | دەبوو نامەکەمان نەنووسیبووبا. |

ب- ئەگەر بەرکار باس نەکرابوو یان لابرابوو:
ئەوا بەم شێوەیە دەبێت:
١- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (سادە) بوو، لە دەمی ڕابردووی (نزيك و دوور)ی ڕاگەیاندن بێت، ئەرێ بێ، ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە کۆتاییی کارەکە.
*/ کاری (سادە) و (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) وەکو یەك یەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە بەیەکەوە نموونەکانم هێناوە و جیام نەکردوونەتەوە.

نم/ نووسیمان . نم/ بردمانەوە .
نووسیبوومان. بردبوومانەوە.

بەڵام ئەگەر نەرێ بێ، ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە کۆتاییی نیشانەی نەرێی (نە).

نم/ نەمان نووسی. نم/ نەمان بردەوە .
نەمان نووسیبوو. نەمان بردبووەوە.

٢- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (سادە) بوو، لە دەمی ڕابردووی (بەردەوام)ی ڕاگەیاندن بێت، ئەرێ بێ، ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە کۆتاییی نیشانەی (دە)ی بەردەوامی.

نم/ دەمان نووسی.
دەمان بردەوە.

بەڵام ئەگەر نەرێ بێ، ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە کۆتاییی نیشانەی نەرێی (نە).

نم/ نەمان دەنووسی. نم/ نەمان دەبردەوە .

٣- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (سادە) بوو، لە دەمی ڕابردووی (تەواو)ی ڕاگەیاندن بێت، ئەرێ بێ، ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە نێوان نیشانەی (وە/ ووە).

نم/ نووسیومانــە.
بردوومانــەتەوە.

بەڵام ئەگەر نەرێ بێ، ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە کۆتاییی نیشانەی نەرێی (نە).

نم/ نەمان نووسیوە.
نەمان بردووەتەوە

*/ کەواتە بەکورتی لە هەر چوار جۆرەکەی ڕاگەیاندن (نزیک، بەردەوام، تەواو، دوور)، ئەگەر کارەکە سادە بوو، (نەرێ)ش بوو ئەوا هەمیشە جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە کۆتاییی ئامرازی نەرێی (نە).
*/ لە شێوازی دانانیش جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای کارەکە واتە دوای نیشانەکانی (با، بێت، بووبا) لە هەر سێ جۆرەکەیدا، ئەگەر کارەکە سادە بوو، (ئەرێ)ش بوو.
نم/ سادە بێ و ئەرێ بێ.

نووسیبامان.

نووسیبێتمان.

نووسیبووبامان

*/ لە هەر سێ جۆرەکەی دانانی (نزیک، تەواو، دوور)، ئەگەر کارەکە سادە بوو، (نەرێ)ش بوو ئەوا هەمیشە جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە کۆتاییی ئامڕازی نەرێی (نە).

نم/ سادە بێ و نەرێ بێ

نەمان نووسیبا.

نەمان نووسیبێت.

نەمان نووسیبووبا.

٤- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (داڕێژراو بە پێشگر، یان لێکدراو) بوو، لە هەموو حاڵەتەکانی (ئەرێ و نەرێ)، (ڕاگەیاندن و دانانی) بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارەکە.

| نم/ ئەرێ،داڕێژراو | نم/ ئەرێ، لێکدراو | نم/ نەرێ، داڕێژراو | نم/ نەرێ، لێکدراو |
|---|---|---|---|
| دامان خست. | دروستمان کرد. | دامان نەخست. | دروستمان نەکرد. |
| دامان دەخست. | دروستمان دەکرد. | دامان نەدەخست. | دروستمان نەدەکرد. |
| دامان خستووە. | دروستمان کردووە. | دامان نەخستووە. | دروستمان نەکردووە. |
| دامان خسبوو. | دروستمان کردبوو. | دامان نەخستبوو. | دروستمان نەکردبوو. |
| دامان خستبا. | دروستمان کردبا. | دامان نەخستبا. | دروستمان نەکردبا. |
| دامان خستبێت. | دروستمان کردبێت. | دامان نەخستبێت. | دروستمان نەکردبێت. |
| دامان خستبووبا. | دروستمان کردبووبا. | دامان نەخستبووبا. | دروستمان نەکردبووبا. |

٥- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (لێکدراوی سێ وشەیی) یان زیاتر بوو، واتە بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە وشەیەکی لێکدراو بوو، ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە واتە دەکەوێتە کۆتاییی وشە لێکدراوەکە لە هەموو حاڵەتەکانی (ئەرێ و نەرێ)، (ڕاگەیاندن و دانانی) بە هەموو جۆرەکانییەوە.

| نم/ ئەرێ | نم/ نەرێ |
|---|---|
| دەست نیشانمان کرد. | دەست نیشانمان نەکرد. |

................................................................................................

## دووەم: کۆمەڵەی دووەم: (م - ین)، (یت - ن)، (Ø - ن)

١- ئەرکەکەی/ ئەم کۆمەڵەیە ئەرکی بکەر دەبینێت لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێنەپەڕ) لە هەموو حاڵەتەکانی (ئەرێ و نەرێ)، (سادە و داڕێژراو و لێکدراو)، (ڕاگەیاندن و دانانی بە هەموو جۆرەکانییەوە).

٢- شوێنەکەی/ شوێنەکەیان جێگیرە و ناگۆڕێت کە کۆتاییی کارە ڕابردووەکەیە (قەد).

نم/ کەوتین. | نم/ کەوتـــین
---|---
گەڕاینەوە. | دەکەوتـــین
هەڵکەوتین. | کەوتـــووینە
پێش کەوتین. | کەوتـــبووین
 | کەوتـــباین
 | کەوتـــبێتین
 | کەوتـــبووباین

*/ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم لە ئەرکی بکەر لە کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن، نیشانەی (وە/ ووە) کەرت دەکات و دەکەوێتە نێوان نیشانەکەوە.

نم/ کەوتوومـــە.

کەوتوونـــە.

*/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە دەوری بکەر لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێنەپەڕ) کە کۆمەڵەی دووەمە، دەرناکەوێت واتە سفرە (Ø)، چونکە هێمای نییە.

نم/ کەوتØ.

.................................................................................................................................

## سێیەم: کۆمەڵەی سێیەم: (م - ین)، (یت - ن)، (ات/ ێت - ن)

١- ئەرکەکەی/ ئەم کۆمەڵەیە ئەرکی بکەر دەبینێت لەگەڵ کاری (ڕانەبردوو)ی تێپەڕ و تێنەپەڕ لە هەموو حاڵەتەکانی (ئەرێ و نەرێ)، (سادە و داڕێژراو و لێکدراو)، (ڕاگەیاندن و دانانی بە هەموو جۆرەکانییەوە).

٢- شوێنەکەی/ شوێنەکەیان جێگیرە و ناگۆڕێت کە کۆتاییی کارە ڕانەبردووەکەیە (ڕەگ).

نم/ دەکەوێت.

دەنووسێت.

دەگەڕێتەوە.

هەڵدەکەوین.

پێش دەکەوین.

*/ بۆ کەسی سێیەمی تاك بۆ یەك جێناو دوو شێوەمان هەیە (ات/ ێت)، کە بەم شێوەیە بە کاردێن:

لە بابەتەکان و وانەکانی پێشوودا بەجوانی و ڕوونی، باسمان کردووە، بۆیە لێرە بەکورتی ئاماژەمان بۆ کردووە.

ە ← Ø　　　نم/ خستن ← خە ← دەخات

١- (ات): ڕەگ

ۆ ← و　　　نم/ خواردن ← خۆ ← دەخوات

٢- (ێت): ڕەگ بێجگە لە (ە، ۆ) نم/ چوون ← چ ← دەچێت

نم/ نووسین ← نووس ← دەنووسێت

.........................................................................................................

## چوارەم: کۆمەڵەی چوارەم: (ە ـ ن)

١- ئەرکەکەی/ ئەم کۆمەڵەیە ئەرکی بکەر دەبینێت لەگەڵ کاری (داخوازی)ی تێپەڕ و تێنەپەڕ لە هەموو حاڵەتەکانی (ئەرێ و نەرێ)، (سادە و داڕێژراو و لێکدراو).

٢- شوێنەکەی/ شوێنەکەیان جێگیرە و ناگۆڕێت کە کۆتاییی کارە داخوازییەکەیە (ڕەگ).

نم/ بکەوە ـ بکەون

بنووسە ـ بنووسن

*/ جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك لە دەوری بکەر لەگەڵ کاری (داخوازی) کە کۆمەڵەی چوارەمە، دەرناکەوێت واتە دەبێت بە سفر (Ø)، ئەگەر ڕەگی کار (چاوگ)ەکە بە پیتی ( بزوێن) کۆتایی هاتبوو.

نم/ بڕۆ Ø.

‌‌‌‌‌،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی هەشتەم (ئەرکی بکەر)، لاپەڕە (٥٢)

ڕاهێنانی (١)، لاپەڕە (٥٢)

١- (ات)/ ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) لە شێوازی (ڕاگەیاندن و دانانی) بێ، دەچێتە دوای ڕەگی کار و هەمیشەش بکەرە و دەبێ ڕەگی کارەکەش بە پیتی بزوێنی (ە، ۆ) کۆتایی هاتبێ.

نم/ خواردن ← خۆ ← دەخوات ← نانەکە دەخوات. (سادە، ڕاگەیاندن، تێپەڕ)

خستن ← خە ← دەخات ← بارەکە دەخـــــــات. (سادە، ڕاگەیاندن، تێپەڕ)

نم/ ڕۆشتن ← ڕۆ ← دەڕوات ← دەڕوات. (سادە، ڕاگەیاندن، تێنەپەڕ)

٢- (مان)/ ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) لە شێوازی (ڕاگەیاندن و دانانی) بێ.

نم/ خانووەکەمان فرۆشت.

فرۆشتمان.

٣- (ین)/

أ- ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێنەپەڕی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) لە شێوازی (ڕاگەیاندن و دانانی) بێ.

نم/ هاتـــین.

ب- ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) لە شێوازی (ڕاگەیاندن و دانانی) بێ.

نم/ میوەکە دەخۆین.

دەچین بۆ سەیران.

٤- (ە)/ ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازیی تێپەڕ و تێنەپەڕی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێ ئەرکی بکەر دەبینێت بە دوو شێوە:

أ- دەردەکەوێت ئەگەر ڕەگی کارەکە بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو.

نم/ نامەکە بنووسە.

ب- دەرناکەوێت ئەگەر ڕەگی کارەکە بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتبوو.

نم/ بڕۆ Ø.

---

راهێنانی(٢)، لاپەڕە(٥٢)

١- ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی (داڕێژراو بە پێشگر، لێکدراو) بێ ئەوا کۆمەڵەی یەکەم (م – مان) وەکو بکەر دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

أ- ئەگەر بەرکار باسکرا، دەچنە کۆتاییی بەرکار.

نم/ فەرشەکەمان ڕاخست. (داڕێژراو)

خانووەکەمان دروستکرد. (لێکدراو)

ب- ئەگەر بەرکار باس نەکرا، دەچنە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارەکە.

نم/ ڕامان خست. (داڕێژراو)

دروستمان کرد. (لێکدراو)

٢- لە کاری ڕابردووی تێنەپەڕی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) لە شێوازی (ڕاگەیاندن و دانانی)دا جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی سێیەمی تاک لە ڕستەدا دەرناکەوێت واتە سفرە (Ø) چونکە جێناوەکە هێمای نییە بەڵام بوونی هەیە و لە کۆمەڵەی دووەمیشە.

نم/ دانیشتØ.

دەبوو دانیشتباØ.

---

راهێنانی(٣)، لاپەڕە(٥٢)

(وتارەکەت بڵاوکردووەتەوە.)

١- کاری ڕستەکە (بڵاوکردووەتەوە) لە شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دایە.

قەد (ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن) + نیشانەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن + ناوبەند + پاشگر

بڵاوکـــــــــــــــــــــــــــــرد + ووە + ت + ەوە

٢- ت/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک لە کۆمەڵەی یەکەم (م – مان)، بکەرە.

خراوەتە ئەو شوێنە چونکە کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕە و بەرکار باسکراوە و چووەتە کۆتاییی بەرکارەکە.

٣- وتارەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرکارە.

٤- ئەگەر وشەی (وتارەکە)، کە بەرکارە لاببەین، (ت) دەچێتە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارەکە، (بڵاوت کردووەتەوە)، چونکە کارەکە ڕابردووی تێپەڕە و لێکدراوە و کۆمەڵەی یەکەم (م – مان) دەبێ بە بکەر.

---

راهێنانی (٤)، لاپەڕە (٥٢)

(لە وانەکان باش تێگەیشتووØە.)

١- بکەری ڕستەکە جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک (Ø) لە کۆمەڵەی دووەم دەرنەکەوتووە، چونکە کاری ڕستەکە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی تێنەپەڕە و جێناوەکەش هێمای نییە.

٢- (لە وانەکان باش تێدەگات.)، کاری ڕستەکە لە ڕابردووی تێنەپەڕی ڕاگەیاندنەوە گۆڕا بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن و جێناوی لکاوی بکەریش لە کۆمەڵەی دووەمەوە (Ø) بوو بە کۆمەڵەی سێیەم (ات) و جێناوی لکاوی بکەریش دەرکەوت.

٣- وانەکان/ ناوە، ناسراوە، کۆیە، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.

٤- باش/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، سادەیە، تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

---

# بابەتی نۆیەم: ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان:
# دووەم: وەکو بەرکار:

*/ لە باسی ئەرکی بەرکاردا، پێویستە (کار)ی ڕستەکە ئەم مەرجانەی تێدا بێت، ئینجا بەرکاری تێدایە:

١- دەبێ کاری ڕستەکە، کارێکی تەواو بێت، واتە ناتەواو نەبێت.

٢- دەبێ کاری ڕستەکە، کارێکی تێپەڕ بێت، واتە تێنەپەڕ نەبێت.

٣- دەبێ کاری ڕستەکە، کارێکی بکەردیار بێت، واتە بکەرنادیار نەبێت.

*/ لە ئەرکی (بەرکار)دا، دەبێ بزانین بە لایەنی کەمەوە، دوو جێناوی لکاو هەیە، کە یەکێکیان ئەرکی (بکەر) و ئەوی تریان ئەرکی (بەرکار) دەبینێت.

* / دەبێ لە باسی ئەم ئەرکەدا ئاگامان لە کاری ڕستەکە بێ، کە دەبێت هەمیشە (تێپەڕ) بێ چونکە بەرکار وەردەگرێت، بەڵام کاری تێنەپەڕ بەرکار وەرناگرێت بۆیە باسی ناکەین.

ـ بەرکار/ ئەرکە، واتە ئەرکێکە لە ئەرکەکانی وشە لە ڕستەدا.

ـ بەرکار هەمیشە لەگەڵ کاری (تێپەڕ) بەکاردێت.

ـ بەرکار بەزۆری وەڵامی وشەی پرسی (چی) دەداتەوە.

ـ بەرکار ئەگەر لە ڕستەدا لایبەریت واتا تێك دەدات بە شێوەیەك لە شێوەکان.

ـ بەزۆری (ناو، گرێی ناوی، جێناوی سەربەخۆ، جێناوی لکاو) دەبن بە بەرکار.

ـ بەرکار: بریتییە لەو کەرەستە (وشە)یەی کە کارەکەی بە سەردا ئەنجام دەدرێت. واتە دەکەوێتە بەر کاریگەریی کارەکە و بەر کارەکە کەوتووە. لە ڕستەدا بەشی (کار) تەواودەکات.

ـ ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان لە ناو ڕستەدا لە دەوری بەرکاردا/ ئەوەیە کە هەروەك چۆن (ناو، گرێی ناوی، جێناوی سەربەخۆ)، لە ڕستەدا دەبن بە بەرکار، هەر بەم جۆرەش جێناوە کەسییە لکاوەکانیش دەبن بە بەرکار. واتە ئێمە مەبەستمان لەم ئەرکە ئەوەیە کە لە جیاتی وشە (کەرەستە)یەکی سەربەخۆ، بەرکار بە جێناوی لکاو دەربڕین.

*/ تەنیا کۆمەڵەی یەکەم و کۆمەڵەی دووەم دەتوانن ئەرکی (بەرکار) ببینن، بەڵام دوو کۆمەڵەکەی تر (سێیەم و چوارەم) ناتوانن ئەرکی بەرکار ببینن.

## یەکەم: کۆمەڵەی یەکەم: (م ـ مان)، (ت ـ تان)، (ی ـ یان)

لەگەڵ ئەم جۆرە کارانە دەبێ بە بەرکار:

١- کاری (ڕانەبردووی تێپەڕ).

٢- کاری (داخوازیی تێپەڕ).

٣- کاری (ڕابردووی تێپەڕ).

### یەکەم: کاری (ڕانەبردووی تێپەڕ):

١- کۆمەڵەی سێیەم← بکەر (شوێنەکەیان جێگیرە و دەکەونە کۆتاییی کارەکەوە.)

٢- کۆمەڵەی یەکەم ← بەرکار (شوێنەکەیان جێگیر نییە.)

أ- ئەگەر کارە ڕانەبردووە تێپەڕەکە (سادە) یان (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، جێناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە کۆتاییی نیشانەی (دە)ی ڕانەبردوو لە حاڵەتی ئەرێی ڕاگەیاندن و (ب)ی دانانی.

| نم/ ڕاگەیاندن | نم/ دانانی |
|---|---|
| دەمان نێرێت. | بمان نێرێت. |
| دەمان نێرێتەوە. | بمان نێرێتەوە. |

بەڵام لە حاڵەتی نەرێ، جێناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە کۆتاییی نیشانەی نەرێی (نا)ی ڕاگەیاندن و ( نە)ی دانانی.

| نم/ ڕاگەیاندن | نم/ دانانی |
|---|---|
| نامان نێرێت. | نەمان نێرێت. |
| نامان نێرێتەوە. | نەمان نێرێتەوە. |

ب- ئەگەر کارە ڕانەبردووە تێپەڕەکە (داڕێژراو بە پێشگر، یان لێکدراو) بوو، لە هەموو حاڵەتەکانی (ئەرێ و نەرێ)، (ڕاگەیاندن و دانانی)، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارەکە .

| نم/ ڕاگەیاندن | نم/ دانانی |
|---|---|
| ڕامان دەگرێت ← ڕامان ناگرێت. | ڕامان بگرێت ← ڕامان نەگرێت. |
| دروستمان دەکات ← دروستمان ناکات. | دروستمان بکات ← دروستمان نەکات. |

*/ لە کاری ڕانەبردووی تێپەڕدا ئەگەر بکەر کەسی سێیەمی تاک و کۆ (ێت/ ات – ن) بوو، ئەوا هەموو جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم (م – مان، ت – تان، ی – یان) لەگەڵیدا دەگونجێن ببن بە بەرکار.

نم/ هەڵم دەبژێرێت - هەڵمان دەبژێرێت

هەڵت دەبژێرێت - هەڵتان دەبژێرێت

هەڵی دەبژێرێت - هەڵیان دەبژێرێت

بەڵام ئەگەر بکەر کەسی یەکەمی تاک و کۆ و دووەمی تاک و کۆ (م – ین، یت – ن) بوو، ئەوا ناگونجێت بەرکاریش هەمان کەسی بەرانبەری بکەر بێت.

نم/ هەڵم دەبژێرم × - هەڵمان دەبژێرین ×

هەڵت دەبژێریت × - هەڵتـــان دەبژێرن ×

دووەم: کاری (داخوازیی تێپەڕ):

١- کۆمەڵەی چوارەم← بکەر (شوێنەکەیان جێگیرە و دەکەونە کۆتاییی کارەکەوە.)

٢- کۆمەڵەی یەکەم ← بەرکار (شوێنەکەیان جێگیر نییە.)

*/ لە بەرئەوەی جێناوی لکاوی بکەر لەگەڵ کاری داخوازی بریتییە لە کەسی دووەمی تاك و کـــــــۆ (ە - ن)، ئەوا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك و کۆی (ت- تان) لە کۆمەڵەی یەکەم ناتوانن ببن بە بەرکار، واتە لە کۆمەڵەی یەکەم تەنیا جێناوەکانی (م- مان، ی- یان) دەتوانن ببن بە بەرکار.

أ- ئەگەر کارە داخوازییە تێپەڕەکە (سادە) یان (دارێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، جێناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە کۆتاییی نیشانەی (ب)ی داخوازی لە حاڵەتی ئەرێ.

نم/ بمان نێرە

بەڵام لە حاڵەتی نەرێ جێناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە کۆتاییی نیشانەی نەرێی (مە).

نم/ مەمان نێرە.

ب- ئەگەر کارە داخوازییە تێپەڕەکە (دارێژراو بە پێشگر، یان لێکدراو) بوو، جێناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارەکە لە حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ ڕامان بگرە ← ڕامان مەگرە

فێرمان بکەن ← فێرمان مەکەن

سێیەم: کاری (ڕابردووی تێپەڕ):

١- کۆمەڵەی یەکەم ← بکەر

٢- کۆمەڵەی یەکەم ← بەرکار

واتە لە ڕابردووی تێپەڕدا بکەر و بەرکار لە هەمان کۆمەڵە دەبن.

*/ هەمیشە هەردوو جێناوە لکاوەکەی کۆمەڵەی یەکەم لە ئەرکی بکەر و بەرکار پێکەوە دێن و لکاون بە یەکەوە و لە یەک جیانابنەوە لە هەر شوێنێکدا بن، گرنگ ئەوەیە یەکەمیان (بەرکار)ە و دووەمیان (بکەر)ە.

أ- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (سادە) یان (دارێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، جێناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە دوای کارەکە و پێش جێناوی لکاوی بکەر (بەرکار ئینجا بکەر) واتە (بەرکار+ بکەر) دێت لە حاڵەتی ئەرێ.

نم/ بردمانیان. (ئەوان ئێمەیان برد.)

بردمانیانەوە. ( ئەوان ئێمەیان بردەوە.)

بەڵام لە حاڵەتی نەرێ جێناوی لکاوی بەرکار دەکەوێتە دوای نیشانەی نەرێی (نە) و پێش جێناوی لکاوی بکەر ( بەرکار ئینجا بکەر) واتە (بەرکار+ بکەر) پێکەوە دێت.

نم/ نەمانیان برد. (ئەوان ئێمەیان نەبرد.)

نەمانیان بردەوە. ( ئەوان ئێمەیان نەبردەوە.)

ب- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (دارێژراو بە پێشگر، یان لێکدراو) بوو، جێناوی لکاوی بەرکار ئینجا بکەر واتە (بەرکار+ بکەر) پێکەوە دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە لە حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ ڕامانیان گرت. ← ڕامانیان نەگرت.

فێرمانیان کرد. ← فێرمانیان نەکرد.

*/ ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (سادە، دارێژراو، لێکدراو) بوو، بکەر و بەرکار لە کۆمەڵەی یەکـــــەم (م- مان) بن، ئەوا جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك (ی) لە دەوری بەرکار دەرناکەوێت بۆ ئاسانی دەربڕین، بەڵام لە ڕاستیدا جێناوی لکاوی هەیە کە بریتییە لە (ی).

نم/ بردیـــمان. ← بردمان.

ڕایـــمان گرت. ← ڕامان گرت.

فێریـــمان کرد. ← فێرمان کرد.

## دووەم: کۆمەڵەی دووەم: (م ـ ین)، (یت ـ ن)، (Ø ـ ن)

١- ئەم کۆمەڵەیە تەنیا لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) دەبێت بە بەرکار.

٢- شوێنەکەیان جێگیرە و ناگۆڕێت و بەزۆری دەکەونە کۆتاییی کارەکە (قەد).

یەکەم/ ڕابردووی تێپەڕ: ١- کۆمەڵەی یەکەم ← بکەر

٢- کۆمەڵەی دووەم ← بەرکار

أ- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (سادە) یان (دارێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو بە هەردوو جۆری (ڕاگەیاندن و دانانی)یەوە، بکەر کەسی یەکەمی (تاك و کۆ) یان دووەمی (تاك و کۆ) بوو، ئەوا هەردوو کۆمەڵە دەچنە کۆتاییی کارەکە، بەڵام کۆمەڵەی یەکەم بکەرە و لە پێشدا دێت و کۆمەڵەی دووەم لە دوای بکەر دێت و بەرکارە واتە (بکەر+ بەرکار) لە حاڵەتی ئەرێ.

نم/ ناردمانن (ئێمە ئەوانمان نارد .)

بەڵام لە حاڵەتی نەرێ، بکەر هەر کەسێك بێت، ئەوا کۆمەڵەی یەکەم کە بکەرە دەکەوێتە دوای نیشانەی نەرێی (نە) و کۆمەڵەی دووەم کە بەرکارە دەکەوێتە کۆتاییی کارەکە.

نم/ نەمان ناردن. (ئێمە ئەوانمان نەنارد.)

ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (سادە) یان (داڕێژراو بە پاشگری {ەوە}) بوو، بکەر کەسی سێیەمی تاك و کۆ بێت ئەوا هەردوو کۆمەڵە دەچنە کۆتاییی کارەکە بەڵام کۆمەڵەی دووەم کە بەرکارە لە پێشدا دێت و ئینجا کۆمەڵەی یەکەم کە بکەرە بە دواى ئەودا دێت، واتە (بەرکار + بکەر) لە حاڵەتی ئەرێ.

نم/ ناردینـــی. ( ئەو ئێمەی نارد.)

ناردینـــیان. ( ئەوان ئێمەیان نارد.)

بەڵام لە حاڵەتی نەرێ، جێناوی لکاوی بەرکار شوێنەکەی ناگۆڕێت بەڵام جێناوی لکاوی بکەر دێتە پێشەوە و دەچێتە کۆتاییی نیشانەی نەرێی (نە).

نم/ نەی ناردین.

نەیان ناردین.

ب- ئەگەر کارە ڕابردووە تێپەڕەکە (داڕێژراو بە پێشگر، یان لێکدراو) بوو بە هەردوو جۆری (ڕاگەیاندن و دانانی)یەوە، کۆمەڵەی یەکەم کە بکەرە دەچێتە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارەکە و کۆمەڵەی دووەم کە بەرکارە شوێنەکەی جێگیرە و هەر دەکەوێتە کۆتاییی کارەکە لە حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ ڕامان گرتن. ← ڕامان نەگرتن.

فێری کردیت. ← فێری نەکردیت.

*/ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا، کاتێك کۆمەڵەی دووەم ئەرکی بەرکار دەبینن، ئەوا جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە دەوری بەرکار لە هەموو کات و شوێنێکدا دەرناکەوێت، واتە سفرە (Ø) چونکە جێناوەکە هێمای نییە واتە بە هەمیشەیی سفرە (Ø).

نم/ فێرمان کرد Ø.

ناردمان Ø.

نارد Ø ی.

نارد Ø یان.

*/ لە شێوەزاری کرمانجیی ژووروودا یەك دەستە جێناوی کەسیی لکاومان هەیە کە ئەمانـــــــــــەن (م- ین، یت- ن، Ø- ن) ئەم جێناوە لکاوانە لە ( ڕابردووی تێپەڕ)دا هەمیشە ئەرکی (بەرکار) دەبینن و دەکەونە کۆتاییی کارەکەش چونکە ئەم جێناوە لکاوانە هەمیشە بۆ کۆمەڵەی (ئەز) دەگەڕێنەوە، کۆمەڵەی (ئەز)یش لە ڕابردووی تێپەڕدا هەمیشە بەرکارە و جێناوە لکاوەکانیش بۆ بەرکار (ئەز) دەگەڕێنەوە بۆیە دەبن بە بەرکار، بەڵام کۆمەڵەی (من) لە ( ڕابردووی تێپەڕ)دا هەمیشە بکەرە.

## جێناوی کەسیی سەربەخۆ

کۆمەڵەی یەکەم
(من)

| | |
|---|---|
| من | مە |
| تە | وە |
| وی / وێ | وان |

- لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەبێ بە بکەر.

کۆمەڵەی دووەم
(ئەز)

| | |
|---|---|
| ئەز | ئەم |
| تو | هوین |
| ئەو | ئەو |

- لەگەڵ هەموو کارەکانی تر ئەرکی بکەرە.
تەنیا لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا ئەرکی بەرکارە.

## جێناوی کەسیی لکاو

| | |
|---|---|
| م | ین |
| یت | ن |
| Ø | ن |

- هەمیشە دەکەونە کۆتایی کار.
- هەمیشە بۆ کۆمەڵەی ( ئەز ) دەگەڕێنەوە. واتە ئەگەر کۆمەڵەی ( ئەز ) بکەر بوو ئەوا ئەمانیش بکەرن. بەڵام ئەگەر کۆمەڵەی ( ئەز ) بەرکار بوو ئەوا ئەمانیش بەرکارن.
- تەنیا کۆمەڵەی ( ئەز ) لە ڕابردووی تێپەڕدا بەرکارە. بۆیە ئەمانیش تەنیا لە ڕابردووی تێپەڕدا دەبن بە بەرکار.

نم/
من تو گرتیت.
مە ئەو گرتØ.
من ئەو گرتن.

*/ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا، ئەگەر (بکەر) کەسی یەکەمی (تاك و کۆ) بوو لە کۆمەڵەی یەکەم، ئەوا نابێت لە کۆمەڵەی دووەم کەسی یەکەمی تاك و کۆ ببێت بە (بەرکار)، واتە ئەگەر بکەر (م- مان) بوو، ئەوا (م- ین) لە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵیدا نابێتە بەرکار.

هەروەها بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆش هەروایە واتە ئەگەر بکەر (ت- تان) بوو، ئەوا (یت- ن) لە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵیدا نابێتە بەرکار.

بەڵام ئەگەر بکەر کەسی سێیەمی تاك و کۆ (ی- یان) بوو، ئەوا هەموو جێناوەکانی کۆمەڵەی دووەم دەبنە بەرکار و بەکاردێن لەگەڵی.

نم/

| | |
|---|---|
| خستمـــی – خستینـــی | خستمیان - خستینیان |
| خستیتـــی – خستنـــی | خستیتیان - خستنیان |
| خستـØـی – خستنـــی | خستـØ یان - خستنیان |

واتە/ بکەر= (ی- یان) = کۆمەڵەی یەکەم، بەرکار= (م- ین، یت- ن، Ø- ن) = کۆمەڵەی دووەم.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی نۆیەم (ئەرکی بەرکار)، لاپەڕە (٥٨)

ڕاهێنانی (١)، لاپەڕە (٥٨)

١- (ن)، (یت)/ لە کۆمەڵەی دووەمن، کۆمەڵەی دووەمیش کاتێک دەبێتە بەرکار کە کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێ.

نم/ (ن)
ناردمانـــن.
ناردنـــی.
ڕامان گرتن.
بانگمان کردن.

نم/ (یت)
ناردمانـــیت.
ناردیـتـی.
ڕامان گرتـــیت.
بانگمان کردیت.

٢- (یان)/ لە کۆمەڵەی یەکەمە، کۆمەڵەی یەکەمیش کاتێک دەبێتە بەرکار کە کاری ڕستەکە ئەمانەی خوارەوە بێ:

أ- داخوازیی تێپەڕ (سادە، داڕێژراو، لێکدراو): نم/ بـــیان نووسە.
ڕایان بهێنە.
فێریان بکە Ø .

ب- ڕانەبردووی تێپەڕ (سادە، داڕێژراو، لێکدراو): نم/ دەیان نێرم.
ڕایان دەهێنم.
فێریان دەکەم.

ج- ڕابردووی تێپەڕ (سادە، داڕێژراو، لێکدراو): نم/ بردیانـــمان.
ڕایانـــم گرت.
فێریانـــم کرد.

٣- (ت)/ لە کۆمەڵەی یەکەمە، کۆمەڵەی یەکەمیش کاتێک دەبێتە بەرکار کە کاری ڕستەکە ئەمانەی خوارەوە بێ:

أ- داخوازیی تێپەڕ (سادە، داڕێژراو، لێکدراو): بۆ داخوازیی تێپەڕ نابێ چونکە بکەریش هەر کەسی دووەمی تاک و کۆیە، بۆیە کەسی دووەمی تاک و کۆی کۆمەڵەی یەکەم ناتوانن لەگەڵ ئەم جۆرە کارە ببن بە بەرکار.

ب- ڕانەبردووی تێپەڕ (سادە، داڕێژراو، لێکدراو): نم/ دەت نێرم.
ڕات دەهێنم.
فێرت دەکەم.

ج- ڕابردووی تێپەڕ (سادە، داڕێژراو، لێکدراو): نم/ بردتـــمان.
ڕاتـــم گرت.
فێرتـــم کرد.

.....................................................................................................

راهێنانی(٢)، لاپەڕە(٥٨)

١- (تان) ← بکەر

(ین) ← بەرکار

نم/ دەتان ناردین بۆ زانکۆ. یان (ناردتانـــین بۆ زانکۆ.)

٢- (تان) ← بەرکار

(ین) ← بکەر

نم/ دەتان نێرین بۆ زانکۆ.

.....................................................................................................

راهێنانی (٣)، لاپەڕە(٥٨)

کاتێک جێناوی لکاوی (ی) بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری بەرکار دەردەکەوێت کە کاری ڕستەکە:

١- داخوازیی تێپەڕ (سادە، دارێژراو، لێکدراو) بێ: نم/ بـــی بەخشە.

٢- ڕانەبردووی تێپەڕ (سادە، دارێژراو، لێکدراو) بێ: نم/ دەی بەخشم.

.....................................................................................................

راهێنانی (٤)، لاپەڕە(٥٨)

١- ڕاسپارد/ لە بەرئەوەی کارەکە ڕابردووی تێپەڕە و دارێژراوە بە پێشگر، هەردوو کۆمەڵەکە دەبن بە بەرکار، بەم شێوەیە:

أ- کۆمەڵەی یەکەم (م – مان) دەبنە بەرکار و دەچنە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارەکە، بە دوای ئەمانیشدا جێناوی لکاوی بکەریش دێت، واتە (بەرکار+ بکەر).

ڕامـــی سپارد - ڕامانـــی سپارد

ڕاتـــی سپارد - ڕاتانـــی سپارد

ڕا × ی سپارد - ڕایانـــی سپارد

ب- کۆمەڵەی دووەمیش دەبنە بەرکار و دەچنە کۆتاییی کارەکە.

ڕای سپاردم - ڕای سپاردین

ڕای سپاردیت - ڕای سپاردن

ڕای سپارد Ø - ڕای سپاردن

٢- ببینە/ لە بەرئەوەی کارەکە داخوازیی تێپەڕە و سادەیە، جێناوە لکاوەکانی (م – مان، ی – یان)ی کۆمەڵەی یەکەم دەبن بە بەرکار و دەچنە کۆتاییی نیشانەی (ب).

بـــم بینە - بـــمان بینە

بـــی بینە - بـــیان بینە

*/ (ت – تان)ی کۆمەڵەی یەکەم نابن بە بەرکار لەگەڵ داخوازیی تێپەڕ.

٣- هێنا/ لە بەرئەوەی کارەکە ڕابردووی تێپەڕە و سادەیە، هەردوو کۆمەڵەکە دەبن بە بەرکار، بەم شێوەیە:

أ- کۆمەڵەی یەکەم (م – مان) دەبنە بەرکار و دەچنە کۆتاییی کارەکە، بە دوای ئەمانیشدا جێناوی لکاوی بکەریش دێت، واتە (بەرکار+ بکەر).

هێنامـــی - هێنامانـــی

هێناتـــی - هێناتانـــی

هێنا× ی - هێنایانـــی

ب- کۆمەڵەی دووەمیش دەبنە بەرکار، بەم شێوەیە:

A- دەچنە دوای جێناوی لکاوی بکەر واتە (بکەر + بەرکار)، ئەگەر بکەر کەسی یەکەمی تاک و کۆ و کەسی دووەمی تاک و کۆ (م – مان، ت – تان) بێ.

هێناتـــم - هێناتـــین

هێنامـــیت - هێنامـــن

هێنامØ - هێنامـــن

B- دەچنە دوای کارەکە و پێش بکەر واتە (بەرکار + بکەر) ئەگەر بکەر کەسی سێیەمی تاک و کـــــۆ (ی– یان) بێ.

هێنامـــی - هێناینـــی

هێنایتـــی - هێنانـــی

هێناØ ی - هێنانـــی

٤- دەبات/ لە بەرئەوەی کارەکە ڕانەبردووی تێپەڕە و سادەیە، کۆمەڵەی یەکەم دەبن بە بەرکار و دەچنە کۆتاییی نیشانەی (دە).

دەم بات - دەمان بات

دەت بات - دەتان بات

دەی بات - دەیان بات

........................................................................................................

راهێنانی (٥)، لاپەڕە (٥٨)

(پار هەڵی بژاردین.)

١- (ین)/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ لە کۆمەڵەی دووەم، بەرکارە.

خراوەتە ئەو شوێنە چونکە کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕە و داڕێژراوە بە پێشگر، (ین) لە کۆمەڵەی دووەمە و هەمیشەش دەچنە کۆتاییی کارەوە.

٢- ئەگەر (ین) بگۆڕین بۆ (مان)، ئەوا (مان) دەچێتە کۆتاییی بەشی یەکەمی کارەکە واتە دەچێتە پێش جێناوی لکاوی بکەر واتە (بەرکار + بکەر).

نم / (پار هەڵمانـــی بژارد.)

چونکە کارەکە ڕابردووی تێپەڕە و داڕێژراوە بە پێشگر و بکەر و بەرکار لە هەمان کۆمەڵەی یەکەمن (م – مان) کە هەمیشە بەرکار دێت ئینجا بکەر.

٣- (ئێستا هەڵـــمان دەبژێرێت.)

مان/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ لە کۆمەڵەی یەکەم، بەرکارە.

ێت/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی سێیەم، بکەرە.

---

## بابەتی دەیەم: ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان:
## سێیەم: وەکو ( تەواوکەری بەیاریدە):

*/ تەواوکەری بەیاریدە، ئەرکە.
*/ تەواوکەری بەیاریدە، دوو جۆرە:
١- تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو
٢- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو
بە ڕای من لە بابەتی دەیەمدا، مەبەست لە ( تەواوکەری بەیاریدە)، جۆری یەکەمیانە واتە تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار:
أ- لە بابەتی دەیەمدا، کتێبەکە بە هیچ شێوەیەک باسی کاری ناتەواو ناکات.
ب- لە بابەتی شەشەمدا کتێبەکە باسی تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو دەکات.
ـ تەواوکەری بەیاریدە: ئەو ناوە، یان جێناوەیە، کە لە ڕستەدا واتای کار تەواودەکات بە یارمەتی ئامرازی پەیوەندی، لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕیشدا دێت.
ـ ئامرازی پەیوەندی: ئەو وشەیەیە، کە لە ڕستەدا لە پێش ناوێک یان جێناوێک دێت بۆ پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو ناوە یان ئەو جێناوە لەگەڵ ناوێکی تری هەمان ڕستە.
ـ ئامرازی پەیوەندی: وەکو (لە، بۆ، بە، لێ، تێ، پێ، ...هتد).
*/ ئەو ئامرازە پەیوەندییانەی کە جێناوی لکاو دەکەن بە (تەواوکەری بەیاریدە) بریتین لە (بۆ، لێ، پێ، تێ)، چونکە ئامرازی (بۆ) هەر بە شێوەی سەربەخۆ بەکاردێت و شێوەی لکاوی نییە. بەڵام (لێ) شێوەی لکاوی (لە)ی سەربەخۆیە، (پێ) شێوەی لکاوی (بە)ی سەربەخۆیە، (تێ) شێوەی لکاوی (لە)ی سەربەخۆیە، واتە کە جێناوە سەربەخۆکان دەبن بە جێناوی لکاو ئەوا ئامرازە پەیوەندییە سەربەخۆکانیش دەبن بە ئامرازی پەیوەندی لکاو (لێ، پێ، تێ).
ـ لە ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەدا مەرجە و دەبێ ئامرازێکی پەیوەندی لە ڕستەکەدا هەبێت، بەزۆریش لەپێش (کار)ەکەوە دەبێت.
*/ تەنیا کۆمەڵەی یەکەم و کۆمەڵەی دووەم دەتوانن ئەرکی (تەواکەری بەیاریدە) ببینن، بەڵام دوو کۆمەڵەکەی تر (سێیەم و چوارەم) ناتوانن ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە ببینن.
ـ ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان لە ناو ڕستەدا لە دەوری تەواکەری بەیاریدە/ ئەوەیە کە هەروەك چۆن (ناو، گرێی ناوی، جێناوی سەربەخۆ)، لە ڕستەدا دەبن بە تەواوکەری

بەیاریدە، هەر بەم جۆرەش جێناوە کەسییە لکاوەکانیش دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە.
واتە ئێمە مەبەستمان لەم ئەرکە ئەوەیە کە لە جیاتی وشە (کەرەستە)یەکی سەربەخۆ، تەواوکەری بەیاریدە بە جێناوی لکاو دەرببڕین.

## یەکەم: کۆمەڵەی یەکەم: (م ـ مان)، (ت ـ تان)، (ی ـ یان)

کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ لە هەموو جۆرە کارێکدا ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە دەبینێت، بەم شێوەیە:

١- ڕابردووی تێنەپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت.

أ- ئەگەر ناوەکە (بکەر) باسکرابوو، ئەوا جێناوەکە دەچێتە کۆتایی ناوەکە لەهەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ نامەکەمان بۆ هاتØ.

نم/ نامەکەمان بۆ نەهاتØ.

ب- ئەگەر ناوەکە (بکەر) باس نەکرابوو، ئەوا جێناوەکە دەچێتە کۆتایی ئامرازە پەیوەندییەکە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ بۆمان هاتØ.

نم/ بۆمان نەهاتØ.

٢- ڕانەبردووی تێنەپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت.

أ- ئەگەر ناوەکە (بکەر) باسکرابوو، ئەوا جێناوەکە دەچێتە کۆتایی ناوەکە لەهەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ نامەکەمان بۆ دێت.

نم/ نامەکەمان بۆ نایێت.

ب- ئەگەر ناوەکە (بکەر) باس نەکرابوو، ئەوا جێناوەکە دەچێتە کۆتایی ئامرازە پەیوەندییەکە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ بۆمان دێت.

نم/ بۆمان نایێت.

٣- داخوازیی تێپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت.

*/ جێناوەکانی (ت – تان) لەگەڵ کاری داخوازیی تێپەڕ و تێنەپەڕ نابن بە تەواوکەری بەیاریدە.

أ- ئەگەر ناوەکە (بەرکار) باس کرابوو، ئەوا تەنیا جێناوە لکاوەکانی (م ـ مان)، (ی ـ یان) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کۆتایی ناوەکە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ نامەکەمان بۆ بنووسە.

نم/ نامەکەمان بۆ مەنووسە.

ب- ئەگەر ناوەکە (بەرکار) باس نەکرابوو، تەنیا جێناوە لکاوەکانی (م ـ مان)، (ی ـ یان) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ بۆمان بنووسە.

نم/ بۆمان مەنووسە.

٤- داخوازیی تێنەپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت.

أ- لە کتێبەکەدا نموونە بۆ خاڵی (أ) باس نەکراوە.

*/ ئەم حاڵەتەمان نییە، واتە (ناو) لە داخوازیی تێنەپەڕ لە دەوری بکەر نایەت چونکە ناوەکە کەسی سێیەمی تاك یان کۆیە، بەڵام بکەری داخوازی هەمیشە کەسی دووەمی تاك و کۆیە بۆیە نایەت.

ب- ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازیی تێنەپەڕ بێت، تەنیا جێناوە لکاوەکانی (م ـ مان)، (ی ـ یان) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ. واتە لە داخوازیی تێنەپەڕ هەمیشە جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە کۆتاییی ئامرازی پەیوەندی.

نم/ بۆمان بژیØ.

نم/ بۆمان مەژیØ.

٥- بکەرنادیار: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت.

*/ (جێگری بکەر)، (ڕابردوو، ڕانەبردوو).

أ- ئەگەر ناوەکە (جێگری بکەر) باسکرابوو، ئەوا جێناوەکە دەچێتە کۆتاییی ناوەکە لەهەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ نامەکەمان بۆ نووسراØ.　　نم/ نامەکانمان بۆ دەنووسرێن.

نم/ نامەکەمان بۆ نەنووسراØ.　　نم/ نامەکانمان بۆ نانووسرێن.

ب- ئەگەر ناوەکە (جێگری بکەر) باس نەکرابوو، ئەوا جێناوەکە دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە لەهەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

نم/ بۆمان نووسراØ.　　نم/ بۆمان دەنووسرێن.

نم/ بۆمان نەنووسراØ.　　نم/ بۆمان نانووسرێن.

*/ ٦- کاری ناتەواو: (نیهاد)، (تەواوکەر)

لە کتێبەکەدا لە بابەتی دەیەمدا باس نەکراوە بەڵام ئەم حاڵەتەشمان هەیە و لە بابەتی شەشەم خوێندوومانە.

أ- نم/ خەڵاتەکەمان بۆ بووØ.

ب- نم/ بۆمان بووØ.

٧- ڕانەبردووی تێپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت.
أ- ئەگەر ناوەکە (بەرکار) باس کرابوو، ئەوا جێناوەکە دەچێتە کۆتاییی ناوەکە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.
نم/ وانەکەمان بۆ شەرح دەکات.
نم/ وانەکەمان بۆ شەرح ناکات.
ب- ئەگەر ناوەکە (بەرکار) باس نەکرابوو، ئەوا جێناوەکە دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.
نم/ بۆمان شەرح دەکات.
نم/ بۆمان شەرح ناکات.
٨- ڕابردووی تێپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت.
أ- ئەگەر ناوەکە (بەرکار) باس کرابوو، ئەوا جێناوەکە هەمیشە دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.
نم/ وانەکەت بۆمان شەرح کرد.
نم/ وانەکەت بۆمان شەرح نەکرد.
ب- ئەگەر ناوەکە (بەرکار) باس نەکرابوو، ئەوا جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە هەمیشە دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە و بە دوای ئەمیشدا جێناوی لکاوی بکەر دێت واتە بە دوای یەکدا (ج.ل.ت.بەیاریدە + ج.ل.بکەر) لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.
نم/ بۆمانت شەرح کرد.
نم/ بۆمانت شەرح نەکرد.
کەواتە کۆمەڵەی یەکەم لە ڕابردووی تێپەڕ، بەرکار باسکرابێ و باس نەکرابێ، شوێنی جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە جێگیرە و هەمیشە دەکەوێتە کۆتاییی ئامرازی پەیوەندییەکە واتە دەلکێت بە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکەوە.
دووەم: کۆمەڵەی دووەم: (م ـ ین)، (یت ـ ن)، (Ø ـ ن):
١- ئەم کۆمەڵەیە تەنیا لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) دەبێت بە تەواکەری بەیاریدە.
٢- شوێنەکەیان جێگیرە و ناگۆڕێت و دەکەونە کۆتاییی کارەکە (قەد).
بەم شێوەیە:
ـ ڕابردووی تێپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت.
أ- ئەگەر بەرکار باس کرا، ئەوا جێناوەکە هەمیشە دەچێتە کۆتاییی کارەکە، بەڵام جێناوی بکەر هەر لە کۆتاییی (بەرکار)دایە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.
نم/ وانەکەت بۆ شەرح کردین.
نم/ وانەکەت بۆ شەرح نەکردین.

ب- ئەگەر بەرکار باس نەکرا، ئەوا جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە هەر شوێنەکەی جێگیرە و هەمیشە دەچێتە کۆتاییی کارەکە، بەڵام جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە لە هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێ.

*/ لێرەدا بەرکار دەرنەکەوتووە و باس نەکراوە نە بە وشەی سەربەخۆ و نە بە جێناوی لکاو، واتە ناتوانین بیکەین بە جێناوی لکاویش.

نم/ بۆت شەرح کردین.

نم/ بۆت شەرح نەکردین.

کەواتە کۆمەڵەی دووەم لە ڕابردووی تێپەڕ، بەرکار باسکرابێ و باس نەکرابێ، شوێنی جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە جێگیرە و هەمیشە دەکەوێتە کۆتاییی کارەکە.

چەند خاڵێکی گرنگ:

١- جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە کۆمەڵەی دووەم لە دەوری (تەواوکەری بەیاریدە) لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ)دا دەرناکەوێت چونکە هێمای نییە و سفرە (Ø).

نم/ وانەکەمان بۆ شەرح کرد Ø.

نم/ وانەکەمان بۆ شەرح نەکرد Ø.

٢- هەندێك جار ئامرازی پەیوەندی و جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەکەونە دوای کارەکەوە، بە تایبەتی لە کاتی ئاخاوتن و قسەکردندا.

نم/ بۆتی دەنێرم. (بەزۆری وایە و ڕێزمانی ترە.)

نم/ دەی نێرم بۆت. (بەکەمی وایە و بۆ قسەکردنە.)

٣- ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕانەبردووی تێپەڕ) بوو، (ناوێك، یان جێناوێکی سەربەخۆ، یان جێناوێکی لکاو، یان هاوەڵناوێك) بوو بە دیارخەری (بەرکار)ی ڕستەکە، ئەوا جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە دوای دیارخەرەکانی (بەرکار)ەکەوە. بە واتایەکی تر ئەو ناوەی کە ئەرکی بەرکاری بینیوە و دیارخەرەکەی گرێیەکی ناوی دروست دەکەن لە بنەڕەتدا ئەرکی بەرکار دەبینن، جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدەش دەچێتە کۆتاییی گرێیە ناوییەکە.

نم/ کتێبەکەی مامۆستاکەمان لێ وەردەگرێت.

نم/ کتێبەکەی ئێوەمان لێ وەردەگرێت.

نم/ کتێبەکەتانمان لێ وەردەگرێت.

نم/ وانەیەکی باشمان بۆ شەرح دەکات.

*/ لە کتێبەکەدا باسی کاری (داخوازیی تێپەڕ) نەکراوە وەکو چۆن باسی کاری (ڕانەبردووی تێپەڕ)ی کردووە لە تێبینیی سێیەم. بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە (داخوازیی تێپەڕ)یش بوو، ئەوا هەروەکو ڕانەبردووی تێپەڕ وایە، (ناوێك، یان جێناوێکی سەربەخۆ،

یان جێناوێکی لکاو، یان هاوەڵناوێك) بوو بە دیارخەری (بەرکار)ی ڕستەکە، ئەوا جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە دوای دیارخەرەکانی (بەرکار)ەکەوە.

نم/ کتێبەکەی مامۆستاکەمان لێ وەربگرە.

نم/ کتێبەکەی ئەوانـــم لێ وەربگرە.

نم/ کتێبەکەیانـــم لێ وەربگرە.

نم/ وانەیەکی باشمان بۆ شەرح بکەن.

/*

| کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم |
|---|---|
| ت. بەیاریدە | ت. بەیاریدە |
| ڕابردووی تێپەڕ | ڕابردووی تێپەڕ |
| نم/ نامەکەت بۆمان نووسی. | نم/ نامەکەت بۆ نووسیین. |
| ١- (م ـ مان) = کۆمەڵەی یەکەم. | ١- (م ـ ین) = کۆمەڵەی دووەم |
| ٢- دەکەوێتە دوای ئامرازە پەیوەندییەکە. | ٢- دەکەوێتە دوای کارەکە. |

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی دەیەم (ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە)، لاپەڕە (٦٥)

ڕاهێنانی(١)، لاپەڕە(٦٥)

١- {(ین)، (یت)، (ن)}/ هەر سیانیان لە کۆمەڵەی دووەمن، تەنیا لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کۆتاییی کارەکە.

نم/گۆڤارەکەت بۆ ناردین.

نم/گۆڤارەکەم بۆ ناردیت.

نم/گۆڤارەکەمان بۆ ناردن.

٢- {(یان)، (مان)}/ هەردووکیان لە کۆمەڵەی یەکەمن، لەگەڵ هەموو جۆرە کارێکدا دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە و شوێنەکەشیان بە پێی جۆری کارەکە دەبێت.

أ- ڕابردووی تێنەپەڕ: نم/نامەکەیان بۆ هاتØ. نم/نامەکەمان بۆ هاتØ.

ب- ڕانەبردووی تێنەپەڕ: نم/نامەکەیان بۆ دێت. نم/نامەکەمان بۆ دێت.

ج- داخوازیی تێپەڕ: نم/نامەکەیان بۆ بنووسە. نم/نامەکەمان بۆ بنووسە.

د- داخوازیی تێنەپەڕ: نم/بۆیان بژیØ. نم/بۆمان بژیØ.

هـ- بکەرنادیار: نم/نامەکەیان بۆ نووسراØ. نم/نامەکەمان بۆ نووسراØ.

و- ڕانەبردووی تێپەڕ: نم/وانەکەیان بۆ باس دەکات. نم/وانەکەمان بۆ باس دەکات.

ی- ڕابردووی تێپەڕ: نم/وانەکەم بۆیان باسکرد. نم/وانەکەت بۆمان بۆ باسکرد.

---

ڕاهێنانی(٢)، لاپەڕە(٦٥)

کاتێک کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت و جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵی بەکاربێت، ئەو کاتە دەرناکەوێت چونکە جێناوەکە هێمای نییە و سفرە (Ø).

نم/کتێبەکانم بۆ چاپکردØ.

---

ڕاهێنانی(٣)، لاپەڕە(٦٥)

بۆت نووسیوم، بۆت بنووسم ئەمن کێـــم

دوندی قەندیلی گۆڕەپانی هەڵگورد نیم

١- (ت)ی یەکەم: بکەرە.

(ت)ی دووەم: تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.

٢- (م)ی دوای نووسی: تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە.

(م)ی دوای بنووسم: بکەرە.

راهێنانی (٤)، لاپەڕە(٦٥)

١- لەبەربکەØ: لە بەرئەوەی کارەکە داخوازیی تێپەڕە، تەنیا کۆمەڵەی یەکەم دەبێت بە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵیدا، بەم شێوەیە:

أ- ئەگەر بەرکار باس کرا، جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی بەرکار.

نم/ هۆنراوەکەمان بۆ لەبەربکەØ.

ب- ئەگەر بەرکار باس نەکرا، جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە.

نم/ بۆمان لەبەربکەØ.

٢- پێ گەیشت: لە بەرئەوەی کارەکە ڕابردووی تێنەپەڕە، تەنیا کۆمەڵەی یەکەم دەبێت بە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵیدا، بەم شێوەیە:

*/+ ئەگەر (پێ) لە کاری (پێ گەیشت) ئامرازی پەیوەندی بێ، ئەو کاتە چاوگەکە بە تەنیا (گەیشتن)ە و سادەیە و نموونەکان بەم شێوەیەیە:

أ- ئەگەر بکەر باس کرا، جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی بکەر.

نم/ هۆنراوەکەمان پێ گەیشتØ.

ب- ئەگەر بکەر باس نەکرا، جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە.

نم/ پێــمان گەیشتØ.

٣- تێ گەیاند: لە بەرئەوەی کارەکە ڕابردووی تێپەڕە، هەردوو کۆمەڵەکە دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵیدا، بەم شێوەیە:

*/+ ئەگەر(تێ) لە کاری (تێ گەیاند) ئامرازی پەیوەندی بێ، ئەو کاتە چاوگەکە بەتەنیا (گەیاندن)ە و سادەیە و نموونەکان بەم شێوەیەیە:

کۆمەڵەی یەکەم:

أ- ئەگەر بەرکار باس کرابوو، جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە.

نم/ وانەکەم تێــیان گەیاند.

ب- ئەگەر بەرکار باس نەکرابوو، جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە و بەدوای ئەمیشدا جێناوی لکاوی بکەر دێت، واتە(ت. بە + بکەر).

نم/ تێــیانــــم گەیاند.

کۆمەڵەی دووەم: -

بەرکار باس کرابێ و باس نەکرابێ، هەمیشە جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی کارەکە.

نم/ وانەکەم تێ گەیاندیت. (بەرکار باس کرابێ)
نم/ تێم گەیاندیت. (بەرکار باس نەکرابێ)
٤- لێ وەرگرت: لە بەرئەوەی کارەکە ڕابردووی تێپەڕە، هەردوو کۆمەڵەکە دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵیدا، بەم شێوەیە:
*/+ ئەگەر(لێ) لە کاری (لێ وەرگرت) ئامرازی پەیوەندی بێ، ئەو کاتە چاوگەکە بەتەنیا (وەرگرتن)ە و دارێژراوە و نموونەکان بەم شێوەیەیە:
کۆمەڵەی یەکەم:
أ- ئەگەر بەرکار باس کرابوو، جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە.
نم/ کتێبەکەم لێـیان وەرگرت.
ب- ئەگەر بەرکار باس نەکرابوو، جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە و بەدوای ئەمیشدا جێناوی لکاوی بکەر دێت، واتە (ت. بە + بکەر).
نم/ لێـیانـــــــم وەرگرت.
کۆمەڵەی دووەم:
بەرکار باس کرابێ و باس نەکرابێ، هەمیشە جێناوی لکاوی (ت. بە)، دەچێتە کۆتاییی کارەکە.
نم/ کتێبەکەم لێ وەرگرتــیت. (بەرکار باس کرابێ)
نم/ لێم وەرگرتــیت. (بەرکار باس نەکرابێ)

.................................................................................................

ڕاهێنانی (٥)، لاپەڕە(٦٥)
(وڵاتەکەیان لێ دابەشکردین.)
واتە (ئەوان وڵاتەکەیان لە ئێمە دابەشکرد.)

١- (ین)/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ لە کۆمەڵەی دووەم، تەواوکەری بەیاریدەیە. خراوەتە ئەو شوێنە چونکە کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕە و (ین) لە کۆمەڵەی دووەمە و هەمیشەش دەچنە کۆتاییی کارەوە.
٢- لێ/ ئامرازی پەیوەندییە.
٣- ئەگەر (ین) بگۆڕین بۆ (مان)، ئەوا (مان) دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە (وڵاتەکەیان لێـمان دابەشکرد.) یان (وڵاتەکەیان دابەشکرد لێـمان.)
چونکە کارەکە ڕابردووی تێپەڕە و (مان) لە کۆمەڵەی یەکەمە و هەمیشەش کۆمەڵەی یەکەم دەچنە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە.
٤- (یان) دەچێتە کۆتاییی ئامرازە پەیوەندییەکە، (لێـــیان دابەشکردین).

---

## بابەتی یازدەیەم: هاوەڵناو لە ڕووی دروستـــــــــــکردن (پێکهاتن، ڕۆنان)ەوە:

ـ هاوەڵناو: وشەیەکە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات و دەبێتە دیارخەری ناوێك یان جێناوێك یان هاوەڵناوێکی تر، یان تەواوکەری کارێکی ناتەواو، واتە سیفەتێك ئاشکرا دەکات و لە هاوچەشنەکانی جیادەکرێتەوە.

ـ دابەشکردنەکانی هاوەڵناو:

١- هاوەڵناو لە ڕووی (واتا)وە:

أ- هاوەڵناوی چۆنیەتی
ب- هاوەڵناوی نیسبی
ج- هاوەڵناوی نادیار
د- هاوەڵناوی نیشانە

٢- هاوەڵناو لە ڕووی دروستکردن (پێکهاتن، ڕۆنان)ەوە:

أ- سادە
ب- ناسادە: ئەمیش دوو جۆرە:
١- دارِێژراو
٢- لێکدراو

یەکەم/ هاوەڵناوی سادە:

هاوەڵناوی سادە: ئەو هاوەڵناوەیە کە لە وشەیەکی سادەی واتاداری سەربەخۆی تەواو پێك دێت.

نم/ ناسك، جوان، ...هتد

*/ هاوەڵناوی سادە یاسای دروست بوونی نییە چونکە خۆی لە زمانەکەدا هەیە.

دووەم/ هاوەڵناوی ناسادە:

ئەمیش دوو جۆرە:

أ- هاوەڵناوی دارِێژراو:

هاوەڵناوی دارِێژراو: ئەو هاوەڵناوەیە کە لە وشەیەکی سادە و (پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان) پێك دێت.

نم/ بەجەرگ، زانا، بەتوانا، ...هتد

*/ هاوەڵناوی دارێژراو یاسای دروست کردنی هەیە، چونکە خۆمان دروستی دەکەین.

ـ ئەمەش چەند یاسایەکی دروستکردنی هاوەڵناوی دارێژراو:

١-

أ- هاوەڵناوی سادە + پاشگر ← هاوەڵناوی دارێژراو

نم/ یەك + ەم ← یەکەم

ڕوون + اك ← ڕووناك

ب- پێشگر + هاوەڵناوی سادە ← هاوەڵناوی دارێژراو

نم/ نە + خۆش ← نەخۆش

نا + ڕاست ← ناڕاست

٢-

أ- ناوی سادە + پاشگر ← هاوەڵناوی دارێژراو

نم/ زێڕ + ین ← زێڕین

ئاسن + گەر ← ئاسنگەر

ب- پێشگر + ناوی سادە ← هاوەڵناوی دارێژراو

نم/ بە + تام ← بەتام

بێ + شەرم ← بێ شەرم

٣-

أ- ڕەگ + پاشگر ← هاوەڵناوی دارێژراو

نم/ نووس + ەر ← نووسەر

زان + ا ← زانا

گەڕێ + یدە ← گەڕیدە

گەڕێ + ۆك ← گەڕۆك

*/ ناکرێ دوو پیتی (بزوێن) بەیەکەوە بێن، بۆیە لە وشەی (گەڕیدە) و (گەڕۆك)یش هەر وایە، پیتی بزوێنی (ێ)ی کۆتاییی ڕەگەکە لەگەڵ هەردوو پیتی بزوێنی (یـ) و (ۆ)ی سەرەتای پاشگرەکان بەیەکەوە نایەن، بۆیە (ێ)ی کۆتاییی ڕەگەکە لادەچێ بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونەدات، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بزوێنی سەرەتای پاشگرەکان لابچن، نابێ و ناوترێن.

ب- پێشگر + ڕەگ ← هاوەڵناوی دارێژراو

نم/ نە + مر ← نەمر

نە + بەز ← نەبەز

ج- پێشگر + ڕەگ + پاشگر ← هاوەڵناوی دارێژراو

نم/ نا + بین + ا ← نابینا

ب + خۆ + ەر ← بخۆر

نە + زێ + ۆک ← نەزۆک

٤-

قەد + پاشگر ← هاوەڵناوی دارِێژراو

نم/ کەوت + وو ← کەوتوو

برد + ە ← بردە

*/ لە شێوەزاری کرمانجیی ژووروودا پاشگری (ی) کە یەکسانە بە (وو/ و) دەخرێتە سەر قەدی چاوگ و هاوەڵناوی دارِێژراوی لێ دروست دەبێت.

نم/ کەفت + ی ← کەفتی (کەوتوو)

ب- هاوەڵناوی لێکدراو:

هاوەڵناوی لێکدراو: ئەو هاوەڵناوەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێك هاتووە.

نم/ رِەشپۆش، گوڵ بەدەم، ...هتد

*/ هاوەڵناوی لێکدراو یاسای دروست کردنی هەیە، چونکە خۆمان دروستی دەکەین.

ـ ئەمەش چەند یاسایەکی دروستکردنی هاوەڵناوی لێکدراوە:

١- ناو + ناو — نم/ بەژن+چنار ← بەژن چنار، باڵاعەرعەر، گەردن بلوور، چاوباز، ...هتد

٢- ناو + ئامراز + ناو — نم/ گوڵ + بە + دەم ← گوڵ بەدەم، رِووبەخاڵ، دەست بەسەر، لێوبەبار، ...هتد

٣- دووبارەکردنەوەی ناوێك — نم/ چین چین، ...هتد

٤- هاوەڵناوی ژمارە + ناو — نم/ دوو + دڵ ← دوودڵ، دوورِوو، چوارچاو، حەوت رِەنگ، ...هتد

٥- ناو + هاوەڵناو — نم/ دڵ + خۆش ← دڵخۆش، بەخت رِەش، قەدباریک، باڵابەرز، دەست درێژ، سەرگەرم، رِووخۆش، رِوورِەش، بۆن خۆش، چاوشین، ...هتد

٦- هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو — نم/ بۆر + ە + دەولەمەند ← بۆرەدەولەمەند، پاك و خاوێن، ...هتد

*/ (ئازا و زیرەك) رِایەك هەیە دەڵێ ئەمە گرێی هاوەڵناوییە.

٧- هاوەڵناو + ئامراز + ناو — نم/ شۆرِ + ە + بی ← شۆرِەبی، کورتەباڵا، پیرەمێرد، تاریکەشەو، شۆرِەژن، گێلەپیاو، ...هتد

٨- ناو + رِەگ — نم/ خێر + خواز ← خێرخواز، ئاشتی خواز، بارکێش، پیاوکـــوژ، دەست بر، سەربەست، دڵخواز، وتەبێژ، بارهەڵگر، قورئان خوێن، رِۆژنامەنووس، ...هتد

٩- هاوەڵناو + رِەگ — نم/ رِەش + پۆش ← رِەشپۆش، رِاستگۆ، رِاست بێژ، دووربین، گەشبین، خۆشنووس، ...هتد

١٠- هاوەڵناو + هاوەڵناو

نم/ ڕەش + ئەسمەر ـــــ ڕەش ئەسمەر، تازەپێگەیشتوو، ...هتد

١١- ناو + هاوەڵناوێکی کراو

نم/ دڵ + سوتاو ← دڵسوتاو، سەرشکاو، سک سوتاو، دەست گیراو، دڵشکاو، ژەنگ گرتوو، بابردوو، جەرگ بڕاو، ...هتد

١٢- بە دووبارەکردنەوەی هاوەڵناوێکی سادە

نم/ خۆش خۆش ، ...هتد

١٣- هاوەڵکار + ناو

نم/ ژێر + دەست ← ژێردەست، ژێرچەپۆک، ...هتد

١٤- ناو + ڕەگ + پاشگر

نم/ جل + شۆ + ەر ← جل شۆر ، خەباتکەر، ڕەنجدەر، ڕاوکەر، ...هتد

*/ ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا:

هاوەڵناو بەزۆری ئەم ئەرکانە دەبینێت:

١- دیارخەری ناو یان جێناو/ ئەگەر وەسفی ناو یان جێناوی سەربەخۆی کرد.

نم/ کتێبــی باش دەکرِم.

نم/ تۆی بەتوانا بەرێزیت.

٢- تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو/ ئەگەر وەسفی کارێکی ناتەواوی کرد.

نم/ هەنارەکە خۆشــەØ.

٣- دیارخەری هاوەڵناو (واتە دیارخراو و دیارخەر هەردووکیان هاوەڵناون)/ واتە بە شێوەی گرێ کە یەکێکیان دەبێت بە دیارخەر و ئەوی تریان دەبێت بە دیارخراو، بە هەردووکیانەوە گرێیەکی هاوەڵناوی دروست دەکات، کە لە ئەنجامدا (گرێ هاوەڵناوییەکە) هەردوو ئەرکی یەکەم و دووەمی سەرەوە دەبینێت واتە گرێ هاوەڵناوییەکە دەبێتە:

أ- دیارخەری ناو یان جێناو/

نم/ کورێکی زۆر باش هاتØ.

نم/ ئێوەی زۆر زیرەك سەردەکەون.

ب- تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو/

نم/ هەنارەکە زۆرخۆشــەØ.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی یازدەیەم (هاوەڵناو)، لاپەڕە (٧٣)

ڕاهێنانی(١)، لاپەڕە(٧٣)

١- هاوەڵناوی داڕێژراو ئەو هاوەڵناوەیە کە لە وشەیەکی سادە و پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان پێک دێت.

نم/ بەجەرگ، زانا، بەتوانا، ...

هاوەڵناوی لێکدراو ئەو هاوەڵناوەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێک دێت.

نم/ گوڵ بە دەم، بەژن چنار، دڵخۆش، ...

٢- بە سێ ڕێگا هاوەڵناوی داڕێژراو لە ڕەگی کار دروست دەکرێت:

أ- ڕەگی کار + پاشگر نم/ نووسەر، ...

ب- پێشگر + ڕەگی کار نم/ نەمر، ...

ج- پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر نم/ نابینا، بخۆر، بکەر ، ...

٣- قەدی چاوگە تێنەپەڕەکە وەردەگرین،ئینجا پاشگری (وو/ و) یان (ە) یان (ی) دەخەینە سەر قەدەکە و هاوەڵناوی داڕێژراو دروست دەکەین.

نم/ سوتاو، ...

نم/ کەوتە، ...

نم/ کەفتی، ...

٤- لە دوو ناو،هاوەڵناوی لێکدراو دروست دەکەین،بەم شێوەیە:

أ- ناو + ناو نم/ بەژن چنار، باڵاعەرعەر، ...

ب- ناو + ئامراز + ناو نم/ گوڵ بە دەم، ڕووبەخاڵ، ...

ج- دووبارەکردنی ناوێک نم/ چین چین، ...

.......................................................................................................

ڕاهێنانی(٢)، لاپەڕە(٧٣)

| هاوەڵناو | جۆرەکەی | شێوەی دروست بوونی |
|---|---|---|
| ١- دەنگبێژ | لێکدراوە | ناو + ڕەگی کار |
| ٢- سەرسپی | لێکدراوە | ناو + هاوەڵناو |
| ٣- ڕاستگۆ | لێکدراوە | هاوەڵناو + ڕەگی کار |
| ٤- کەوتوو | داڕێژراوە | قەدی چاوگی تێنەپەڕ + پاشگری (وو) |
| ٥- نەمر | داڕێژراوە | پێشگری (نە) + ڕەگی کار |
| ٦- خەباتکەر | لێکدراوە | ناو + ڕەگی کار + پاشگری (ەر) |

| | | |
|---|---|---|
| ٧- تێکۆشەر | داڕێژراوە | ڕەگی کار + پاشگری (ەر) |
| ٨- ناشاد | داڕێژراوە | پێشگری (نا) + هاوەڵناو |

..........................................................................................

راهێنانی (٣)، لاپەڕە (٧٣)

| چاوگ | هاوەڵناوی داڕێژراو | ڕستـــــــــــــــــــه |
|---|---|---|
| ١- زانین | زانا | پیاوی زانا بە دۆست بگرە. |
| | نەزان | لە مرۆڤی نەزان خۆت بپارێزە. |
| ٢- کوشتن | بکوژ | کەس مرۆڤی بکوژی خۆش ناوێت. |
| | کوژەر | کەرەستەی کوژەر بە دەستەوە مەگرە. |

..........................................................................................

راهێنانی (٤)، لاپەڕە (٧٣)

| ڕستە | هاوەڵناو | جۆرەکانیان و بنچینەی وشەکانیان |
|---|---|---|
| ١- | ڕاستگۆ | لێکدراوە ـــــ هاوەڵناو + ڕەگی کار |
| ٢- | بەجەرگ | داڕێژراوە ـــــ پێشگری (بە) + ناو |
| ٣- | نووسەر | داڕێژراوە ـــــ ڕەگی کار + پاشگری (ەر) |
| ٤- | زانا | داڕێژراوە ـــــ ڕەگی کار + پاشگری (ا) |

------------------------------------------------------------------------------------------

# بابەتی دوازدەیەم: هاوەڵکار لە ڕووی دروستکردن (پێکهاتن، ڕۆنان)ەوە:

ـ هاوەڵکار: وشەیەکە وەڵامی پرسیاری (چۆن، کەی، لەکوێ، چەند، ...هتد)ی لایەنێکی ڕوودانی کار دەداتەوە و وەسفی کارەکە دەکات و سنوورێك بۆ ڕوودانی کارەکە لە ڕستەدا دیاردەخات.

ـ دابەشکردنەکانی هاوەڵکار:

١- هاوەڵکار لە ڕووی (واتا)وە:
أ- هاوەڵکاری کاتی
ب- هاوەڵکاری شوێنی
ج- هاوەڵکاری چۆنیەتی
د- هاوەڵکاری چەندێتی
هـ- هاوەڵکاری ڕیکخستن

٢- هاوەڵکار لە ڕووی دروستکردنەوە (پێکهاتن، ڕۆنان):
أ- سادە
ب- ناسادە: ئەمیش دوو جۆرە:
١- داڕێژراو
٢- لێکدراو

یەکەم/ هاوەڵکاری سادە:

هاوەڵکاری سادە: ئەو هاوەڵکارەیە کە لە بنەڕەتدا لە یەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێك هاتووە و لە ڕستەدا وەسفی کار دەکات.

نم/ خێرا، زۆر، باش، ...هتد

*/ هاوەڵکاری سادە یاسای دروست کردنی نییە چونکە خۆی لە زمانەکەدا هەیە.

دووەم/ هاوەڵکاری ناسادە:

ئەمیش دوو جۆرە:

أ- هاوەڵکاری داڕێژراو:

هاوەڵکاری داڕێژراو: ئەو هاوەڵکارەیە کە لە وشەیەکی واتادار و (پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان) پێك دێت.

نم/ لەدوور، دلێرانە، بەجوانی، ...هتد

*/ هاوەڵکاری داڕێژراو یاسای دروست کردنی هەیە، چونکە خۆمان دروستی دەکەین.

ـ ئەمەش چەند یاسایەكی دروستكردنی هاوەڵكاری دارِێژراوە:

| | |
|---|---|
| ١- پێشگری (بە)+ ناو ← هاوەڵكاری دارێژراو | نم/ بە+ دڵ ← بەدڵ |
| ٢- پێشگر+ هاوەڵكار ← هاوەڵكاری دارێژراو | نم/ بە+ زۆر ← بەزۆر |
| ٣- ناو + پاشگری (انە) ← هاوەڵكاری دارێژراو | نم/ شێر + انە ← شێرانە |
| ٤- هاوەڵناو + پاشگری (انە) ← هاوەڵكاری دارێژراو | نم/ ژیر+ انە ← ژیرانە |
| ٥- پێشگر+ هاوەڵناو+ پاشگر ← هاوەڵكاری دارێژراو | نم/ بە + جوان + ی ← بەجوانی |
| ٦- پێشگر+ ناو+ پاشگر ← هاوەڵكاری دارێژراو | نم/ بێ + شەرم+ انە ← بێ شەرمانە |

ب- هاوەڵكاری لێكدراو:

هاوەڵكاری لێكدراو: ئەو هاوەڵكارەیە كە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێك هاتووە.

نم/ ئەمشەو، بەدڵخۆشی، ...هتد

*/ هاوەڵكاری لێكدراو یاسای دروست كردنی هەیە، چونكە خۆمان دروستی دەكەین.

ـ ئەمەش چەند یاسایەكی دروستكردنی هاوەڵكاری لێكدراوە:

| | |
|---|---|
| ١- بە دووبارەكردنەوەی ناو یان هاوەڵناو یان هاوەڵناوی ژمارە | نم/ پۆل پۆل، هێدی هێدی، دوو دوو، ...هتد |
| ٢- ناو + ئامرازی (بە) + ناو | نم/ ماڵ + بە+ ماڵ ← ماڵ بە ماڵ، ...هتد |
| ٣- ناو + ئامرازی (او) + ناو | نم/ دەم + او + دەم ← دەماودەم، ...هتد |
| ٤- هاوەڵناو + ئامرازی (و)+ هاوەڵناو | نم/ پاك + و + خاوێن ← پاك و خاوێن، تێروپر، ...هتد |
| ٥- هاوەڵناو +ئامرازی (بە) + ناو | نم/ پر + بە + دڵ ← پربەدڵ، ...هتد |
| ٦- پێشگر+ هاوەڵناوی لێكدراو + پاشگر | نم/ بە + دڵخۆش + ی ← بەدڵخۆشی، ...هتد |
| ٧- هاوەڵناوی نیشانە+ ناو | نم/ ئەم + شەو ← ئەمشەو، ...هتد<br>نم/ ئەو+ سات ← ئەوسات ← ئەوسا. |

٨- هاوەڵکار + هاوەڵناوی ژمارە + ناو    نم/ پاش + نیوە + ڕۆژ ← پاش نیوەڕۆ، ...هتد

*/ ئەرکی هاوەڵکار لە ڕستەدا:

هاوەڵکار بەزۆری ئەم ئەرکانە دەبینێت:

١- تەواوکەری کاری تەواو/ ئەگەر بە شێوەی وشە (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بوو، لە ناو ڕستەکەدا وەسفی کارەکەی کرد.

نم/ منداڵەکە جوان دانیشتووØە. (سادە)

نم/ کوڕەکە بەپەلە هاتØ. (داڕێژراو)

نم/ ئێمە بەدڵپاکی کارەکە ئەنجام دەدەین. (لێکدراو)

٢- تەواوکەری کاری ناتەواو/ هاوەڵکار دەتوانێت ببێت بە (تەواوکەری کاری ناتەواو).

نم/ ئاهەنگەکە بەشەو دەبێت.

ـ دەڵێن تەنیا هاوەڵکاری (کاتی، شوێنی) دەتوانن ببن بە تەواوکەری کاری ناتەواو، بەڵام هاوەڵکاری چۆنیەتی ناتوانێت.

٣- دیارخەری هاوەڵکار (واتە دیارخراو و دیارخەر هەردووکیان هاوەڵکارن)/ واتە بە شێوەی گرێ کە یەکێکیان دەبێت بە دیارخەر و ئەوی تریان دەبێت بە دیارخراو، بە هەردووکیانەوە گرێیەکی هاوەڵکاری دروست دەکەن، کە لە ئەنجامدا (گرێ هاوەڵکارییەکە) هەر ئەرکەکەی یەکەم کە (تەواوکەری کار)ە دەبینێت واتە گرێی هاوەڵکاریش ئەرکەکەی بریتییە لە (تەواوکەری کار):

نم/ کوڕەکە زۆر باش هاتØ. (گرێی هاوەڵکاری).

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی دوازدەیەم (هاوەڵکار)،
## لاپەڕە (٧٨)

ڕاهێنانی (١)، لاپەڕە (٧٨)

| هاوەڵکار | جۆرەکەی | شێوەی دروست کردنی |
|---|---|---|
| ١- ئەمڕۆ | لێکدراوە | هاوەڵناوی نیشانە + ناو |
| ٢- بەگوڕ | داڕێژراوە | پێشگری (بە) + ناو |
| ٣- تاقم تاقم | لێکدراوە | بە دووبارەکردنەوەی ناو |
| ٤- بەدۆستایەتی | داڕێژراوە | پێشگر + ناو + پاشگر |
| ٥- منداڵانە | داڕێژراوە | ناو + پاشگری (انە) |

ڕاهێنانی (٢)، لاپەڕە (٧٨)

| دێڕە هۆنراوە | هاوەڵکار | جۆرەکانیان |
|---|---|---|
| ١- | بەشەو | داڕێژراوە |
| ٢- | یەک دەم | لێکدراوە |
| | بەکوێری | داڕێژراوە |
| ٣- | پڕبەدڵ | لێکدراوە |

ڕاهێنانی (٣)، لاپەڕە (٧٨)

١- جوان منداڵە جوانەکەی جوان پەروەردە کردووە.

جوان/ ناوە، تاکە، تایبەتییە، ناسراوە، بکەرە.

منداڵەکە/ ناوە، تاکە، ناسراوە، دیارخراوە.

ە/ ئامرازی خستنەسەرە.

جوان/ هاوەڵناوی چۆنیەتییە، سادەیە، دیارخەری ناوی (منداڵ)ە.

منداڵە جوانەکە/ گرێی ناوییە، بەرکارە.

ی/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی یەکەم (م- مان)، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر (جوان).

جوان/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، سادەیە، تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

پەروەردە کردووە/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە، تێپەڕە، لێکدراوە، ئەرێیە.

٢- گەلی کوردستان دلێرانە ڕاپەڕیØ.
گەل/ ناوە، تاکە، کۆمەڵە، دیارخراوە.
ی/ ئامرازی خستنەسەرە.
کوردستان/ ناوە، تایبەتییە، ناسراوە، دیارخەری ناوی (گەل)ە.
گەلی کوردستان/ گرێی ناوییە، بکەرە.
دلێرانە/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، دارێژراوە، تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.
ڕاپەڕی/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، تێنەپەڕە، دارێژراوە، ئەرێیە.
Ø/ جێناوی ڕستەکە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک (Ø) لە کۆمەڵەی دووەم دەرنەکەوتووە، چونکە کارەکە ڕابردووی تێنەپەڕە و جێناوەکەش هێمای نییە، دەگەڕێتەوە بۆ بکەر (گەلی کوردستان).

---

ڕاهێنانی (٤)، لاپەڕە (٧٨)

١- خراپ:

أ- هاوەڵناو: نم/ قسەی خراپ مەکەØ.

ب- هاوەڵکار: نم/ خوێندکارەکە پرسیارەکان خراپ وەڵام دەداتەوە.

٢- منداڵانە:

أ- هاوەڵناو: نم/ قسەی منداڵانە مەکەØ.

ب- هاوەڵکار: نم/ ئەوان منداڵانە ڕەفتاردەکەن.

---

# بابەتی سیازدەیەم: ڕادە

ـ ڕادە / لە ڕووی وشەوە واتە (ئەندازە، بڕ، چەندێتی، میقدار).
ـ ڕادە: لە ڕووی زاراوە و پێناسەوە (بریتییە لەو وشانەی کە ئەندازە و بڕ و میقدار و ڕادەی هاوەڵناوێك یان هاوەڵکارێك دەردەخەن.
نم/ زۆر، کەم، تۆزێك، ...هتد

## یەکەم/ ڕادە و هاوەڵناو:

ـ ڕادە و هاوەڵناو واتە دەرختنی ڕادەی هاوەڵناوە چۆنیەتییەکە بە هاوەڵناوێکی نادیار (ڕادەی هاوەڵناوی).
- هاوەڵناوی نادیار: بریتییە لەو جۆرەی هاوەڵناو، کە جۆر و چۆنیەتی، یان ژمارە و بڕی (ناو)ەکە بە شێوەیەکی نادیار دەست نیشان دەکات، یان دەخرێتە پێش ناوەکە یان جێناوەکە ئەو کاتە پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر نابێت، یان دەخرێتە دوای ناوەکە یان جێناوەکە ئەو کاتە پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر دەبێت.
وەک: (زۆر، هەندێك، کەمێك، گەلێك، ...هتد)
ـ ڕادەی هاوەڵناوی (هاوەڵناوی نادیار): بریتییە لەو وشانەی کە ڕادەی (هاوەڵناوێکی چۆنیەتی) دەردەخەن.
نم/ (زۆر، هەندێك، کەمێك، گەلێك، ...هتد)

پ/ چۆن ڕادەی هاوەڵناو دەردەخەین؟ واتە هەنگاوەکان.

و/ بەم شێوەیە:
١- دیارخەر پێش دیارخراو دەکەوێت.
٢- پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری (ی) نییە.
٣- بەهەردووکیانەوە (دیارخەر و دیارخراو) گرێیەکی هاوەڵناوی دروست دەکەن، کە گرێ هاوەڵناوییەکە هەمان ئەرکی (هاوەڵناو)ی هەیە، واتە(دیارخەری ناو، دیارخەری جێناوی سەربەخۆ، تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو).
ئەمەش یاساکەیەتی/

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هاوەڵناوی نادیار | + | هاوەڵناوی چۆنیەتی | ← | گرێی هاوەڵناوی چۆنیەتی |
| ڕادەی هاوەڵناوی | | هاوەڵناوی چۆنیەتی | | |
| دیارخەر | | دیارخراو | | |

*/ گرێی هاوەڵناوی: بریتییە لەو گرێیەی، کە دیارخراوەکەی دەبێت هەمیشە (هاوەڵناو) بێت، بەڵام دیارخەرەکەی بریتییە لە (ڕادەی هاوەڵناوی)، لە ڕستەشدا ئەرکی هاوەڵناو دەبینێت.

*/ ڕادەی هاوەڵناوی (هاوەڵناوی نادیار) بەزۆری دەبێتە دیارخەری هاوەڵناوی چۆنیەتی.

*/ هاوەڵناو چ ئەرکێکی هەبێ، گرێی هاوەڵناویش هەر هەمان ئەرکی هەیە، تەنیا ئەوەندە جیاوازن کە (هاوەڵناو) وشەیە، بەڵام (گرێی هاوەڵناوی) گرێیە.

نم/ هۆنراوەیەکی زۆر خۆش لە بەردەکەم.

زۆر/ ڕادەی هاوەڵناوییە، دیارخەری هاوەڵناوی (خۆش)ە.

خۆش/ هاوەڵناوی چۆنیەتییە ، دیارخراوە.

زۆر خۆش/ گرێی هاوەڵناوی چۆنیەتییە، دیارخەری ناوی (هۆنراوە)کەیە.

نم/ ئێوەی زۆر زیرەك دەردەچن.

نم/ خانووەکە زۆر فراوانە Ø.

زۆر/ ڕادەی هاوەڵناوییە، دیارخەری هاوەڵناوی (فراوان)ە.

فراوان/ هاوەڵناوی چۆنیەتییە، دیارخراوە.

زۆر فراوان/ گرێی هاوەڵناوی چۆنیەتییە، تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواوە .

## دووەم/ ڕادە و هاوەڵکار:

ـ ڕادە و هاوەڵکار واتە دەرخستنی ڕادەی ( هاوەڵکار) بە هاوەڵکارێکی چەندێتی (ڕادەی هاوەڵکاری).

- هاوەڵکاری چەندێتی: بریتییە لەو جۆرەی هاوەڵکار، کە لە ڕستەدا بڕ و ئەندازە و میقدار و چەندێتی ڕوودانی کارێکی تەواو (تێپەڕ و تێنەپەڕ) پیشان دەدات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

وەک: (زۆر، هەندێك، کەمێك، گەلێك، ...هتد)

ـ ڕادەی هاوەڵکاری (هاوەڵکاری چەندێتی): بریتییە لەو وشانەی کە ڕادەی (هاوەڵکار)ێکی کاتی، شوێنی، چۆنیەتی دەردەخەن.

نم/ (زۆر، هەندێك، کەمێك، گەلێك، ...هتد)

پ/ چۆن ڕادەی هاوەڵکار دەردەخەین؟ واتە هەنگاوەکان.

و/ بەم شێوەیە:

١- دیارخەر پێش دیارخراو دەکەوێت.

٢- پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری (ی) نییە.

٣- بەهەردووکیانەوە (دیارخەر و دیارخراو) گرێیەکی هاوەڵکاری دروست دەکەن، کە گرێ هاوەڵکارییەکە هەمان ئەرکی (هاوەڵکار)ی هەیە، واتە(تەواوکەری کار).

ئەمەش یاساکەیەتی/

| |
|---|
| هاوەڵکاری چەندێتی + هاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی) ← گرێی هاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی) |
| ڕادەی هاوەڵکاری هاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی) |
| دیارخەر دیارخراو |

*/ گرێی هاوەڵکاری: بریتییە لەو گرێیەی، کە دیارخراوەکەی دەبێت هەمیشە (هاوەڵکار) بێت، بەڵام دیارخەرەکەی بریتییە لە (ڕادەی هاوەڵکاری)، لە ڕستەشدا ئەرکی هاوەڵکار دەبینێت.

*/ ڕادەی هاوەڵکاری (هاوەڵکاری چەندێتی) بەزۆری دەبێتە دیارخەری هاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی).

نم/ خوێندکارەکە زۆر درەنگ هاتØ.

گرێی هاوەڵکاری کاتی

نم/ منداڵەکە زۆر لەسەرەوە دانیشتووØە.

گرێی هاوەڵکاری شوێنی

*/ هاوەڵکار چ ئەرکێکی هەبێ، گرێی هاوەڵکاریش هەر هەمان ئەرکی هەیە، تەنیا ئەوەندە جیاوازن کە (هاوەڵکار) وشەیە، بەڵام (گرێی هاوەڵکاری) گرێیە.

نم/ هۆنراوەکەم زۆر باش لە بەرکردووە.

زۆر/ ڕادەی هاوەڵکارییە، دیارخەری هاوەڵکاری (باش)ە.

باش/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، دیارخراوە.

زۆر باش/ گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری کارە.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی سیازدەیەم (ڕادە)، لاپەڕە (٨٢-٨٣)

ڕاهێنانی (١)، لاپەڕە (٨٢)

١- بە هۆی هاوەڵکارە چەندێتییەکانەوە کە دەبن بە دیارخەر بۆ هاوەڵکارەکانی (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی)، کە هەمیشە هاوەڵکارە چەندێتییەکە لە پێشەوە دێت و دیارخەرە. هاوەڵکارەکانی (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی)یش لە دوای ئەو دێن و دیارخراوە.

ئەمەش هەنگاوەکانیەتی:

أ- دیارخەر پێش دیارخراو دەکەوێت.

ب- ئامرازی خستنەسەری (ی) ناوێت.

ج- بە هەردووکیانەوە گرێیەکی هاوەڵکاری دروست دەکەن، کە ئەرکەکەی تەواوکەری کارە.

نم/ وانەکەم زۆر باش شەرح کرد.

٢-

أ- هاوەڵکار: وشەیەکە وەسفی لایەنێکی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەکات.

نم/ خوێندکارەکە بەپەلە هاتØ.

ب- هاوەڵناو: وشەیەکە وەسفی (ناوێک، یان جێناوێک، یان کارێکی ناتەواو) دەکات.

نم/ خوێندکاری زیرەک خۆشەویستەØ.

نم/ ئێوەی زیرەک بە ئاوات دەگەن.

نم/ کوڕەکە زیرەکـــەØ.

---

ڕاهێنانی (٢)، لاپەڕە (٨٢)

١-

زۆر گەورە/

زۆر/ ڕادەی هاوەڵناوییە، دیارخەری هاوەڵناوی (گەورە)یە.

زۆر زوو/

زۆر/ ڕادەی هاوەڵکارییە، دیارخەری هاوەڵکاری کاتی (زوو)ە.

٢-

ئێستا/ واتای کاری ناتەواوی (ە) تەواو دەکات.

بەدڵسۆزی/ واتای کاری (دەکرد) تەواو دەکات.

زۆر زوو/ واتای کاری (تەواوبکەن) تەواو دەکات.

---

راهێنانی (٣)، لاپەڕە (٨٢-٨٣)

١- خانی لەپ زێڕین قەڵایەکی گەلێک سەختــــی دروستکرد.

گەلێک/ ڕادەی هاوەڵناوییە، دیارخەری هاوەڵناوی (سەخت)ە.

سەخت/ هاوەڵناوی چۆنیەتییە، سادەیە، دیارخراوە.

گەلێک سەخت/ گرێی هاوەڵناوییە، دیارخەری ناوی (قەڵا)یە.

ی/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی یەکەم (م – مان)، دەگەڕێتەوە بۆ بـــــــــکەر (خانی لەپ زێڕین).

٢- مێژووی قەڵای دمدم زۆر کۆنەØ.

زۆر/ ڕادەی هاوەڵناوییە، دیارخەری هاوەڵناوی (کۆن)ە.

کۆن/ هاوەڵناوی چۆنیەتییە، سادەیە، دیارخراوە.

زۆر کۆن/ گرێی هاوەڵناوییە، تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواوە.

ە/ کاری ناتەواوە بۆ دەمی ڕانەبردووی کاتی ئێستا، شێوازی ڕاگەیاندنە، تێنەپەڕە، ئەرێیە.

Ø/ جێناوی ڕستەکە، جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک (Ø) لە کۆمەڵەی دووەم دەرنەکەوتووە، چونکە کارەکە ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا و جێناوەکەش هێمای نییە، دەگەڕێتەوە بۆ نیهاد (مێژووی قەڵای دمدم).

٣- پێشمەرگەکان سنووری وڵاتیان گەلێک باش پاراستووە.

گەلێک/ ڕادەی هاوەڵکارییە، دیارخەری هاوەڵکاری چۆنیەتی (باش)ە.

باش/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، سادەیە، دیارخراوە.

گەلێک باش/ گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتییە، تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.

................................................................................................................................................

راهێنانی (٤)، لاپەڕە (٨٣)

دارشتنێکی باشـــم بەجوانی نووسییەوە.

١- (نووسییەوە)/ شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، تێپەڕە.

٢- بەجوانی/ هاوەڵکاری چۆنیەتییە، دارێژراوە، تەواوکەری کاری ڕستەکەیە. دروستکراوە لە (پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر).

٣- باش/ هاوەڵناوی چۆنیەتییە، سادەیە، دیارخەری ناوی (دارشتن)ە.

٤- دارشتنێکی زۆر باشـــم زۆر بەجوانی نووسییەوە.

زۆر١ / ڕادەی هاوەڵناوییە، دیارخەری هاوەڵناوی (باش)ە.

زۆر٢ / ڕادەی هاوەڵکارییە، دیارخەری هاوەڵکاری چۆنیەتی (بەجوانی)یە.

----------------------------------------------------------------------------------------------

# بابەتی چواردەیەم: ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

ـ دیارخەرەکانی ناو:

## یەکەم/ ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

ـ هەریەکە لە بەشی ئاخاوتنی (١- ناو، ٢- جێناو {أ- جێناوی سەربەخۆ، ب- جێناوی لکاو}، ٣- هاوەڵناو)، دەتوانن ببن بە دیارخەری ناو، یان دیارخەری ئەو وشانەی کە لە هێزی ناودان (چاوگ = ناوی واتایی، جێناوی سەربەخۆ، گرێی ناوی).

ـ ناو: وشەیەکە بەکاردێت بۆ ناونان و دیاریکردن و پیشاندانی گیاندارێک (مرۆڤ بێ، ئاژەڵ، یان ڕووەک)، یان بێ گیانێک (شت بێ یان شوێن) یان بیر و مەبەستێک.

ـ دابەشکردنی ناو بە هەموو جۆر و لقەکانیەوە:

١- ناو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سێ جۆرە: (تایبەتی، گشتی، کۆمەڵ).

٢- ناو لە ڕووی بوونەوە دوو جۆرە: (بەرجەستە، واتایی).

٣- ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە چوار جۆرە: (نێر، مێ، دوولایەن، بێ لایەن).

٤- ناو لە ڕووی ژمارەوە (تاك و کۆ) دوو جۆرە: (تاك، کۆ).

٥- ناو لە ڕووی ناسراوی و نەناسراوییەوە دوو جۆرە: (ناسراو، نەناسراو).

٦- ناو لە ڕووی دروستکردنەوە (پێکهاتن، ڕۆنان) سێ جۆرە: (سادە، دارێژراو، لێکدراو).

٧- ناو لە ڕووی ئەرکەوە لە ڕستەدا نۆ (٩) ئەرکی هەیە.

ـ دیارخەر (دەرخەر): ئەو بەشەی گرێیە، کە ڕوونکردنەوە دەخاتە سەر دیارخراو.

- دیارخراو (دەرخراو): ئەو بەشەی گرێیە، کە مەبەستمانە ڕوونکردنەوەی دەربارە بکەین.

ـ ئامرازی خستنەسەر (دانەپاڵ، ئیزافە): ئەو وشەیەیە، کە لە ڕستەدا ناوێک دەداتە پاڵ ناوێکی تر، یان ناوێک دەداتە پاڵ جێناوێک یان هاوەڵناوێک و (گرێ)مان بۆ دروست دەکات.

ئامرازە خستنەسەرەکان ئەمانەن:

لە کرمانجیی خواروو (٢) دووانن، کە بریتین لە (ی)، (ە).

لە کرمانجیی ژووروو (٣) سیانن، کە بریتین لە (ا)، (ێ)، (ێن = ێد = ێت ) .

گرێی ناوی: بریتییە لەو گرێیەی، کە دیارخراوەکەی دەبێت هەمیشە (ناو) یان (جێناوی سەربەخۆ) یان وشەیەکی وەکو ناو بێت، بەڵام دیارخەرەکەی لەوانەیە ناو یان جێناو یان هاوەڵناو، ... بێت، لە ڕستەشدا هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت.

ـ ئەگەر (ناوێکی دیارخراو)، ناوێک یان چەند ناوێکی تر بدرێتە پاڵی و ببێتە دیارخەری، بەم شێوەیە دەبێت، واتە (هەنگاوەکان):

١- هەمیشە (ناوی دیارخراو) پێش(ناوی دیارخەر) دەکەوێت.

٢- ئامرازی خستنەسەر (ی)، (ا، ێ، ێن) لە نێوانیاندا بەکاردێت.

ـ (ێن = ێد = ێت) بە پێی ناوچەکانی کرمانجیی ژووروو دەگۆڕێت.

٣- هەمیشە (دیارخراو و دیارخەر و ئامرازە خستنەسەر)ەکە هەرسێکیان پێکەوە (گرێیەکی ناوی) دروست دەکەن و گرێ ناوییەکە لە ڕستەدا دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت کە نۆ (٩) ئەرکە.

٤- دەبێت دیارخستنەکە واتە هەریەکە لە دیارخەر و دیارخراو کە دەدرێنە پاڵ یەکتری لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێن.

ئەمەش یاساکەیەتی:

| ناو | + | ئامرازی خستنەسەر | + | ناو | ← | گرێی ناوی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دیارخراو | | ی | | دیارخەر | | |

- ناوی دیارخراو = ناوی یەکەم.

- ناوی دیارخەر = ناوی دووەم.

ـ لە پەیوەندیی نێوان (دیارخراو و دیارخەر)دا، خاوەنێتی و ناسیاوی و تایبەتمەندێتی دروست دەبێت.

نم/ ئـــاوی کـــانی

ناوی گشتیی نەناسراوی تاك      ناوی گشتیی نەناسراوی تاك

نم/ کتێبەکـــانی پێشـــانگاکە

ناوی گشتیی ناسراوی کۆ      ناوی گشتیی ناسراوی تاك

نم/ باخچـــەی ماڵەکـــان

ناوی گشتیی نەناسراوی تاك      ناوی گشتیی ناسراوی کۆ

نم/ شاخەکـــانـــی کوردستـــان

ناوی گشتیی ناسراوی کۆ      ناوی تایبەتیی ناسراو

نم/ خوێندکـــارانـــــی ئەم شـــــــــــــــــــــــــــــارە

ناوی گشتیی نەناسراوی کۆ ‌ ‌ ناوی دەستنیشانکراو (گرێی ناوی) = ناوێکی گشتیی تاکی ناسراوی دەستنیشانکراو بە هۆی هاوەڵناوی نیشانە

ـ دەتوانین بە چەند شێوەی تر ناوێك (هەر جۆرە ناوێك بێت) بکەین بە دیارخەری ناوێکی دیارخراو، بە مەرجێك لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت.

ـ ناوی (دیارخراو و دیارخەر) و ئامرازە خستنەسەرەکە هەرسێکیان پێکەوە (گرێیەکی ناوی) دروست دەکەن و گرێ ناوییەکە لە ڕستەدا دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت کە نۆ (٩) ئەرکە، بەم شێوەیە:

١- نیهاد: نم/ ئاوی کانی سازگارە.

٢- بکەر: نم/ خوێندکارانی زانکۆ گەڕانەوە.

٣- بەرکار: نم/ من کتێبەکانی پێشانگاکە دەبینم.

٤- تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو: نم/ من خوێندکارانم بۆ کتێبەکانی پێشانگاکە برد.

٥- تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو: نم/ ئەمە کتێبەکانی پێشانگاکە بوو.

٦- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو: نم/ خەڵاتەکە بۆ خوێندکارانی زانکۆ بوو.

٧- دیارخەر: نم/ کتێبەکانـــــــــی خوێندکارانی زانکۆ بەسوودبوون.

٨- دیارخراو: نم/ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی زیرەکن.

٩- جێگری بکەر: نم/ کتێبەکانی کتێبخانەکە خوێنرانەوە.

ـ هەندێك جار کە ناوێك دەکەین بە دیارخەری ناوێکی تر لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێت، بۆیە دەبێت ئاگاداربین بە تایبەتی ئەگەر (ناوێکی تاك) بکەین بە دیارخەری (ناوێکی کۆ)، واتە دەبێت گونجاو بێت لە (تاک و کۆ) هەروەها لە (ناسراوی و نەناسراوی)شدا.

نم/ دڵەکانـــی پیـــاوەکە × ← ناگونجێت لەگەڵ ڕاستیدا، بەڵکو ڕاستییەکەی (دڵــــی پیاوەکە).

ناوی کۆ ‌ ‌ ناوی تاك ‌ ‌ ناوی تاك ‌ ‌ ناوی تاك

ـ لە زاری کرمانجیی خواروودا تەنیا ئامرازی خستنەسەری (ی) بەکاردەهێنین لەکاتی کردنی ناوێك بە دیارخەری ناوێکی تر بەبێ گوێدانە (ژمارە و ڕەگەز).

نم/ شاری هەڵەبجە

نم/ کتێبەکانـــی خوێندکارەکان

بەڵام لە زاری کرمانجیی ژووروودا، کاتێك ناوێك دەکەین بە دیارخەر بۆ ناوێکی تر حساب بۆ {(ژمـــارە و ڕەگـــــەز) = (ناوی دیارخراو)} دەکەین، لە زاری کرمانجیی ژووروودا

تاك و کۆ نێر و مێ

سێ (٣) ئامرازی خستنەسەرمان هەیە کە بەم شێوەیە بەکاردێن:

١- (ا)/ بە (ناوی دیارخراوی تاکی مێ)وە دەلکێت.

نم/ خوشکـــــــا شیرینێ دەرس دنقیسە.

ناوی تاکی مێ

٢- ( ێ)/ بە (ناوی دیارخراوی تاکی نێر)ەوە دەلکێت.

نم/ کـــــــوڕێ ئازاد

ناوی تاکی نێر

٣- (ێن، ێد، ێت)/ بە (ناوی دیارخراوی کۆی نێر و مێ)وە دەلکێت.

نم/ کـــــچـــێن کوردستان (کچانی کوردستان)

ناوی کۆی مێ

نم/ کـــــــــــوڕێن کوردستان (کوڕانی کوردستان)

ناوی کۆی نێر

ـ دەتوانین چەند ناوێك یەك بە دوای یەك بکەین بە (دیارخەر) بۆ ناوی (دیارخراو).

نم/ خوێندکارانـــی زانـــکۆی سلێمانی

دیارخراو دیارخەر١ دیارخەر٢

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی چواردەیەم (ئەرکی ناو وەکو دیارخەری ناو)، لاپەڕە (٨٨-٨٩)

راهێنانی (١)، لاپەڕە (٨٨)

پەرتووکەکانی قوتابییان وەردەگرینەوە.

١- قوتابییان/ {ناوە، گشتییە، نەناسراوە، کۆیە}، {دیارخەری ناوی (پەرتووکەکان)ە}.

٢- وەردەگرینەوە/ شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە، تێپەڕە.

٣- پەرتووکەکان/ {ناوە، گشتییە، ناسراوە، کۆیە}، {دیارخراوە}.

٤- وەردەگرینەوە ـــــ وەرمان گرتبێتەوە

(لەوانەیە پەرتووکەکانی قوتابییانـــــمان وەرگرتبێتەوە.)

٥- وەردەگرینەوە ـــــ وەردەگرتەوە

وەرم دەگرتەوە - وەرمان دەگرتەوە

وەرت دەگرتەوە - وەرتان دەگرتەوە

وەری دەگرتەوە - وەریان دەگرتەوە

...

راهێنانی (٢)، لاپەڕە (٨٨)

١- (درەختـــــــــــــــی شاخـــــــــــەکان ) مەبڕنەوە.

ناوێکی نەناسراو ناوێکی کۆی ناسراو

٢- قەڵاکـــــــــــــــەی شـــــاری هەولێر زۆر کۆنە.

ناوێکی تاکی ناسراو ناو ناو

٣- پەنجـــــــــــــــەرەی ئەم ماڵـــــــــــــــە شکاوە. یان (گوڵێکـــــــی ئەم باخـــــــــە م لێکردەوە.)

ناوێکی تاکی نەناسراو ناوی دەست نیشانکراو

...

راهێنانی (٣)، لاپەڕە (٨٩)

| ڕستـــــە | دیارخراو | دیارخەر |
|---|---|---|
| ١- | هونەرمەندان | کوردستان |
| ٢- | ئوتومبێلەکان | پێشانگەکە |
| ٣- | مامۆستایان | کوردستان |
| ٤- | خوێندن | باڵا |

...

ڕاهێنانی (٤)، لاپەڕە (٨٩)

١- تیپی کچان شانۆگەرییەکەیان نمایشکرد.

تیپ/ {ناوە، تاکە، کۆمەڵە، گشتییە، نەناسراوە}، { دیارخراوە.}

ی/ ئامرازی خستنەسەرە.

کچان/ {ناوە، کۆیە، گشتییە، نەناسراوە}، {دیارخەری ناوی (تیپ)ە.}

تیپی کچان/ {گرێی ناوییە}، {بکەرە.}

شانۆگەرییەکە/ {ناوە، تاکە، ناسراوە}، {بەرکارە.}

یان/ {جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ لە کۆمەڵەی یەکەم (م – مان)}، {دەگەڕێتەوە بۆ بکەر (تیپی کچان)}.

نمایشکرد/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، تێپەڕە، لێکدراوە، ئەرێیە.

٢- کلتوری کورد دەپارێزین.

کلتور/ {ناوە، تاکە، واتاییە، گشتییە، نەناسراوە}، {دیارخراوە}.

ی/ ئامرازی خستنەسەرە.

کورد/ {ناوە، تاکە، تایبەتییە، ناسراوە}، {دیارخەری ناوی (کلتور)ە}.

کلتوری کورد/ {گرێی ناوییە}، {بەرکارە}.

دەپارێزین/ کاری تەواوە، شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە، تێپەڕە، سادەیە، ئەرێیە

ین/ {جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ لە کۆمەڵەی سێیەم}، {بکەرە}

---

# بابەتی پازدەیەم: ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

ـ دیارخەرەکانی ناو:

## دووەم/ ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

*/ ئەگەر ( ناو، جێناوی سەربەخۆ، چاوگ ) بوون بە دیارخراو ئەوا گرێیەکە، گرێیەکی ناوییە.

ـ دابەشکردنەکانی هاوەڵناو:

١- هاوەڵناو لە ڕووی (واتا ) وە:
أ- هاوەڵناوی چۆنیەتی
ب- هاوەڵناوی نیسبی
ج- هاوەڵناوی نادیار
د- هاوەڵناوی نیشانە، ...هتد

٢- هاوەڵناو لە ڕووی دروستکردنەوە (پێکهاتن، ڕۆنان):
أ- سادە
ب- ناسادە: ئەمیش دوو جۆرە:
١- داڕێژراو
٢- لێکدراو

ـ هەموو جۆرەکانی هاوەڵناو دەتوانن ببن بە دیارخەری ناوێك یان جێناوێك، لەم ڕووەوە لە هاوڕەگەزەکانی جیادەکاتەوە.

ـ ئەگەر هاوەڵناوێکمان کرد بە دیارخەری ناو، ئەوا دەبێت ئاگاداری هاوەڵناوەکان بین بزانین کام جۆری هاوەڵناوە، چونکە ئێمە دوو جۆر هاوەڵناومان هەیە لەم ڕووەوە:

١- ئەو هاوەڵناوانەی کە دەکەونە دوای ناوی دیارخراوەوە.
٢- ئەو هاوەڵناوانەی کە دەکەونە پێش ناوی دیارخراوەوە.

### یەکەم/ ئەو هاوەڵناوانەی کە دەکەونە دوای ناوی دیارخراوەوە:

- لێرەدا دەبێت ئاگاداری ناوی دیارخراو بین لە ڕووی (ناسراوی و نەناسراوی)یەوە، چونکە ناسراوی و نەناسراوی ناوە دیارخراوەکە جۆری دیارخستنەکە دەگۆڕێت و هەروەها جۆری هاوەڵناوەکانیش دیاری دەکات.

ئەمیش دوو جۆرە:

## أ- ئەگەر ناوی دیارخراو (گشتیی نەناسراو)، یان (تاکی نەناسراو) بێت:

ئەوا مەرجەکانی بەم شێوەیەیە:

١- دیارخراو پێش دیارخەر دەکەوێت.

٢- ئامرازی خستنەسەری (ی) لە نێوانیاندا بەکاردێت.

٣- هەمیشە (دیارخراو و دیارخەر و ئامرازە خستنەسەر)ەکە هەرسێکیان پێکەوە (گرێیەکی ناوی) دروست دەکەن و گرێ ناوییەکەش لە رستەدا دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت کە نۆ (٩) ئەرکە.

ئەمەش یاساکەیەتی:

| | | |
|---|---|---|
| ناوی نەناسراو + | ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناو | ← گرێی ناوی |
| دیارخراو | ی | دیارخەر |

+ ئەو هاوەڵناوانەی کە دەکەونە دوای ناوی نەناسراوەوە ئەمانەن: واتە (پێنج جۆر هاوەڵناو دەتوانن ببن بە دیارخەری ناوی نەناسراو):

١- هاوەڵناوی چۆنیەتی: نم/ خوێندکاری زیرەك ...

٢- هاوەڵناوی پرس: نم/ خوێندکاری چۆن ...

٣- هاوەڵناوی نادیار: نم/ خوێندکاری فلان ...

٤- هاوەڵناوی ژمارەی تەرتیبی (ڕێکخستن): نم/ خوێندکاری یەکەم ...

٥- هاوەڵناوی پلەی بەراورد: نم/ خوێندکاری زیرەکتر ...

## ب- ئەگەر ناوی دیارخراو (تاکی ناسراو)، یان (کۆی ناسراو) بێت:

ئەوا مەرجەکانی بەم شێوەیەیە:

١- دیارخراو پێش دیارخەر دەکەوێت.

٢- ئامرازی خستنەسەری (ە) لە نێوانیاندا بەکاردێت.

٣- هەمیشە (دیارخراو و دیارخەر و ئامرازە خستنەسەر)ەکە هەرسێکیان پێکەوە (گرێیەکی ناوی) دروست دەکەن و گرێ ناوییەکەش لە رستەدا دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت کە نۆ (٩) ئەرکە، گرێ ناوییەکە لە شێوەی (ناوێکی لێکدراو) دەبێت، بەڵام هەر گرێیە و نابێت بە ناوی لێکدراو.

٤- نیشانەی ناسراوی (ەکە)، ئینجا نیشانەی کۆ (ان) بەدوای یەکدا دەچنە کۆتاییی هاوەڵناوەکە، ئەگەر ناوە ناسراوەکە کۆ بوو، واتە (ەکە+ ان)، بەڵام ناوە ناسراوەکە تەنیا تاك بوو ئەوا تەنیا نیشانەی (ەکە) دەچێتە کۆتاییی هاوەڵناوەکە.

ـ لەم جۆرەدا زیاتر (هاوەڵناوی چۆنیەتی) بەکاردێت.

ئەمەش یاساکەیەتی:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نـــاوی ناسراو + ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناوی چۆنیەتی | | ← | | گرێی ناوی |
| دیارخراو | ە | | دیارخـــــەر | |

ـ لەم جۆرەدا ئامرازی خستنەسەری (ە) بەکاردێت، بەکارهێنانی ئەم ئامرازەش (ە) بە پێی پیتی کۆتاییی ناوە ناسراوەکە دەگۆڕێت و بەم شێوانەی خوارەوە ئامرازی (ە) بەکاردێت:

١- ئەگەر ناوە ناسراوەکە بە پیتی (نەبزوێن) کۆتایی هاتبوو، ئەوا هیچ کێشەیەکی نییە.

نم/ ئەندازیارە بەتواناکە ...

نم/ کتێبـــــــە باشەکان ...

٢- ئەگەر ناوە ناسراوەکە بە پیتی بزوێنی (ا، ۆ، ێ، ە) کۆتایی هاتبوو، ناوە ناسراوەکەش دوو بڕگە و زیاتر بوو، ئەوا ئامرازی خستنەسەری (ە) بەکارنایەت، چونکە دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکدا نایەت.

نم/ دەرگا↓پانەکە (دەرگای پان)

نم/ گەزۆ↓جوانەکە (گەزۆی جوان)

نم/ هەرمێ↓ناسکەکە (هەرمێی ناسک)

نم/ ئەستێرە↓گەشەکە (ئەستێرەی گەش)

بەڵام ئەگەر ناوە ناسراوەکە یەك بڕگە بوو، ئەوا ئامرازی خستنەسەری (ە) بەکاردێت و ناوبەندی (ی) لە نێوان ناوەکە و ئامرازەکە دادەنرێت، بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکدا نەیەن.

نم/ با + یـ + ە + توندەکە ← بایە توندەکە (بای توند)

نم/ دۆ + یـ + ە + ترشەکە ← دۆیە ترشەکە (دۆی ترش)

نم/ دێ + یـ + ە + خۆشەکە ← دێیە خۆشەکە (دێی خۆش)

نم/ شە + یـ + ە + بچووکەکە ← شەیە بچووکەکە (شەی بچووك)

*/ دەتوانین لە کاتی قسەکردن ئامرازی خستنەسەری (ە) لاببەین و ئەو کاتە ناوبەندیشی ناوێت، ئەمەش بۆ ئاسانی درکاندنە، واتە دەبن بە: (با توندەکە)، (دۆ ترشەکە)، (دێ خۆشەکە)، (شە بچووکەکە).

٣- ئەگەر ناوە ناسراوەکە بە پیتی بزوێنی (ی) کۆتایی هاتبوو، ئەوا ئامرازی خستنەسەری (ە) بەکاردێت و ناوبەندی (ی= y) لە نێوان ناوەکە و ئامرازەکە دادەنرێت، بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکدا نەیەن.

نم/ کانی + یـ + ە + ڕوونەکە ← کانییە ڕوونەکە (کانیی ڕوون)

٤- ئەگەر ناوە ناسراوەکە بە پیتی بزوێنی(وو) کۆتایی هاتبوو، ئەوا ئامڕازی خستنەسەری (ە) بەکاردێت و ناوبەندی (و= w) لە نێوان ناوەکە و ئامڕازەکە دادەنرێت، بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بەدوای یەکدا نەیەن، بەڵام بزوێنی (وو) واوی درێژی وشەکە کورت دەبێتەوە و دەبێت بە (و) واوی کورت چونکە سێ واو (ووو) بەدوای یەکدا نایەت و ناشیرینە.

نم/کەبیانوو + و + ە + ئازاکە ← کەبیانوووە ئازاکە ← کەبیانووە ئازاکە (کەبیانووی ئازا)

٥- بۆ پیتی بزوێنی (و= واوی کورت)، (i = بزرۆکە) نیمانە و کتێبەکەش باسی نەکردووە.

## دووەم/ ئەو هاوەڵناوانەی کە دەکەونە پێش ناوی دیارخراوەوە:

ـ لەم جۆرەدا ناسراوی و نەناسراوی، تاك و کۆی ناوەکە دەور نابینێت.

مەرجەکانی بەم شێوەیەیە:

١- دیارخەر پێش دیارخراو دەکەوێت.

٢- ئامڕازی خستنەسەر بەکارنایەت.

٣- بە هەردووکیانەوە (دیارخەر و دیارخراو) گرێیەکی ناوی دروست دەکەن، گرێ ناوییەکەش هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت .

ئەمەش یاساکەیەتی:

| | | |
|---|---|---|
| هاوەڵناو + | نـــــاو | = گرێی ناوی |
| دیارخەر | دیارخراو | |

ـ ئەو هاوەڵناوانەی کە دەکەونە پێش ناوی دیارخراوەوە و ئامرازیان ناوێت ئەمانەن: واتە پێنج جۆر هاوەڵناون.

١- هاوەڵناوی نیشانە: نم/ئەم خوێندکارە ...

٢- هاوەڵناوی پرس: نم/کام خوێندکار ...

٣- هاوەڵناوی نادیار: نم/هەموو خوێندکاران ...

٤- هاوەڵناوی ژمارەی بنچی، تەرتیبی (ڕیزکستن): نم/دوو خوێندکار...

نم/دووەمین خوێندکار ...

٥- هاوەڵناوی پلەی باڵا: نم/باشترین خوێندکار ...

ـ (شاز): تەنیا (هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی) وەکو دیارخەر دەکەوێتە پێش ناوە دیارخراوەکە و پێویستی بە ئامڕازی خستنەسەری (ی) دەبێت.

نم/نیوەی خوێندکاران ئامادەن.

ـ دەتوانین لە یەك کاتدا دوو جۆر هاوەڵناوی جیاواز بکەین بە دیارخەری ناو، واتە یەکێکیان لەو هاوەڵناوانە بێت کە دەکەونە پێش ناوەکە و ئەوی تریشیان لەو هاوەڵناوانە بێت کە دەکەونە دوای ناوەکە .

نم/هەموو خوێندکارە زیرەکەکان ...

ـ دەتوانین چەند هاوەڵناوێك بكەین بە دیارخەری ناوێكی ناسراو، پێویستە ئامرازی خستنەسەری (ە) لە نێوان هەموو هاوەڵناوەكان بە كاربهێنین و (ەكە)ی نیشانەی ناسراوی ناوەكەش دەچێتە كۆتایی هەموو هاوەڵناوەكان.

نم/ كتێبە بەسوودە باشە چاكەكە ...

ـ دەشێت و دەگونجێت لە جیاتی ناوە دیارخراوەكە، جێناوێكی كەسیی سەربەخۆ دیارخراو بێت.

نم/ ئێوەی زیرەك سەردەكەون.

ت/ ناوی دیارخراو لەگەڵ هاوەڵناوە دیارخەرەكەدا پێكەوە گرێیەكی ناوی دروست دەكەن، ئەم گرێ ناوییە دەتوانێت لە ڕستەدا هەموو ئەركەكانی ناو ببینێت، بەم شێوەیە:

١- نیهاد: نم/ خوێندكارە زیرەكەكە بێدەنگە.

٢- بكەر: نم/ خوێندكارە زیرەكەكە بە یەكەم دەرچوو.

٣- بەركار: نم/ خوێندكارە زیرەكەكەم خەڵات كرد.

٤- تەواوكەری بەیاریدەی كاری تەواو: نم/ كتێبەكەم بە خوێندكارە زیرەكەكە بەخشی.

٥- تەواوكەری سەربەخۆی كاری ناتەواو: نم/ ئەمە خوێندكارە زیرەكەكە بوو.

٦- تەواوكەری بەیاریدەی كاری ناتەواو: نم/ نمرەی بەرز بۆ خوێندكارە زیرەكەكە دەبێت.

٧- دیارخەر: نم/ كتێبەكانی خوێندكارە زیرەكەكە بەسوودبوون.

٨- دیارخراو: نم/ خوێندكارە زیرەكەكەی ئێمە نمرەی بەرزی بەدەست هێنا.

٩- جێگری بكەر: نم/ خوێندكارە زیرەكەكە خەڵات كرا.

شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی پازدەیەم (ئەرکی هاوەڵناو وەکو دیارخەری ناو)، لاپەڕە (٩٦)

ڕاهێنانی (١)، لاپەڕە (٩٦)

١- ڕۆمانێکـــــــــــــــــی خۆشـــــــــم خوێندەوە.
ناوی تاکی نەناسراو

٢- بیـــــــــــــــــــرە هەڵکەنراوەکە پڕبووەتەوە.
ناوی تاکی ناسراو

٣- مرۆڤـــــــــــــــــە خەباتکەرەکان سەرکەوتن.
ناوی کۆی ناسراو

.........................................................................................................................

ڕاهێنانی (٢)، لاپەڕە (٩٦)

١ بەڵێ، دەشێت چەند هاوەڵناوێکی یەک لەدوای یەک ببن بە دیارخەری ناوێک، بەم شێوەیە:

أ- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە، تاکی نەناسراو یان گشتیی نەناسراو بوو، ئامرازی خستنەسەری (ی) لە نێوان ناوەکە و هاوەڵناوەکان بەکاردێت.

نم/ خوێندکاری باشـــی زیرەکـــی بێدەنگـــم خۆش دەوێت.

ب- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە، تاکی ناسراو یان کۆی ناسراو بوو، ئامرازی خستنەسەری(ە) لە نێوان ناوەکە و هاوەڵناوەکان بە کاردێت.

نم/ کتێبـــە باشـــە چاکـــە بەسوودەکەم خوێندەوە.

٢-

A- ئەو هاوەڵناوانەی کە دەبن بە دیارخەری ناو و پێویستیان بە ئامرازی خستنەسەری (ی) نییە ئەمانەن، واتە (دیارخەر + دیارخراو) :

أ- هاوەڵناوی نیشانە: نم/ ئەم خوێندکارە زیرەکە.

ب- هاوەڵناوی پرس: نم/ کام خوێندکار نەهاتووە؟

ج- هاوەڵناوی نادیار: نم/ کەمێک ئاوم خواردەوە.

د- هاوەڵناوی ژمارەی بنجی: نم/ دوو خوێندکارم خەڵات کرد.

هاوەڵناوی ژمارەی ڕیزکستن: نم/ دووەمین هۆنراوەم لەبەرکردووە.

هـ- هاوەڵناوی پلەی باڵا: نم/ ناسکترین هۆنراوەم پێشکەش کرد.

B- (هاوەڵناوی چۆنیەتی)یش دەبێ بە دیارخەری (ناوی ناسراو) و پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری (ی) نییە، بەڵام پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری (ە) هەیە. واتە (دیارخراو + ە + دیارخەر)

نم/ پزیشکە زیرەکـــەکە خەڵات کرا.

..........................................................................................................

راهێنانی(٣)، لاپەڕە(٩٦)

| ڕستـــــە | دیارخەر | جۆری دیارخەرەکە |
| --- | --- | --- |
| -١ | کام | هاوەڵناوی پرس |
| -٢ | زۆر | هاوەڵناوی نادیار |
| -٣ | زیرەک | هاوەڵناوی چۆنیەتییە، سادەیە |

..........................................................................................................

راهێنانی(٤)، لاپەڕە(٩٦)

(پێشمەرگـــــــە بوێرەکە خەڵاتکرا.)

١- ئامرازی خستنەسەری(ە) بەکارنەهاتووە.

چونکە ناوی دیارخراوی (پێشمەرگە) ناوێکی تاکی ناسراوە و بە پیتی بزوێنی (ە) کۆتایی هاتووە و لە دوو بڕگە زیاترە. ئامرازی خستنەسەری (ە)یش بەکارنەهاتووە بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نەیەن.

٢- (شە).

نم/ شەیـــــە جوانەکە بکرە.

چونکە ناوی دیارخراوی (شە) ناوێکی تاکی ناسراوە و بە پیتی بزوێنی (ە) کۆتایی هاتووە و لە یەک بڕگە پێک دێت. بۆیە ئامرازی خستنەسەری (ە) بەکاردەهێنین بەڵام ناوبەندی (یـ) لە نێوان ناوەکە و ئامرازەکە دادەنێین بۆ ئەوەی دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا نەیەن.

٣- بوێر/ هاوەڵناوی چۆنیەتییە، دارێژراوە.

لە {پێشگری (بـ) + ڕەگی کار (وێر)} دروست بووە.

٤- نیشانەی ناسراوییەکە بریتییە لە (ەکە)، چووەتە کۆتاییی هاوەڵناوی (بوێر).

چونکە ئەگەر هاوەڵناو بکەین بە دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراو، ئەوا نیشانەی ناسراوی (ەکە) دەچێتە کۆتاییی هاوەڵناوەکە.

---

# بابەتی شازدەیەم: ئەرکی جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

ـ دیارخەرەکانی ناو:

سێیەم/ ئەرکی جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

ـ جێناو: بریتییە لەو وشانەی، کە واتای کەس و شت و چۆنیەتی و چەندێتی دەگەیەنێت لەسەر بناغەی هەر پەیوەندییەک بێت.

ـ جێناو لە ڕووی (واتا)وە چەند جۆرێکە:

١- جێناوی کەسی، ئەمیش دوو جۆرە:

(أ- جێناوی کەسیی سەربەخۆ، ب- جێناوی کەسیی لکاو)

٢- جێناوی خۆیی

٣- جێناوی پرس

٤- جێناوی نادیار

٥- جێناوی نیشانە

٦- جێناوی هەیی *\ جێناوی هەیی نابێت بە دیارخەری ناو، چونکە هەمیشە لە ڕۆڵی دیارخراودایە.

ـ جێناوی سەربەخۆ (جودا)/ وەکو زاراوە مەبەستمان لەو جێناوانەیە کە دەتوانین سەربەخۆ و بەبێ یارمەتی وشەی تر لە ناو ڕستەدا بەکاریان بهێنین، واتە بێجگە لە(جێناوی کەسیی لکاو) ئەوانی تر هەموویان جێناوی سەربەخۆن (جودا)ن.

ـ ئەو جێناوە سەربەخۆیانەی کە دەبن بە دیارخەری ناو ئەمانەن:

١- جێناوی کەسیی سەربەخۆ: نم/ (من- ئێمە، تۆ- ئێوە، ئەو- ئەوان) + کۆمەڵەی یەکەمی کرمانجیی ژووروو (من– مە، تە – وە، وی/ وێ – وان).

٢- جێناوی خۆیی: نم/ (خۆم- خۆمان، خۆت- خۆتان، خۆی- خۆیان).

٣- جێناوی پرس: نم /(کێ، چی، ...). *\ لە کۆتاییی ڕستەکەیدا نیشانەی پرس (؟) دادەنرێت.

٤- جێناوی نادیار: نم/ (فلان، کابرا، فیسار، ...).

٥- جێناوی نیشانە: نم/ (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە).

ـ ئەگەر جێناوێکی سەربەخۆمان کرد بە دیارخەری ناوێك، پێویستە ڕەچاوی ئەمانە بکەین: واتە (هەنگاوەکان)

*/ (ئەرکی جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو)، هەروەکو (ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو) وایە چونکە جێناوی سەربەخۆ هەمان تایبەتمەندی ناوی هەیە، بۆیە یەک یاسایان هەیە.

١- هەمیشە (دیارخراو) پێش (دیارخەر) دەکەوێت.

٢- ئامرازی خستنەسەری (ی) لە نێوانیاندا بەکاردێت.

٣- هەمیشە (دیارخراو و دیارخەر و ئامرازە خستنەسەر)کە هەرسێکیان پێکەوە (گرێیەکی ناوی) دروست دەکەن و گرێ ناوییەکە لە ڕستەدا دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت کە نۆ (٩) ئەرکە.

٤- دەتوانین ناوە دیارخراوەکەش بە پێی شوێن و مەبەست، بە مەرجێك لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت لە شێوەی تاك و کۆ و ناسراو و نەناسراویدا بەکاربهێنین.

نم/ (کوڕی فلان، کوڕێکی فلان، کوڕەکەی فلان، کوڕەکانی فلان)

ئەمەش یاساکەیەتی:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نـــاو | + | ئامرازی خستنەسەر | + | جێناوی سەربەخۆ | ← | گرێی ناوی |
| دیارخراو | | ی | | دیارخەر | | |

- لە کرمانجیی خوارووا تەنیا یەك کۆمەڵە جێناوی کەسیی سەربەخۆمان هەیە کە ئەمانـــــــەن: (من- ئێمە، تۆ- ئێوە، ئەو- ئەوان) کە دەبن بە دیارخەری ناو. بەڵام لە کرمانجیی ژووروودا دوو کۆمەڵە جێناوی کەسیی سەربەخۆمان هەیە کە ئەمانەن:

کۆمەڵەی یەکەم (من- مە، تە- وە، وی/ وێ- وان)، کۆمەڵەی دووەم (ئەز- ئەم، تو- هوین، ئەو- ئەو)، لەم دوو کۆمەڵەیەی کرمانجیی ژووروودا تەنیا کۆمەڵەی یەکەم دەتوانێت ببێت بە دیارخەری ناو، ئامرازە خستنەسەرەکەش وەکو پێشتر باسمان کردووە بە پێی ناوی دیارخراو لە (ژمــارە و ڕەگــەز)دا دەگۆڕێت. واتە کۆمەڵەی دووەم نابێت بەدیارخەری ناو.

تاک و کۆ نێر و مێ

- جێناوی کەسیی لکاویش دەبێت بە دیارخەری ناو بەڵام لە بابەتی حەڤدەیەم: (ئەرکی جێناوی کەسیی لکاو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو) باسی دەکەین، بەڵام ئەوەندە جیاوازن کە لە جێناوی کەسیی لکاودا ئامرازی خستنەسەر وەرناگرێت.

- جێناوە سەربەخۆکان هەر پێنجیان وەکو (ناوی تایبەتی) وان، واتە ناسراون، کە دەبن بە دیارخەری ناو، نیشانەکانی (ەکە) و (ان) وەرناگرن، بەڵکو نیشانەکان دەچنە سەر ناوە دیارخراوەکە.

نم/ دەفتەرەکانـــی ئێمە نم/ کوڕێ تە نم/ کچــامە

نم/ دەفتەرەکانـــی خۆم

نم/ دەفتەرەکانـــی کێ

نم/ دەفتەرەکانـــی فلان

نم/ دەفتەرەکانـــی ئەمە (دەفتەرەکانــــــی ئەم)

ـ (دیارخراو و دیارخەر) و ئامرازە خستنەسەرەکە هەرسێکیان پێکەوە (گرێیەکی ناوی) دروست دەکەن و گرێ ناوییەکە لە ڕستەدا دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت کە نۆ (٩) ئەرکە، بەم شێوەیە:

١- نیهاد: نم/ کتێبەکەی من بەسوودە.

٢- بکەر: نم/ خوێندکارانی ئێمە گەڕانەوە.

٣- بەرکار: نم/ تۆ کتێبەکانی کێ دەخوێنیتەوە؟

٤- تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو: نم/ تۆ بۆ کتێبەکانی کێ هاتیت؟

٥- تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو: نم/ ئەمە کتێبەکانی من بوو.

٦- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو: نم/ خەلاتەکە بۆ خوێندکارانی ئێمە بوو.

٧- دیارخەر: نم/ کتێبەکانی خوێندکارانی ئێمە پاکن.

٨- دیارخراو: نم/ خانووەکەی فلانـــــــــی هەژار ڕازاوە نییە.

٩- جێگری بکەر: نم/ وتارەکەی کێ خوێنرایەوە؟

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی شازدەیەم (ئەرکی جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو)، لاپەڕە (٩٩-١٠٠)

### ڕاهێنانی (١)، لاپەڕە (٩٩)

ئەو جێناوە سەربەخۆیانەی کە دەبن بە دیارخەری ناو، ئەمانەن:

١- جێناوی کەسیی سەربەخۆ: نم/ ولاتـــــــــی ئێمە پێشکەوتووە.

٢- جێناوی خۆیی: نم/ نیشتمانـــــــی خۆمان دەپارێزین.

٣- جێناوی پرس: نم/ نمرەی کێ بەرزە؟

٤- جێناوی نادیار: نم/ کوڕی فلان بە یەکەم دەرچوو.

٥- جێناوی نیشانە: نم/ زەویـــــــــی ئەمە کێڵراوە.

.........................................................................................................

### ڕاهێنانی (٢) ،لاپەڕە (٩٩)

| گـــــــــــرێ | ئەرکەکەی |
|---|---|
| ١- گیانی من | نیهادە |
| ٢- گەردنی خۆت | تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواوە |
| ٣- هۆنراوەکانی ئەمانە | بەرکار |
| ٤- کچە زیرەکەکە | جێگری بکەر |

.........................................................................................................

### ڕاهێنانی (٣)، لاپەڕە (٩٩)

(شاخەکانـــــــــی کوردستان سەرکەشـــــــــن.)

١- (ی) ئامرازی خستنەسەرە، چونکە ناوی (کوردستان)مان کردووە بە دیارخەری ناوی (شاخەکان)، لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی کە گرێی ناوی دروست بکات. هەروەها ناوی (کوردستان) بووە بە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو کە (شاخەکان)ە، ئەوا لەم کاتەدا دەبێت ئامرازی (ی) لە نێوانیاندا بێت.

٢- شاخەکانـــــــی خۆمان سەرکەشن.

٣- کاری ڕستەکە، کاری ناتەواوە بۆ دەمی ڕانەبردووی کاتی ئێستا، دەرنەکەوتووە، چونکە جێناوی لکاوی بە دوادا هاتووە واتە کارە نادیارەکە لە نێوان تەواوکەر (سەرکەش) و جێناوە لکاوەکە (ن)دایە.

٤- سەرکەش/ هاوەڵناوی چۆنیەتییە، لێکدراوە، تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواوە.

.........................................................................................................

ڕاهێنانی(٤)، لاپەڕە(١٠٠)

(مۆبایل پەیوەندییەکانـــــــی ئێمەی ئاسانتر کردووەتەوە.)

١- جێناوی کەسیی سەربەخۆ (ئێمە).

چوار جۆری تر کە ئەمانەن: (جێناوی خۆیی، جێناوی پرس، جێناوی نادیار، جێناوی نیشانە) دەبن بە دیارخەری.

٢- مۆبایل پەیوەندییەکانـــــــمانـــــی ئاسانتر کردووەتەوە.

ئامرازی خستنەسەری (ی) دەرناکەوێت چونکە ئەگەر جێناوی کەسیی لکاو بوو بە دیارخەری ناوێک، ئەوا پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری (ی) نییە.

٣- پەیوەندییەکانی ئێمە/ بەرکارە.

---

# بابەتی حەڤدەیەم: ئەرکی جێناوی کەسیی لکاو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

ـ دیارخەرەکانی ناو:

## چوارەم: ئەرکی جێناوی کەسیی لکاو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو:

- چەند خاڵێکی گرنگ:

١- تەنیا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم و کۆمەڵەی دووەم دەتوانن ئەرکی (دیارخەری ناو) ببینن، بەڵام دوو کۆمەڵەکەی تر (سێیەم و چوارەم) ناتوانن ئەرکی دیارخەری ناو ببینن.

٢- ئەگەر کۆمەڵەی یەکەممان بەکارهێنا، ئەوا ڕاستەوخۆ دەچنە کۆتاییی ناوە دیارخراوەکە، بەڵام ئەگەر کۆمەڵەی دووەممان بەکارهێنا، ئەوا دەچنە کۆتاییی (کار)، چونکە شوێنیان نەگۆڕە.

٣- لە ئەرکی دیارخەری ناودا، مەرجە ناوێکی گشتی هەبێت کە هەمیشە ئەرکەکەی دەبێت بە (دیارخراو).

### یەکەم: کۆمەڵەی یەکەم: (م ـ مان)، (ت ـ تان)، (ی ـ یان)

أ- کۆمەڵەی یەکەم دەتوانێت ببێت بە دیارخەری ناو.

ب- مەرجە و دەبێت ناوێك (تایبەتی، گشتی، ...) لەناو ڕستەکەدا هەبێت، ئیتر ناوەکە هەر ئەرکێکی هەبێت.

ج- کۆمەڵەی یەکەم، هەمیشە دەلکێت بە کۆتاییی ناوە گشتییە دیارخراوەکەوە، واتە یاساکەی بریتییە لە

| | |
|---|---|
| (نـــــــــاو + جێناوی لکاوی ك ١ ← گرێی ناوی) | |
| دیارخراو | دیارخەر |

د- ئامرازی خستنەسەری ناوێت.

هـ- ناوەکە و جێناوەکە واتە (دیارخراو ودیارخەر) پێکەوە گرێیەکی ناوی دروست دەکەن و گرێ ناوییەکە بە پێی شوێنی لە ناو ڕستەکەدا یەکێك لە ئەرکەکانی ناو دەبینێت.

و- تەنیا لەم حاڵەتەدا دیارخراو پێش دیارخەر دەکەوێت و ئامرازی خستنەسەری ناوێت، دەنا لە هەموو کات و حاڵەتێکدا کە دیارخراو پێش دیارخەر بکەوێت، دەبێت ئامرازی خستنەسەر لە نێوانیاندا هەبێت.

ز- کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ لە هەموو جۆرە کارێکدا ئەرکی دیارخەری ناو دەبینێت، بەم شێوەیە:

١- ڕابردووی تێنەپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت، ئەرێ یان نەرێ بێت.

ـ شوێنەکەی/ هەمیشە دەچنە کۆتاییی ئەو ناوەی کە پێشتر ئەرکی (بکەر)ی بینیوە.

نم/ مامۆستاکەمان هاتØ.

نم/ مامۆستاکەمان نەهاتØ.

٢- ڕانەبردووی تێنەپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت، ئەرێ یان نەرێ بێت.

ـ شوێنەکەی/ هەمیشە دەچنە کۆتاییی ئەو ناوەی کە پێشتر ئەرکی (بکەر)ی بینیوە.

نم/ مامۆستاکەمان دێت.

نم/ مامۆستاکەمان نایێت.

٣- داخوازیی تێپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت، ئەرێ یان نەرێ بێت.

ـ شوێنەکەی/ هەمیشە دەچنە کۆتاییی ئەو ناوەی کە پێشتر ئەرکی (بەرکار)ی بینیوە.

نم/ نامەکەمان بنووسە.

نم/ نامەکەمان مەنووسە.

٤- داخوازیی تێنەپەڕ:

ـ لە کتێبەکەدا باس نەکراوە.

٥- بکەرنادیار: */ (جێگری بکەر) (ڕابردوو، ڕانەبردوو). (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت، ئەرێ یان نەرێ بێت.

ـ شوێنەکەی/ هەمیشە دەچنە کۆتاییی ئەو ناوەی کە پێشتر ئەرکی (جێگری بکەر)ی بینیوە.

نم/ نامەکەمان نووسراوØە.		نم/ نامەکەمان دەنووسرێت.

نم/ نامەکەمان نەنووسراوØە.		نم/ نامەکەمان نانووسرێت.

٦- کاری ناتەواو: (ە، بوو، دەبێت)/ (نیهاد)، (تەواوکەر)، ئەرێ یان نەرێ بێت.

ـ شوێنەکەی/ هەمیشە دەچنە کۆتاییی ئەو ناوەی کە پێشتر ئەرکی (نیهاد)ی بینیوە.

نم/ نمرەکەمان باش بووØ.

نم/ نمرەکەمان باش نەبووØ.

٧- ڕانەبردووی تێپەڕ: ( سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت، ئەرێ یان نەرێ بێت.

ـ بکەر ← ك٣

بەرکار ← ناو

ـ شوێنەکەی/ هەمیشە دەچنە کۆتاییی ئەو ناوەی کە پێشتر ئەرکی (بەرکار)ی بینیوە.

نم/ باخەکەمان بژاردەکات.

٨- ڕابردووی تێپەڕ: ( سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت، ئەرێ یان نەرێ بێت.

- بکەر ← ك١

بەرکار ← ناو

- شوێنەکەی/ هەمیشە دەچنە کۆتاییی ئەو ناوەی کە پێشتر ئەرکی (بەرکار)ی بینیوە، پاشان بە دوای ئەمیشدا جێناوی لکاوی بکەر دێت واتە یاساکەی بریتییە لە:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (بەرکار | + | جێناوی لکاوی دیارخەر | + | جێناوی لکاوی بکەر | + | کاری ڕستەکە) |
| ناو | | ك١ | | ك١ | | |

نم/ باخەکەمـــانـــــیان بژارکرد. (ئەوان باخەکەی ئێمەیان بژارکرد.)

دیارخەر بکەر

- چەند خاڵێکی گرنگ:

١- ئەگەر ناوێك بوو بە دیارخەری (ناوە دیارخراوەکە)، ئەوا ناوە دیارخراوەکە و دیارخەرەکە دەبنە گرێیەکی ناوی بە هۆی ئامرازی خستنەسەری (ی)، پاشان جێناوی لکاوی دیارخەری ناو (ك١) یەکسەر بەدوای گرێ ناوییەکەدا دێت و بە دوای ئەمیشدا جێناوی لکاوی بکەر (ك١) دێت. واتە جێناوی لکاوی دیارخەری ناو لە دوای هەموو ناوە تازەکانەوە کە (دیارخەر)ن دێت.

نم/ نـــــامەی بـــراکەمـــانــــــــــــــی برد بۆ پۆستە. واتە (نامەی براکەی ئێمەی برد بۆ پۆستە.)

دیارخراو ئا.خ دیارخەر١ دیارخەر٢ ی (نامەی براکە) ج.ل/ بکەر

٢- ئەگەر هاوەڵناوێك بوو بە دیارخەری (ناوە دیارخراوەکە)، ئەوا ناوە دیارخراوەکە و هاوەڵناوە دیارخەرەکە دەخرێنە شێوەی ناوێکی لێکدراو بەڵام هەر گرێی ناوییە و ئامرازە خستنەسەرەکە گۆڕاوە واتە (ی ← ە)، پاشان جێناوی لکاوی دیارخەری ناو (ك١) یەکسەر بەدوای گرێ ناوییەکەدا دێت و بە دوای ئەمیشدا جێناوی لکاوی بکەر (ك١) دێت. واتە جێناوی لکاوی دیارخەری ناو لە دوای هەموو هاوەڵناوە تازەکانەوە کە (دیارخەر)ن دێت.

نم/ وتـــارە جوانـــەکەمـــانـــــــــــــی خوێندەوە. واتە(وتارە جوانەکەی ئێمەی خوێندەوە.)

دیارخراو ئا.خ دیارخەر١ دیارخەر٢ ی (وتارەجوانەکە) ج.ل/ بکەر

## دووەم: کۆمەڵەی دووەم: (م ـ ین)، (یت ـ ن)، ( Ø ـ ن)

أ- کۆمەڵەی دووەم دەتوانێت ببێت بە دیارخەری ناو.

ب- مەرجە و دەبێت ناوێکی گشتی لەناو ڕستەکەدا هەبێت، ئیتر ناوەکە هەر ئەرکێکی هەبێت.

ج- کۆمەڵەی دووەم، شوێنەکەی هەمیشە دەچێتە کۆتاییی کار.

د- ئامرازی خستنە سەری ناوێت.

هـ- ناوەکە دەبێت بە دیارخراو و جێناوەکەش دەبێت بە دیارخەر (هەرچەندە لە یەکیشەوە دوورن) ناوەکە و جێناوەکە واتە (دیارخراو ودیارخەر) پێکەوە گرێیەکی ناوی دروست دەکەن و گرێ ناوییەکە بە پێی شوێنی لە ناو ڕستەکەدا ئەرکی ناو دەبینێت.

و- کۆمەڵەی دووەم تەنیا لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ) دەبێت بە دیارخەری ناو، بەم شێوەیە:

١- ڕابردووی تێپەڕ: (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێت، ئەرێ یان نەرێ بێت.

- شوێنەکەیان/ جێگیرە و ناگۆڕێت و دەکەونە کۆتاییی کارەکە (قەد).

بەم شێوەیە:

نم/ نامەکەمان بردیـــــــــــــت. */ ئەم شێوەیە زیاتر تایبەتە بە شێوەزاری سلێمانی.

دیارخەری ناو

نم/ نامەکەمان نەبردیـــــــــــــــت.

دیارخەری ناو

بەڵام شێوەزاری گەرمیان ڕاستترە کە لە خاڵی هەشتەمی کۆمەڵەی یەکەم باسمان کرد.

نم/ نامەکەتـــــــــــــــــــــمـــــــــان برد.

دیارخەری ناو بکەر

- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە هاوەڵناوێك بکەین بە دیارخەری، ئەوا هاوەڵناوەکە ڕاستەوخۆ دەچێتە کۆتاییی ناوە دیارخراوەکەوە، بەڵام جێناوی لکاوی دیارخەری ناو (ك ٢) هەر لە کۆتاییی کارەکەدا دەمێنێتەوە چونکە شوێنەکەی نەگۆڕ و جێگیرە.

نم/ نامە ڕازاوەکەمـــــــان بردیـــــــــــــت بۆ ئەو.

بکەر دیارخەری ناو

- جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە کۆمەڵەی دووەم لە دەوری (دیارخەری ناو لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ)دا دەرناکەوێت چونکە هێمای نییە و سفرە (Ø).

نم/ نامەکەمان بــردØ. واتە (ئێمە نامەکەی ئەومان برد.)

دیارخەری ناو

- (گرنگە)/ ئەگەر جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم بوو بە دیارخەری ناوێك، ئەوا لە دوای جێناوە لکاوەکەوە کە دیارخەری ناوەکەیە ناتوانین هیچ وشەیەکی تر بکەین بە دیارخەری ناوە دیارخراوەکە چونکە ناگونجێت و ناوترێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی داڕشتنی ڕستەکە و شێواندنی واتاکەی، (واتە دەرگا بەدوای خۆیدا دادەخات.)

نم/ خوێنکارەکانــم زیرەکن. ناتوانیت بڵێیت (خوێنکارەکانم بێدەنگ زیرەکن.)×

بەڵام ئەگەر ویستمان وشەیەکی تر (ناو یان هاوەڵناو) بکەین بە دیارخەر بۆ ناوە دیارخراوەکە، ئەوا دەبێت پێش ئەوەی جێناوی لکاوی دیارخەری ناو بچێتە دوای ناوە دیارخراوەکە، وشەکە بخەینە دوای ناوە دیارخراوەکە و بە دوای ئەویشدا جێناوی لکاوی دیارخەری ناو بێت.

نم/ خوێندکاره بێدەنگەکـــــانـــــــــــــــم زیرەکن.

هاوەڵناو، دیارخەری ناو          دیارخەری ناو

نم/ خوێندکاری خوێندنگەکـــــــــــــــەمـــــــــان زیرەکن.

ناو، دیارخەری ناو          دیارخەری ناو

نم/ شەقامی شاره جوانەکەمان ڕازاوەیەØ.

*/ ناوە دیارخراوەکە و جێناوی لکاوی دیارخەری ناوەکە لە کۆمەڵەی یەکەم، پێکەوە گرێیەکی ناوی دروست دەکەن، گرێ ناوییەکەش هەر نۆ (٩) ئەرکەکەی ناو دەبینێت لە ڕستەدا، بەم شێوەیە:

١- نیهاد: نم/ **مامۆستاکەمان** دڵسۆزە.

٢- بکەر: نم/ **مامۆستاکەمان** هات.

٣- بەرکار: نم/ **مامۆستاکەمان** خەڵات دەکەن.

٤- تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو: نم/ گۆڤارەکەی بە **مامۆستاکەمان** بەخشی.

٥- تەواوکەری سەربەخۆی کاری ناتەواو: نم/ ئەمە **مامۆستاکەمان** بوو.

٦- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو: نم/ خەڵاتەکە بۆ **مامۆستاکەمان** بوو.

٧- دیارخەر: نم/ کتێبـــــی **مامۆستاکەمان** بەسوودبوو.

٨- دیارخراو: نم/ ؟! نابێت، چونکە لە دوای جێناوی لکاوی دیارخەری ناو، هیچ وشەیەکی تر نایەت، بۆیە ڕستەی نییە.

٩- جێگری بکەر: نم/ **مامۆستاکەمان** خەڵات کرا.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

**شیکاری ڕاهێنانەکانی بابەتی حەڤدەیەم (ئەرکی جێناوی کەسیی لکاو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو) ، لاپەڕە (١٠٥)**

راهێنانی (١)، لاپەڕە (١٠٥)

١- (ی)/ أ- (بکەر): نم/ زەوییەکەی کێڵا.

ب- (دیارخەری ناو): نم/ وتارەکەی دەخوێنمەوە. یان ( زەوییەکەیمان کێڵا. )

٢- (تان)/ أ- (بکەر): نم/ زەوییەکەتان کێڵا.

ب- (دیارخەری ناو): نم/ وتارەکەتان دەخوێنمەوە. یان ( زەوییەکەتانیان کێڵا. )

.................................................................................................................

راهێنانی (٢)، لاپەڕە (١٠٥)

١-

أ- {(ین)، (ن)}/ هەردووکیان لە کۆمەڵەی دووەمن، کاتێک کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، دەچنە کۆتاییی کارەکەش.

نم/ گۆڤارەکەی بردین.

نم/ گۆڤارەکەم ناردن.

ب- {(ت)، (ی)}/ هەردووکیان لە کۆمەڵەی یەکەمن، لەگەڵ هەموو جۆرە کارێکدا دەبن بە دیارخەری ناو و شوێنەکەشیان بە پێی جۆری کارەکە دەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| أ- ڕابردووی تێنەپەڕ: | نم/ مامۆستاکەت هات Ø. | نم/ مامۆستاکەی هات Ø. |
| ب- ڕانەبردووی تێنەپەڕ: | نم/ مامۆستاکەت دێت. | نم/ مامۆستاکەی دێت. |
| ج- داخوازیی تێپەڕ: | × | نم/ هۆنراوەکەی لەبەربکە Ø. |
| د- داخوازیی تێنەپەڕ: | × | نم/ لە ژوورەکەی دابنیشە. |
| هـ- بکەرنادیار: | نم/ خانووەکەت فرۆشرا Ø. | نم/ خانووەکەی فرۆشرا Ø. |
| و- کاری ناتەواو: | نم/ منداڵەکەت زیرەکە Ø. | نم/ منداڵەکەی زیرەکە Ø. |
| ی- ڕانەبردووی تێپەڕ: | نم/ کتێبەکەت دەخوێنێتەوە. | نم/ کتێبەکەی دەخوێنمەوە. |
| ز- ڕابردووی تێپەڕ: | نم/ ڕۆمانەکەتم خوێندەوە. | نم/ ڕۆمانەکەیم خوێندەوە. |

٢- کاتێک کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەم لە دەوری دیارخەری ناو دەرناکەوێت چونکە جێناوەکە هێمای نییە و سفرە (Ø) و دەشکەوێتە کۆتاییی کارەکە.

نم/ کتێبەکانم چاپکرد Ø.

.................................................................................................................

ڕاهێنانی(٣)، لاپەڕە (١٠٥)

١- نەخێر، ناتوانین بیڵێین. چونکە کاتێک ناوێک بە جێناوی لکاو دیاربخرێت، ئیتر دروست نییە هیچ وشەیەکی تر لە دوای جێناوە لکاوەکەوە بێتە دیارخەری ناوەکە، لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی داڕشتنی ڕستەکە و شێواندنی واتاکەشی.

٢- نەخێر، دروست نییە. چونکە لەگەڵ ڕاستی و زانستدا ناگونجێت و لەم گرێیەدا ناوێکی تاک کراوە بە دیارخەری ناوێکی کۆ. لە ڕاستیدا پێویستە گونجاو بێت لە (تاک و کۆ) و (ناسراوی و نەناسراوی)یشدا.

............................................................................................................

ڕاهێنانی(٤)، لاپەڕە (١٠٥)

(دەبوو ڕۆمانە تازەکەتـــیان چاپکردبا.)

واتە(دەبوو ئەوان ڕۆمانە تازەکەی تۆیان چاپکردبا.)

١- (یان)/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ لە کۆمەڵەی یەکەم، بکەرە.

٢- (ت)/ جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک لە کۆمەڵەی یەکەم.

دیارخەری ناوی (ڕۆمان) یان دیارخەری گرێیی (ڕۆمانە تازەکە)یە.

چونکە کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕە و (ت) لە کۆمەڵەی یەکەمە و هاوەڵناوێک بووە بە دیارخەری ناوەکە، ئەمیش دەکەوێتە کۆتاییی هاوەڵناوەکە ئینجا جێناوی لکاوی بکەر بە دوایدا دێت.

(دەبوو ڕۆمانە تازەکەیان چاپکردبایت.)،جێناوی(یت) دەچێتە کۆتاییی کارەکە.

چونکەجێناوی (یت) لە کۆمەڵەی دووەمە و کۆمەڵەی دووەمیش هەمیشە دەچنە کۆتاییی کارەکە.

٣- (ە)/ ئامرازی خستنەسەرە.

٤- (ڕۆمانە تازەکەتـــیان چاپکردووە.)، کاری یاریدەدەری (دەبوو) لابراوە لەگەڵ نیشانەی (با)ی دانانی.

------------------------------------------------------------------------------------------------

# هەندێک زانیاریی گرنگ و بەسوود

پ/ جیاوازیی نێوان (جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی دووەم و جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی کۆمەڵەی چوارەم) چییە؟

ئامادەکردنی/ عبدالله عبدالقادر علی
مامۆستا لە ئامادەییی شەهید (دانا)ی کوڕان

بە پێی کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی)ی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، چاپی دەیەم، ساڵی(٢٠١٥)، جێناوی لکاو لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا چوار کۆمەڵەیە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

کۆمەڵەی یەکەم/

| | |
|---|---|
| م | مان |
| ت | تان |
| ی | یان |

کۆمەڵەی دووەم/

| | |
|---|---|
| م | ین |
| یت | ن |
| Ø | ن |

کۆمەڵەی سێیەم/

| | |
|---|---|
| م | ین |
| یت | ن |
| ێت/ات | ن |

کۆمەڵەی چوارەم/

| | |
|---|---|
| ە | ن |

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت چەند وشەیەکی لەسەر بنووسم، کۆمەڵەی دووەم و چوارەمە، لەناو جێناوەکانی ئەم دوو کۆمەڵەیەشدا تەنیا قسە لەسەر کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی دووەم و کەسی دووەمی تاکی کۆمەڵەی چوارەم دەکەم، بەم شێوەیە:

١- کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ هەر کارێکدا بێت و لە هەر ئەرکێکدا بێت هەمیشە سفرە (Ø) واتە دەرناکەوێت چونکە خۆی لە بنەڕەتدا هێما و وێنەی نییە، وەکو دەڵێن نەبوونی هێما لە ناو کۆمەڵەکەی خۆیدا بووە بە هێما بۆی، بۆیە تا ڕادەیەک بەئاسانی لە ناو ڕستەدا هەستی پێدەکرێت.

نموونە:

چووØ.

هاتØ.

٢- کەسی دووەمی تاکی کۆمەڵەی چوارەم لەگەڵ کاری داخوازی و لە ئەرکی (بکەر)دا بریتییە لە(ە) واتە جێناوەکە لە بنەڕەتدا هێمای هەیە، بەڵام هەندێکجار **دەبێت بە سفر** (**Ø**) ئەویش بە (کاتی) نەک بە (هەمیشەیی)، ئەمەش لە کاتێکدا ڕوودەدات کە ڕەگی کار بە پیتی (بزوێن) کۆتایی هاتبێ.

نموونە:

بڕۆØ

بڵێØ

لە کۆتاییدا بە شێوەی خاڵ جیاوازی و تایبەتمەندی هەردوو کەسەکە باس دەکەم:

| کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی دووەم | کەسی دووەمی تاکی کۆمەڵەی چوارەم |
|---|---|
| ١- سفری کۆمەڵەی دووەم هەمیشەییە، واتە لە هەموو حاڵەتێکدا هەر سفرە و هێمای نییە. | ١- سفری کۆمەڵەی چوارەم کاتییە، واتە لە هەموو حاڵەتێکدا سفر نییە. |
| ٢- سفری کۆمەڵەی دووەم، کەسی سێیەمی تاکە. | ٢- سفری کۆمەڵەی چوارەم، کەسی دووەمی تاکە. |
| ٣- لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت. | ٣- لەگەڵ کاری داخوازیی تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت. |
| ٤- زۆربەی ئەرکەکانی ناو دەبینێت، وەکو (بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو، ...هتد). | ٤- تەنیا ئەرکی بکەر دەبینێت. |
| ٥- نموونە: گریاØ. ناردمانØ. ناردØی. | ٥ نموونە: بنووØ. بخۆØ. |

تێبینیی ١: لەم نووسینەدا من باسی کاری چاوگی (بوون)م نەکردووە، چونکە بابەتێکی ئاڵۆز و پڕکێشەیە و قسەی زۆر هەڵدەگرێت. ئەمەش بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵدەگرین.

تێبینیی ٢: لەم نووسینەدا من هێمای (Ø )م لە شوێنی جێناوەکەدا داناوە بۆ ئەوەی بەجوانی هەستی پێبکەین.

---

پ/ چۆن کاری (ڕابردووی بەردەوام)ی ڕاگەیاندن، لە کاری (ڕانەبردوو)ی ڕاگەیاندن، جیادەکەیتەوە؟

ئامادەکردنی/ عبدالله عبدالقادر علی
مامۆستا لە ئامادەییی شەهید (دانا)ی کوران

وەڵام/ هەر ڕستەیەک کارەکەی نیشانەی (دە)ی پێوەبوو، شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندنە، بەڵام دەبێت بزانین ئایا (ڕابردووی بەردەوام)ی ڕاگەیاندنە یان (ڕانەبردوو)ی ڕاگەیاندنە؟ چونکە لە پێنج (٥) جۆرەکەی ڕاگەیاندن بە ڕابردوو و ڕانەبردووەوە (چوار ڕابردوو+ یەک ڕانەبردوو)، تەنیا دووانیان نیشانەی (دە)یان پێوەیە کە ئەمانەن {(ڕابردووی بەردەوام)ی ڕاگەیاندن و (ڕانەبردوو)ی ڕاگەیاندن}، بۆیە دەبێت ئەو دوو جۆرەش بەجوانی و بەڕێکی لەیەک جیابکەینەوە، زۆرجار تێکەڵ دەکرێن، ئێمە هەوڵدەدەین بە هۆی ئەم چەند خاڵەوە جیایان بکەینەوە:

١- (ڕابردووی بەردەوام)ی ڕاگەیاندن جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕابردووی ڕاگەیاندن.

بەڵام (ڕانەبردوو)ی ڕاگەیاندن خۆی بە تەنیایە و جۆری نییە وەک ئەو.

٢- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، لەڕووی کاتەوە ڕووی داوە.

بەڵام ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، لەڕووی کاتەوە هێشتا ڕووی نەداوە.

٣- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، لە قەدی چاوگ دروست بووە، واتە (دە+ قەد).

نم/ دە+ چوو

نم/ دە+ نووسی

بەڵام ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، لە ڕەگی کار دروست بووە، واتە (دە+ ڕەگ).

نم/ دە+ چ+ م

نم/ دە+ نووس+ م

٤- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، ئەگەر تێپەڕ بوو، جێناوە لکاوەکەی لە کۆمەڵەی یەکەمە، ئەگەر تێنەپەڕیش بوو، جێناوە لکاوەکەی لە کۆمەڵەی دووەمە.

بەڵام ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ، جێناوە لکاوەکەی لە کۆمەڵەی سێیەمە.

٥- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، بە هۆی ئامڕازی نەرێی (نە) نەریّ دەکرێت.

نم/ دەچووم. ← نەدەچووم.

نم/ دەم نووسی. ← نەم دەنووسی.

بەڵام ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، بە هۆی ئامڕازی نەرێی (نا) نەریّ دەکرێت.

نم/ دەچم. ← ناچم.

نم/ دەنووسم. ← نانووسم.

٦- لە کاتی نەرێکردنی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، نیشانەی (دە)ی بەردەوامی بە هیچ شێوەیەک لاناچێت.

نم/ دەچووم. ← نەدەچووم.

نم/ دەم نووسی. ← نەم دەنووسی.

بەڵام لە کاتی نەرێکردنی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، هەمیشە نیشانەی (دە)ی بەردەوامی لادەچێت و ئامڕازی نەرێی (نا) دەچێتە شوێنی لە هەر شوێنێکدا بێت.

نم/ دەچم. ← ناچم.

نم/ دەنووسم.← نانووسم.

٧- لە کاتی نەرێکردنی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، شوێنی ئامڕازی نەرێی (نە)، دەکەوێتە پێش نیشانەی (دە)ی بەردەوامی.

نم/ دەچووم. ← نەدەچووم.

نم/ دەم نووسی. ← نەم دەنووسی.

بەڵام لە کاتی نەرێکردنی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، هەمیشە ئامڕازی نەرێی (نا) دەچێتە شوێنی(دە)ی بەردەوامی لە هەر شوێنێکدا بێت.

نم/ دەچم. ← ناچم.

نم/ درووست دەکەم. ← درووست ناکەم.

٨- شوێنی جێناوە لکاوەکە لە ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، ئەگەر تێنەپەڕ بوو کۆمەڵەی دووەم وەردەگرێت و جێگیرە و دەکەوێتە کۆتاییی (قەد) کارەکە.

نم/ دەچووم.

بەڵام ئەگەر تێپەڕ بوو کۆمەڵەی یەکەم وەردەگرێت و جێگیر نییە و بە پێی کارەکە شوێنی دەگۆڕێت، واتە شوێنگۆڕکێ دەکات.

نم/ دەمان نووسی.

نم/ دروستمان دەکرد.

بەڵام شوێنی جێناوە لکاوەکە لە ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، ئەگەر تێنەپەڕ بێت یان تێپەڕ، کۆمەڵەی سێیەم وەردەگرێت و جێگیرە و دەکەوێتە کۆتاییی (ڕەگ) کارەکە.

نم/ دەچم.

نم/ دەنووسم.

٩- (ڕابردووی بەردەوام)ی ڕاگەیاندن لە بکەرنادیاردا، نیشانەی (را)ی پێوەیە.

نم/ دەنووسرا Ø. ← نەدەنووسرا Ø.

بەڵام (ڕانەبردوو)ی ڕاگەیاندن لە بکەرنادیاردا، نیشانەی (رێ)ی پێوەیە.

نم/ دەنووسرێن. ← نانووسرێن.

---

پ/ چۆن (بوو)ی نیشانەی کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، لە (بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو، جیادەکەیتەوە؟

ئامادەکردنی/ عبداللە عبدالقادر علی

مامۆستا لە ئامادەییی شەهید (دانا)ی کوڕان

وەڵام/ (بوو)ی نیشانەی کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن لە ڕووخساردا وەکو (بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو وایە، زۆرجار تێکەڵ دەکرێت و بە ئاسانی جیاناکرێتەوە، ئێمە هەوڵدەدەین بە هۆی ئەم چەند خاڵەوە جیایان بکەینەوە.

١- (بوو) لە ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن نیشانەیە، واتە حاڵەتی ڕێزمانی کارە ڕابردووکە دیاری دەکات.

بەڵام (بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو نیشانە نییە بەڵکو خۆی کارە بۆ دەمی ڕابردوو.

٢- مەرجە و دەبێت هەمیشە پێش (بوو) لە ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، قەدی چاوگ (کاری ڕابردوو) هاتبێت واتە (قەد + بوو).

بەڵام هەمیشە لە پێش (بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو، یەکێک لەمانە دێت: (ناو، جێناوی سەربەخۆ، هاوەڵناو، هاوەڵکار، چاوگ)، واتە هەرگیز قەدی چاوگ (کاری ڕابردوو) نایەت.

٣- لە ڕووی واتاوە ئەگەر (بوو) لە ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن لاببەین، واتای ڕستەکە تێک ناچێت، تەنیا لە ڕووی ڕێزمانەوە کارەکە لە ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنەوە دەبێت بە ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن.

بەڵام لە ڕووی واتاوە ئەگەر (بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو لاببەین، واتای ڕستەکە تێک دەچێت، چونکە (بوو) کاری سەرەکی ڕستەکەیە و ڕستەش بەبێ کار نابێت.

٤- لە کاتی نەرێکردنی کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، ئامڕازی نەرێی (نە) دەچێتە پێش قەدەکە (کارە ڕابردووەکە) واتە (نە+ قەد+ بوو)، نەک ڕاستەوخۆ بچێتە پێش (بوو).

بەڵام لە کاتی نەرێکردنی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو، ئامڕازی نەرێی (نە) ڕاستەوخۆ دەچێتە پێش کاری (بوو)، واتە (نە+ بوو).

٥- (بوو) لە ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بیگۆڕین بۆ (ە)ی کاتی ئێستا و (دەبێت)ی کاتی داهاتوو، چونکە (بوو) نیشانەیە و کار نییە.

بەڵام(بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو، زۆر بە ئاسانی دەتوانین بیگۆڕین بۆ (ە)ی کاتی ئێستا و (دەبێت)ی کاتی داهاتوو، چونکە (بوو) لێرە کارە نەک نیشانە.

٦- نموونە بۆ هەردووکیان:

أ- (بوو)ی نیشانەی کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن:

(نە+ هات+ بوو) ← نەهاتـــــــ**بوو**. Ø (نەرێ)

ب- (بوو)ی کاری ناتەواو بۆ دەمی ڕابردوو:

ئاهەنگەکە خۆش **بوو**.Ø ← ئاهەنگەکە خۆش نە**بوو**.Ø (نەرێ)

ئاهەنگەکە خۆش بوو.Ø ← ئاهەنگەکە خۆشـــــــــــە.Ø (کاتی ئێستا)

ئاهەنگەکە خۆش بوو.Ø ← ئاهەنگەکە خۆش دەبێت. (کاتی داهاتوو)

---

# هەندێک پرسیاری هەڵبژاردنی وزاری و وەڵامەکانیان

## پرسیارەکانی ڕێزمان

### خولی یەکەم (٢٠١٤ – ٢٠١٥)

پ١/ جێناوی کەسیی لکاو (ین) دەبێتە دیارخەری ناو و دەکەوێتە دوای کاری:

(A- ڕابردووی تێنەپەڕ، B- ڕانەبردووی تێپەڕ، C- ڕانەبردووی تێنەپەڕ، D- ڕابردووی تێپەڕ)

پ٢/ لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا کاری (ڕستەی وەڵامی مەرج) لە چ شێوازێک دەبێت؟

(A- ڕاگەیاندن و داخوازی، B- ڕاگەیاندن و دانانی، C- داخوازی و دانانی،
D- ڕاگەیاندن و داخوازی و دانانی)

پ٣/ ئەگەر کاری ڕستەی (دەمانبات بۆ سەیری پێشانگاکە.) بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، دەبێتە:

(A- بردمی، B- بردینی، C- بردیتی، D- بردمانت)

پ٤/ جێناوی لکاوی ڕێژەی کار لەگەڵ کاری (سازنەدەکرد) دەکەوێتە:

(A- کۆتاییی بەشی یەکەمی کار، B- دوای نیشانەی (نە)، C- دوای نیشانەی (دە)، D- کۆتاییی کار)

پ٥/ لە ڕستەی (ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت.) پیتی بزوێنی (ە) لە نێوان (ئەستێرە) و (گەش) دەرنەکەوتووە، چییە؟

(A- ئامرازی دانەپاڵە، B- کاری ناتەواوە، C- بکەرە، D- ئامرازی پەیوەندییە)

پ٦/ ئەو هاوەڵناوانەی ڕادەی هاوەڵناوی دەردەخەن چین؟

(A- هاوەڵناوی چۆنیەتی، B- هاوەڵناوی پلەی باڵا، C- هاوەڵناوی بەراورد،
D- هاوەڵناوی نادیار)

پ٧/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری بکەردا (ێت) بەکاردێت، ئەگەر کاری ڕستە ڕانەبردوو بێت و کۆتاییی ڕەگ:

(A- بزوێنی (ە) یان (ۆ) بێت، B- نەبزوێن بێت، C- هەر پیتێک بێت، D- بزوێنی (ە) یان (ۆ) نەبێت)

پ٨/ لە ڕستەی (من کوردم.) چی دەرنەکەوتووە؟

(A- کاری ناتەواو، B- جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک، C- بکەر، D- ئامرازی دانەپاڵ)

پ٩/ لە ڕستەی (لە وانەکان زۆر باش تێگەیشتووە.) وشەی (زۆر) چییە؟

(A- ڕادەی هاوەڵناوییە، B- ڕادەی هاوەڵکارییە، C- هاوەڵناوی نادیارە،
D- هاوەڵناوی چۆنیەتییە)

پ١٠/ لە ڕستەی (کارەکە باش ئەنجام بدە.) بزوێنی (ە) لە کۆتاییی ڕستە چییە؟

(A- لە ڕەگی کارە، B- پاشگرە، C- بکەرە، D- کاری ناتەواوە)

پ١١/ هاوەڵناوی(خەباتکەر) بە چ دەستوورێک دروست بووە؟

(A- هاوەڵناو + ناو، B- ناو + ڕەگ + پاشگر، C- ناو + هاوەڵناو، D- ناو + ناو)

پ١٢/ لە ڕستەی (بۆی چاپکردم.) جێناوی لکاو (ی) ئەرکی چییە؟

(A- تەواوکەری بەیاریدە، B- بکەر، C- بەرکار، D- دیارخەری ناو)

پ١٣/ کاری ڕستەی (پێویستە قوتابییان ئاگاداربکەنەوە.) لە چ ڕێژەدایە؟

(A- داخوازی، B- ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن، C- ڕانەبردووی دانانی،
D- ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن )

پ١٤/ لە ڕستەی (کەی قوتابییان ئامادەبوون، ئاهەنگەکە دەست پێدەکات.) کاری مەرج لە چ ڕێژەدایە؟
(A- ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، B- ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، C- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، D- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)
پ١٥/ ئەگەر ڕستەی (وڵاتەکەیان لێ دابەشکردین.) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، دەبێتە:
(A- وڵاتەکەمان لێ دابەش دەکات، B- وڵاتەکەم لێ دابەش دەکەن،
C- وڵاتەکەمان لێ دابەش دەکەن، D- وڵاتەکەیان لێ دابەش دەکەین)
پ١٦/ جێناوی لکاوی ڕێژەی کار دەکەوێتە دوای نیشانەی (نە) ئەگەر کارەکە؟
(A- تێپەڕی سادەی ئەرێ، B- تێپەڕی لێکدراو، C- تێنەپەڕ، D- تێپەڕی سادەی نەرێ) بێت.
پ١٧/ لە ڕستەی (بانگی کردم بۆ ئاهەنگەکە.) جێناوی لکاو (م) ئەرکی چییە؟
(A- بکەر، B- بەرکار، C- دیارخەری ناو، D- تەواوکەری بەیارىدە)
پ١٨/ لە ڕستەی (گەزۆ نایابەکان فرۆشران.) ئەرکی گرێی (گەزۆ نایابەکان) چییە؟
(A- بکەر، B- بەرکار، C- جێگری بکەر، D- نیهاد)
پ١٩/ لە ڕستەی (چاکە بە خەڵک بکە.) پیتی بزوێن (ە) لە کۆتاییی (چاکە) چییە؟
(A- ئامرازی پەیوەندییە، B- جێناوی لکاوە، C - پاشگرە، D- کاری ناتەواوە)
پ٢٠/ ڕانەبردووی دانانی بە چی نەرێ دەکرێت؟
(A- نە، B- نا، C- مە، D- نی)
پ٢١/ وشەی (پەرتووک) لە ڕستەی (ئەم پەرتووکە باشترین سەرچاوەیە.) دیارخراوە بە؟
(A- هاوەڵناوی پلەی باڵا، B- جێناوی نیشانە، C- جێناوی کەسیی سەربەخۆ،
D- هاوەڵناوی نیشانە)
پ٢٢/ لە ڕستەی (دایکیان کە منداڵی بوو، منداڵەکە نەخۆش بوو.) ئەرکی وشەی (منداڵەکە) چییە؟
(A- بکەرە، B- بەرکارە، C- تەواوکەری کاری ناتەواوە، D- نیهادە)
پ٢٣/ لە ڕستەی (کچەکە دەڕواتە قوتابخانە.) پیتی بزوێنی (ە) لە دوای (دەڕوات) چییە؟
(A- پاشگرە، B- ئامرازی لێکدەرە، C- دانە پاڵە، D- ئامرازی پەیوەندییە)
پ٢٤/ ئەرکی جێناوی لکاو (یت) لە ڕستەی (پێنووسە سەوزەکەم بردیت.) چییە؟
(A- دیارخەری ناو، B- بەرکار، C- تەواوکەری بەیاریدە، D- بکەر)
پ٢٥/ هاوەڵکاری (بەهێمنی) بە چ دەستوورێک دروست بووە؟
(A- پێشگر+ هاوەڵکار+ پاشگر، B- پێشگر+ هاوەڵناو+ پاشگر،
C – پێشگر+ ناو+ پاشگر، D- پێشگر+ هاوەڵناو)

---

## پرسیارەکانی ڕێزمان
## خولی دووەم (٢٠١٤ – ٢٠١٥)

پ١/ لە ڕستەی (خانووەکەی خۆتم پێ بفرۆشە.) جێناوی لکاوی (م) ئەرکی چییە؟
(A- تەواوکەری بەیاریدەیە، B- بکەرە، C- بەرکارە، D- دیارخەری ناوە)
پ٢/ کاری ڕستەی (براکەم دەرگاکەی بۆیەدەکرد.) لە چ ڕێژەیەکدایە؟
(A- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، B- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، C- ڕانەبردووی دانانی،
D- ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن)

پ٣/ ئەركی جێناوی لكاو (ت) لە ڕستەی (داڕشتنەكەتـــمان خوێندبوو.) چییە؟
(A- تەواوكەری بەیاریدەیە، B- بكەرە، C- بەركارە، D- دیارخەری ناوە)
پ٤/ لە ڕستەی (كەی قوتابیان بخوێننەوە، نمرەی بەرز دێنن.) كاری (ڕستەی كاری مەرج) لە چ ڕێژەیەكدایە؟
(A- ڕانەبردووی دانانی، B- داخوازی، C- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن،
D- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن)
پ٥/ جێناوە لكاوەكانی (ت ، تان) نابنە بەركار لەگەڵ كاری:
(A- ڕانەبردوو، B- داخوازی، C- ڕابردووی تێپەڕ، D- دانانی)
پ٦/ جێناوی لكاوی ڕێژەی كار لە ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندندا دەكەوێتە دوای نیشانەی (دە)، ئەگەر كارەكە:
(A- تێپەڕ و سادە، B- تێپەڕ و داڕێژراو، C- تێنەپەڕ و سادە، D- تێنەپەڕ و لێكدراو) بێت.
پ٧/ ناوی پێشمەرگە لە ڕستەی (پێسمەرگە كۆنەكان خەڵات دەكەم.) ناوێكی:
(A- كۆی ناسراوە، B- تاكی ناسراوە، C- كۆی نەناسراوە، D- تاكی نەناسراوە)
پ٨/ شێوازی (A- داخوازی، B- ڕاگەیاندن، C- دانانی، D- ڕاگەیاندن و دانانی) هاوبەشە لە ڕستەی كاری مەرج و وەڵامی مەرجدا.
پ٩/ ئەگەر ڕستەی (قەڵەمەكەم لێ دەبات.) بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن، دەبێتە:
(A- قەڵەمەكەیان لێم دەبرد، B- قەڵەمەكەم لێی دەبرد، C- قەڵەمەكەی لێم دەبرد،
D- قەڵەمەكەم لێ دەی برد)
پ١٠/ جێناوی لكاوی ڕێژەی كار دەكەوێتە چ شوێنێك لە كاری (سەرلێ نەداوە)؟
(A- نێوان (و) – (ە)، B- دوای (نە)، C- دوای(لێ)، D- كۆتایی بەشی یەكەم)
پ١١/ ئەگەر ڕستەی (خۆزگە یەک ڕێزی گەل بپارێزین.) بگۆڕین بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن، دەبێتە:
(A- خۆزگە یەک ڕێزی گەلمان پاراستبا، B- یەک ڕێزی گەل پاراستووە،
C- یەک ڕێزی گەل پاراستوومانە، D- یەک ڕێزی گەلمان پاراستووە)
پ١٢/ دیارخەرێك لە ڕستەی (بە كام قوتابیدا نامەكەت بۆ ناردم؟) هەیە، دەست نیشانی بكە:
(A- م، B- ت، C- قوتابی، D- كام)
پ١٣/ كاری ڕستەی (ئەحمەدی خانی كەی لەدایكبووە؟) چ جۆرێكە؟
(A- تەواوی تێپەڕە، B- تەواوی تێنەپەڕە، C- كاری ناتەواوە، D- یاریدەدەرە)
پ١٤/ وشەی (زۆر) لە ڕستەی (داڕشتنێكی زۆر باشم بەجوانی نووسییەوە.) چییە؟
(A- هاوەڵناوی چۆنیەتییە، B- هاوەڵكاری چەندێتییە، C- ڕادەی هاوەڵكارییە،
D- ڕادەی هاوەڵناوییە)
پ١٥/ ئەگەر وشەی (وتارەكە) لە ڕستەی (وتارەكەت بڵاونەكردووەتەوە.) لابدەین، جێناوی لكاوی (ت) دەكەوێتە:
(A- دوای نیشانەی (نە)، B- كۆتاییی كارەكە، C- نێوان نیشانەی (وو ـــ ە)،
D- دوای بەشی یەكەمی كارەكە)
پ١٦/ لە ڕستەی (شەقامەكانی ئەم شارە زۆرن.) چی دەرنەكەوتووە؟
(A- كاری ناتەواو، B- جێناوی لكاو بۆ كەسی دووەمی تاك، C- بكەر، D- ئامرازی دانەپاڵ)ە.

پ١٧/ لە ڕستەی (دیوانەکانی بۆ چاپکردم.) ئەرکی جێناوی لکاوی (م) چییە؟
A) -بکەرە، B- تەواوکەری بەیاریدەیە، C- بەرکارە، D- دیارخەری ناوە)
پ١٨/ ئەرکی جێناوی لکاوی (ین) لە ڕستەی (نامە تازەکەی پێ گەیاندین.) چییە؟
A) -تەواوکەری بەیاریدەیە، B- بەرکارە، C- دیارخەری ناوە، D- بکەرە)
پ١٩/ لەم دێڕەدا (پڕبەدڵ بانگ دەکەم سەربەستیم دەوێ ــ کوردستانم جێی شێرانە دەبێ سەرکەوێ) هاوەڵکاری هەیە بە چ دەستوورێک دروست بووە؟
A) -ناو + پاشگری (انە)، B- هاوەڵناو + بە + ناو، C- هاوەڵناو + پاشگری (انە)، D- ناو + بە + هاوەڵناو)
پ٢٠/ لە ڕستەی (خۆزگە بیانبینێت بۆ ئاهەنگەکە.) جێناوی لکاوی (یان) ئەرکی چییە؟
A) -بکەرە، B- بەرکارە، C- دیارخەری ناوە، D- تەواوکەری بەیاریدەیە)
پ٢١/ ئەرکی وشەی (ڕۆشنبیر) لە ڕستەی (دایکی ڕۆشنبیر منداڵ باش پەروەردە دەکات.) چییە؟
A) -بکەرە، B- بەرکارە، C- دیارخەری ناوە، D- نیهادە)
پ٢٢/ لە ڕستەی (درەختە بەرزەکان سیمایەکی جوان بە ژینگە دەبەخشن.) پیتی بزوێن (ە) لە دوای (درەخت) چییە؟
A) -ئامرازی پەیوەندییە، B- ئامرازی لێکدەرە، C- ئامرازی دانەپاڵە، D- پاشگرە)
پ٢٣/ لە ڕستەی (کاغەزەکە فڕێ دە.) چی دەرنەکەوتووە؟
A) -نیشانەی (ب) و بکەر، B- نیشانەی (ب)، C- بکەر، D- کاری ناتەواوە)
پ٢٤/ هاوەڵناوی (کۆنەدەوڵەمەند) بە چ دەستوورێک دروست بووە؟
A) -هاوەڵناو + ناو، B- هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو، C- ناو + هاوەڵناو، D- ناو + ناو)
پ٢٥/ لە ڕستەی (بڕۆنــە قوتابخانە.) پیتی بزوێنی (ە) لە دوای (بڕۆن) چییە؟
A) -پاشگرە، B- ئامرازی لێکدەرە، C- بکەرە، D- ئامرازی پەیوەندییە)

---

## پرسیارەکانی ڕێزمان

## پرسیاری ئاشنابوون بۆ خوێندکاران (٢٠١٤ ــ ٢٠١٥)

پ١/ لەگەڵ کاری (بەجێما) جێناوە لکاوەکانی: (A- کۆمەڵەی یەکەم، B- کۆمەڵەی دووەم، C- کۆمەڵەی سێیەم، D- کۆمەڵەی یەکەم و دووەم) بەکاردێت.
پ٢/ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بۆ کاتی داهاتوو (ئایندە) لە (کرمانجیی ژووروو) نیشانەی:
A) -(د)، B- (دە)، C- (دێ)، D- ((ب)) وەردەگرێت.
پ٣/ لەم پارچە هۆنراوەیە (بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم ـ دوندی قەندیل گۆڕەپانی هەڵگورد نیم) جێناوی لکاوی (م) دوای (نووسیوم) ئەرکی:
A) -بکەرە، B- بەرکارە، C- تەواوکەری بەیاریدەیە، D- دیارخەری ناوە)
پ٤/ هەر لەم پارچە هۆنراوەیەی سەرەوە جێناوی لکاوی (م) دوای (بنووسم) ئەرکی:
A) -بکەرە، B- تەواوکەری بەیاریدەیە، C- بەرکارە، D- دیارخەری ناوە)
پ٥/ لەم پارچە هۆنراوەیە (کوردە بخوێنە سەدەی بیستەمە ـ دونیا ڕووناکە و کوردستان تەمە) پیتی بزوێنی (ە) دوای (سەد) ئەرکی:
A) -ئامرازی پێناسینە، B- ئامرازی بانگکردنە، C- ئامرازی لێکدەرە، D- پاشگرە)

پ٦/ هەر لەم پارچە هۆنراوەیەی سەرەوە پیتی بزوێنی (ە) دوای (ڕووناک) ئەرکی:
(A- کاری ناتەواوە، B- ئامڕازی پەیوەندییە، C- ئامڕازی دانەپاڵ، D- ئامڕازی بانگکردنە)

پ٧/ لە ڕستەی (لە تاقیکردنەوەکە یارمەتیی دام.) جێناوی لکاوی (م) دوای (یارمەتیی دام) ئەرکی:
(A- بکەرە، B- دیارخەری ناوە، C- تەواوکەری بەیارییدەیە، D- بەرکارە)
پ٨/ لە ڕستەی (گوڵەباخی باخەکەمان جوانە.) جێناوی لکاوی (مان) ئەرکی:
(A- دیارخەری ناوە، B- بکەرە، C- تەواوکەری بەیارییدەیە، D- بەرکارە)
پ٩/ لە ڕستەی (لە تاقیکردنەوەکە بە یەکەم دەرچووو.) جێناوی لکاو لە دەوری :
(A- بەرکار، B- تەواوکەری بەیاریدە، C- بکەر، D- دیارخەری ناو) دەرنەکەوتووە.
پ١٠/ لە ڕستەی (ئەم گوڵە سوورە فرێ مەدە سەر زەوی.) لە کاری (فرێ مەدە) بزوێنی (ە) ئەرکی:
(A- کاری ناتەواوە، B- پیتی ڕەگی کارەکەیە، C- ئامڕازی بانگکردنە،
D- جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک)
پ١١/ لە ڕستەی (پێشمەرگە خەباتکەرەکان دڵسۆزن.) :
(A- کاری ناتەواوی (ە)، B- ئامرازی دانەپاڵی (ە)، C- جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک،
D- جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک) دەرنەکەوتووە.
پ١٢/ لەگەڵ کاری (پێ نەدەگەیشت) جێناوی لکاو دەچێتە:
(A- دوای بەشی یەکەمی کار، B- دوای ئامڕازی (نە)، C- دوای نیشانەی (دە)، D- کۆتاییی کارەکە)
پ١٣/ لە ڕستەی (پێشمەرگە دڵسۆزەکان خەباتکەرن.) لە نێوان وشەی (پێشمەرگە) و (دڵسۆز):
(A- کاری ناتەواوی (ە)، B- ئامرازی پەیوەندی (ە)، C- ئامرازی دانەپاڵی(ە)، D- جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک {ە}) دەرنەکەوتووە.
پ١٤/ لە ڕستەی (کوڕەکە لەخەو ڕابوو.) کاری ڕستەکە:
(A- کاری تەواوی تێپەڕە، B- کاری تەواوی تێنەپەڕە، C- کاری ناتەواوە، D- کاری یاریدەدەرە)
پ١٥/ کاری (ڕابخات) بە ئامرازی: (A- نە، B- نا، C- مە، D- نی) نەرێ دەکرێت.
پ١٦/ لە ڕستەی (دەبووایە دیارییەکە ببات بۆ قوتابییەکە.) جێناوی لکاوی (ات) لە کاری (ببات) بەکارهاتووە چونکە کۆتاییی ڕەگی کارەکە بە پیتی بزوێنی:
(A- (ۆ)، B- (ە)، C- (وو)، D- {ۆ، ە})
پ١٧/ هاوەڵناوی (دڵسوتاو) پێکهاتووە لە:
(A- ناو + هاوەڵناوی کراو ، B- ناو+ قەدی چاوگ + پاشگری (و)، C- هاوەڵناو + ناو،
D- هاوەڵناو + هاوەڵناو)
پ١٨/ لە ڕستەی (تاقیکردنەوەکە گەلێک زوو بوو.) وشەی (گەلێک) :
(A- ڕادەی هاوەڵکارییە، B- هاوەڵناوی نادیارە، C- ڕادەی هاوەڵناوییە، D- هاوەڵکاری چەندێتییە).
پ١٩/ لە ڕستەی (کوڕە ئەم دارە وشکە ببڕە.) وشەی (دار) دیارخراوە بە:
(A- هاوەڵناوی پرس، B- جێناوی پرس، C- هاوەڵناوی نیشانە، D- جێناوی نیشانە)
پ٢٠/ لەم هۆنراوەیە: (بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپک ـ لە نێرگز و گوڵی ناسک) وشەی (چەپک) دیارخراوە بە:
(A- هاوەڵناوی نیشانە، B- هاوەڵناوی ژمارەیی، C- هاوەڵناوی نادیار، D- جێناوی نادیار)
پ٢١/ لە ڕستەی (ئێوەی بەهرەدار گەشبین.) وشەی (گەشبین) پێکهاتووە لە :
(A- ناو + هاوەڵناو، B- هاوەڵناو + ڕەگ، C- هاوەڵناو + ناو، D- ناو + ڕەگ)

پ٢٢/ لە ڕستەی (دایکی ئەوە دڵسۆزە.) وشەی (ئەوە):

(A- جێناوی نادیارە، B- هاوەڵناوی نیشانە، C- جێناوی نیشانە، D- هاوەڵناوی نادیارە)

پ٢٣/ لە ڕستەی (نیشتیمانەکەم پڕبەدڵ خۆشدەوێت.) وشەی (پڕبەدڵ):

(A- هاوەڵناوی چۆنیەتی، B- ڕادەی هاوەڵکارییە، C- ڕادەی هاوەڵناوییە، D- هاوەڵکاری چۆنیەتییە)

پ٢٤/ لە ڕستەی (دایکی ئەم کچە مامۆستایە.) وشەی (ئەم کچە) ئەرکی:

(A- دیارخەری ناوە، B- تەواوکەری کارە، C- بکەرە، D- تەواوکەری بەیاریدەیە)

---

## پرسیارەکانی ڕێزمان

## پرسیاری بەرایی (٢٠١٤ – ٢٠١٥)

پ١/ لە ڕستەی (پێشمەرگەکان سنووری وڵاتیان گەلێک باش پاراستووە.) وشەی (گەلێک) چییە؟

(A هاوەڵناوی نادیارە، B- ڕادەی هاوەڵناوییە، C- ڕادەی هاوەڵکارییە، D- هاوەڵکاری چۆنیەتییە).

پ٢/ لە ڕستەی (دەتانبات بۆ قوتابخانە.) جێناوی لکاوی (تان) ئەرکی چییە؟

(A- بکەر، B- تەواوکەری بەیاریدە، C- دیارخەری ناو، D- بەرکار)

پ٣/ لە چاوگی (بوون) کاری تەواوی تێنەپەڕ دروست دەبێت، ئەگەر:

(A- بە واتای مندالْ بوون بێت، B- لە سەرەتای ڕستەی دانانی بێت،

C- پارچەیێک بێت لە کارێکی داڕێژراو، D- کاری سەرەکی نەهاتبێت)

پ٤/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری تەواوکەری بەیاریدەدا دەرناکەوێت، ئەگەر کاری ڕستەکە:

(A- ڕابردووی تێنەپەڕ، B- داخوازی، C- ڕابردووی تێپەڕ، D- ڕانەبردووی تێپەڕ یان تێنەپەڕ) هات.

پ٥/ یەکێک لەم هاوەڵکارانە بە دەستووری (هاوەڵناو + پاشگر) دروست بووە:

(A- شەوێ، B- ساڵانە، C- چالاکانە، D- بەهاوینان)

پ٦/ وشەی (شاخ) لە ڕستەی (شاخە بەرزەکان جوانن.):

(A- تاکە نەناسراوە، B- تاکە ناسراوە، C- کۆی ناسراوە، D- کۆی نەناسراوە)

پ٧/ ڕستەی (کەی بوویت بە ئەندازیار،گوندەکان ئاوەدان بکەرەوە.) چ شێوازە؟

(A- ڕاگەیاندن، B- مەرجی، C- دانانی، D- داخوازی)

پ٨/ ئەگەر کاری ڕستەی (بانگمان بکەن بۆ سەیری پێشانگاکە.) بگۆڕین بۆ ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن، دەبێتە:

(A- بانگمان کردبوون، B- بانگتان کردبووین، C- بانگیان کردبووین، D- بانگمان کردبوویت)

پ٩/ لە ڕستەی (سەوزە بشۆ.) پیتی بزوێنی (ە) چییە؟

(A- پاشگرە، B- ئامرازی لێکدەرە، C- ئامرازی خستنەسەرە، D- کاری ناتەواوە)

پ١٠/ جێناوی لکاوی ڕێژەی کار لە ڕابردووی بەردەوامدا دەکەوێتە دوای نیشانەی (دە)، ئەگەر کارەکە:

(A- تێپەڕی سادەی ئەرێ، B- تێپەڕی لێکدراو، C- تێنەپەڕ، D- تێپەڕی سادەی نەرێ)

پ١١/ ئەگەر ڕستەی (لەوانەیە نامەکەی ناردبێت.) بگۆڕین بۆ شێوازی ڕاگەیاندن، ڕستەکە دەبێتە:

(A- لەوانەیە نامەکەی ناردووە.، B- نامەکەی نارد.، C- نامەکەی ناردبوو.، D- نامەکەی ناردووە.)

پ١٢/ لە ڕستەی (دەبێت مامۆستا قوتابییان بباتە قوتابخانە.) پیتی بزوێن (ە) لە دوای (ببات) چییە؟

(A- ئامرازی پەیوەندییە، B- جێناوی لکاوە، C- پاشگرە، D- ئامرازی لێکدەرە)

پ١٣/ لەم نیوەدێڕەدا (گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە) ئەرکی گرێی (گیانی من) چییە ؟

(A- بکەر، B- بەرکار، C- جێگری بکەر، D- نیهاد)

پ١٤/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری بکەر دەرناکەوێت، ئەگەر کاری ڕستە:
(A- ڕانەبردووی تێنەپەڕ بێت، B- ڕابردووی تێنەپەڕ بێت، C- ڕابردووی تێپەڕ بێت، D- داخوازی بێت)

پ١٥/ لە ڕستەی (چیاکانی کوردستان بڵندن.) چی دەرنەکەوتووە؟
(A- کاری ناتەواو، B- جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک، C- جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک، D- ئامرازی دانەپاڵ)

پ١٦/ لە ڕستەی (پرۆژەکە تەواوبکە.) بزوێنی (ە) لە کۆتاییی ڕستە چییە؟
(A- بکەری ڕستەیە، B- پاشگرە، C- لە ڕەگی کارە، D- کاری ناتەواوە)

پ١٧/ جێناوی لکاوی ڕێژەی کار لەگەڵ کاری (پێش نەدەکەوت) دەکەوێتە:
(A- کۆتاییی بەشی یەکەمی کار، B- دوای نیشانەی (نە)، C- دوای نیشانەی (دە)، D- کۆتاییی کار)

پ١٨/ ئەرکی جێناوی لکاوی (ین) لە ڕستەی (وڵاتەکەیان دابەشکردین.) چییە؟
(A- بکەر، B- بەرکار، C- تەواوکەری بەیاریدە، D- دیارخەری ناو)

پ١٩/ هاوەڵناوی (بۆرەدەوڵەمەند) بە چ دەستوورێک دروست بووە؟
(A- هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو، B- ناو + ئامراز + ناو، C- ناو + هاوەڵناو، D- ناو + ئامراز + هاوەڵناو)

پ٢٠/ کاری (ئاگادارکردبێتەوە) لە چ ڕێژەیەکدایە؟
(A- ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن، B- ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن، C- ڕابردووی تەواوی دانانی، D- ڕابردووی نزیکی دانانی)

پ٢١/ ئەو هاوەڵکارانەی کە ڕادەی هاوەڵکاری دەردەخەن چین؟
(A- هاوەڵکاری چۆنیەتی، B- هاوەڵکاری ڕێکخستن، C- هاوەڵکاری شوێن، D- هاوەڵکاری چەندێتی)

پ٢٢/ لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا کاری (ڕستەی کاری مەرج) لە چ شێوازێک دەبێت؟
(A- ڕاگەیاندن و داخوازی ، B- ڕاگەیاندن و دانانی، C- داخوازی و دانانی، D- ڕاگەیاندن و داخوازی و دانانی)

پ٢٣/ هاوەڵناوێکە لە پێش ناو دێت و دەبێتە دیارخەرەکەی و پێویستی بە ئامرازی خستنەسەر هەیە.
(A- هاوەڵناوی نادیار، B- هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی، C- هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن، D- هاوەڵناوی پلەی باڵا)

پ٢٤/ لە ڕستەی (هەواڵی سەرکەوتنەکەم بۆ ڕاگەیاندیت.) جێناوی لکاوی (م) ئەرکی چییە؟
(A- تەواوکەری بەیاریدە، B- بکەر، C- بەرکار، D- دیارخەری ناو)

پ٢٥/ لە ڕستەی (کەی کارەکەت ئەنجام دا، بڕۆ بۆماڵەوە.) ئەگەر کاری وەڵامی مەرج بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی دانانی، دەبێتە:
(A- ئەنجامت دابا، B- ئەنجامی دابا، C- ڕۆیشتیت، D- ڕۆیشتبایت)

---

# کۆتاییی بەشی ڕێزمان

# زمان و ئەدەبی کوردی

# بەشی ڕەوانبێژی

## پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی

لەسەر کتێبی چاپی دەیەم/ (٢٠١٥)

ئامادەکردنی: مامۆستا/ عبداللە عبدالقادر علی

ئامادەییی شەهید دانای کوڕان

سالّی خوێندن: (٢٠١٦-٢٠١٧)

- ڕەوانبێژی: ئەوەیە قسە و هۆنراوە ڕەوان و جوان و کاریگەر بێ و لەگەڵ بار و دۆخی گوێگر و هەڵوێستی قسەکردنەکە بگونجێت بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بەڕوونی لە خوێنەر بگەیەنێ و چێژی پێ ببەخشێت و کاری تێ بکات، ئەمەش بە هەڵبژاردنی وشەی لەبار و داڕشتنی تۆکمە و ڕێکخستنی ژیربێژییانە دێتە دی.

پ/ زانستی ڕەوانبێژی لە چی دەکۆڵێتەوە؟

و/ زانستی ڕەوانبێژی لەو هونەر و دەستوور و بنەمایانە دەکۆڵێتەوە، کە دەبن بە مایەی ڕەوانی و جوانی کاریگەری قسە و پاراستنی لە لێڵی و شل و شێواوی.

- ڕەوانبێژی کوردی، وەکو ڕەوانبێژی هەر زمانێکی تر دەکرێت بە سێ (٣) بەشی سەرەکییەوە، کە ئەمانەن:

یەکەم/ ڕوونبێژی (البیان)

دووەم/ جوانکاری (البدیع)

سێیەم/ واتاناسی (علم المعانی)

هەر یەکە لەم بەشە سەرەکییانەی سەرەوە دابەش دەبن بەسەر چەندین بەشی تردا، وەک :

یەکەم/ ڕوونبێژی(البیان): سێ (٣) بەشی سەرەکییە:

١- لێکچواندن (التشبیە)

٢- خوازە (المجاز): أ- خوازەی زمانی (لغوی): ١- خواستن (الاستعارة)

٢ خوازەی بەرەڵڵا (المجاز المرسل)

ب- خوازەی ژیری (عقلی)

٣- درکە (الکنایة)

دووەم/ جوانکاری (البدیع): دوو (٢) بەشی سەرەکییە

أ- جوانکاریی وشەیی (البدیع اللفظی): نزیکەی نۆ (٩) هونەرە

١- ڕەگەزدۆزی (الجناس)

٢- تێهەڵکێش (التضمین)

ب- جوانکاریی واتایی (البدیع المعنوی): نزیکەی سی و چوار (٣٤) هونەرە

١- دژیەک (الطباق)

٢- جوانیی بایس (حسن التعلیل)

ڕەوانبێژی
ئامادەکردنی: مامۆستا/ عبداللە عبدالقادر علی،
ئامادەییی شەهید (دانا)ی کوڕان، پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، (٢٠١٦- ٢٠١٧)

## بابەتی یەکەم: لێکچواندن (التشبیه):

- لێکچواندن: لێکچواندن لەسەر بنەمای بەراورد هاتووە، بۆ ڕوونکردنەوە و چەسپاندنی سیفەتی شتێک، ئەو شتە لەگەڵ شتێکی تر بەراورد دەکرێت کە سیفەتە مەبەستەکەی تێدا زاڵە، بۆ ئەوەی سیفەتەکە بەم بەراوردە ڕوون بێتەوە و بە زێدەڕۆیی دەربکەوێت.

+ بنەڕەتەکانی لێکچواندن:

لێکچواندن بەگشتی لە چوار بنەڕەت پێک دێت، کە ئەمانەن:

١- **لێچوو (المشبه):** ئەمە بابەتی باسەکەیە. لە هەموو بنەڕەتەکان لە پێشترە، چونکە باس باسی ئەمە. ئەوانی تر بۆ خزمەتی ئەم هاتوون.

٢- **لەوچوو (المشبه به):** ئەمە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی (لێچوو) دێت، کە بەراوردەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.

*/ بنەڕەتی یەکەم (لێچوو) و دووەم (لەوچوو)، بنەڕەتی بنچینەیین لە لێکچواندندا، واتە بەبێ ئەم دوو بنەڕەتە لێکچواندن دروست نابێت، بە واتایەکی تر لێکچواندن نییە ئەم دوو بنەڕەتەی تێدا نەبێت، ئەگەر یەکێکیان نەبوو ئەوا لێکچواندنەکە نابێت.

٣- **ڕووی لێکچوون (وجه الشبه):** سیفەت و لایەنی هاوبەشی نێوان هەردوو بنەڕەتە بنچینەییەکەیە ئەم سیفەتە لە لێکچواندنی ئاساییدا، لە (لێچوو)دا بێ هێز و لە (لەوچوو)دا بەهێزە.

٤- **ئەوزار (ئامرازی لێکچواندن، أداة التشبیه):** ئەو وشەیەیە، کە ئەرک و دەوری بە یەکەوە بەستنی هەردوو بنەڕەتی بنچینەیی لێکچواندن (لێچوو) و (لەوچوو) دەگێڕێت.

- ئەمەش هەندێک لە ئەوزارەکانە: (وەک، وەکو، هەرووەک، لەودەکا، لەودەچێ، ئاسا، چوون، وێنەی، چەشنی، میسلی، شەبیهی، عەینی، وەش، نەزیری، دەڵێی، مانەند، ...هتد).

*/ بنەڕەتی سێیەم (ڕووی لێکچوون) و چوارەم (ئەوزار)، بنەڕەتی بنچینەیی نین، بۆیە دەشێ باس بکرێن و بێن، دەشکرێ باس نەکرێن و فڕێ بدرێن.

نم/ دڵم هەرووەک سەماوەر پڕ لە جۆشە
خەریکـــــی سۆز و گریان و خرۆشە

لێکچواندن لە نیوەدێڕی یەکەمدایە:

١- دڵم (دڵی شاعیر): لێچووە
٢- سەماوەر: لەوچووە
٣- جۆش و خرۆش: ڕووی لێکچوونە
٤- هەرووەک: ئەوزارە

نم/ دڵم زنجیر ئەکەم ئەممـــا، لە یاری دڵڕوبا چ بکەم؟
ڕەگم وشکە وەکو پووشە، لە قووەی کارەبا چ بکەم؟

- دڵڕوبا: دڵگیر. خۆش.

لێکچواندن لە نیوەدێڕی دووەمدایە:
١- ڕەگی شاعیر: لێچووە
٢- پووش: لەوچووە
٣- وشکایەتی: ڕووی لێکچوونە
٤- وەکو: ئەوزارە

## + بنەڕەتە باسکراوەکانی لێکچواندن:

١- بۆی هەیە هەر چوار بنەڕەتەکەی لێکچواندن هاتبن.

نم/ کە فرسەت کەوتــە دەست غەم هێرشی هێنا وەکو شەیتان
وەها ڕێکەوت کە ڕۆژگیرانی ئەمجارە لــــــــە شەودا بوو

لێکچواندن لە نیوەدێڕی یەکەمدایە:
١- غەم: لێچووە
٢- شەیتان: لەوچووە
٣- هێرش هێنان: ڕووی لێکچوونە
٤- وەکو: ئەوزارە

٢- بۆی هەیە سێ بنەڕەت هاتبن، ئەمەش دوو جۆرە:

أ- بۆی هەیە سێ بنەڕەتە باسکراوەکان (لێچوو و لەوچوو و ئەوزار) بن و (ڕووی لێکچوون) نەهاتبێت.

نم/ قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت
شەرابم عەینی زەهری مارە بێ تۆ

لێکچواندن لە نیوەدێڕی دووەمدایە:
١- شەرابی شاعیر: لێچووە
٢- زەهری مار: لەوچووە
٣- × */ ڕووی لێکچوون، کە (کوشندەیە) نەهاتووە، چونکە خوێنەر خۆی دەیزانێت.
٤- عەینی: ئەوزارە

ب- بۆی هەیە سێ بنەڕەتە باسکراوەکان (لێچوو و لەوچوو و ڕووی لێکچوون) بن و (ئەوزار) نەهاتبێت.

نم/ کوڕ ئایینەیێ جەمـــــالێ زاتن    - ئایینە: ئاوێنە.

کەچ مەظهەرێ پورتەوا صیفاتن    - جەمالی زات: جوانی خود پیشاندان.

لێکچواندن لە نیوەدێڕی یەکەمدایە:

١- کوڕ: لێچووە

٢- ئایینە: لەوچووە

٣- جەمالی زات پیشاندان: ڕووی لێکچوونە

٤- ×

٣- بۆی هەیە تەنیا دوو بنەڕەتە بنچینەییەکە (لێچوو و لەوچوو) هاتبن و دوو بنەڕەتە نابنچینەییەکە (ڕووی لێکچوون و ئەوزار) نەهاتبن.

نم/ دەمێک بوو چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم مژدە بێ باری

سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەرە تۆپەڵمە بۆ یـــاری

لێکچواندن لە نیوەدێڕی دووەمدایە:

١- سەرم: لێچووە

٢- بەفر: لەوچووە

٣- ×

٤- ×

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## (وەڵامی پرسیارەکانی لێکچواندن)،
## لاپەڕە (٢٠٤)

لەم دێڕە شیعرانەی خوارەوەدا، لێکچواندن دەربێنە و بنەڕەتەکانی لەیەک جیابکەرەوە:

پ ١/ ئەمن کێوم، سەرم شاخە، هەناسەم - نەسیم: بای فێنک. شنەبای خۆش.

نەســـیــــمە، چاوەکانم، مێزەرم، تەم

وەڵام/ چەندین لێکچواندن لە هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەیە، بەم شێوەیە:

یەکەم/

١- ئەمن: لێچووە

٢- کێوم: لەوچووە

دووەم/

١- سەرم: لێچووە

٢- شاخە: لەوچووە

سێیەم/

١- هەناسەم: لێچووە

٢- نەسیمە: لەوچووە

چوارەم/

١- مێزەرم: لێچووە (هەندێک دەڵێن چاوەکانم، مێزەرم= لێچووە)

٢- تەم: لەوچووە

تێبینی/ ئەم دێڕە، لە دیوانەکەی (حاجی قادری کۆیی)دا، ل(٨٢) بەم شێوەیە هاتووە:

ئەمن شێخم، سەرم شاخە، هەناسەم

نەســـیــــمە، دیدە کانی، مێزەرەم تەم

وەڵام/ چەندین لێکچواندن لە هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەیە، بەم شێوەیە:

یەکەم/

١- ئەمن: لێچووە

٢- شێخم: لەوچووە

دووەم/

١- سەرم: لێچووە

٢- شاخە: لەوچووە

سێیەم/

١- هەناسەم: لێچووە

٢- نەسیمە: لەوچووە

چوارەم/

١- دیدە: لێچووە

٢- کانی: لەوچووە

پێنجەم/

١- مێزەرم: لێچووە

٢- تەم: لەوچووە

ئەگەر دێرەکە بەم شێوەیە بێت، ئەوا بەجوانی و بەبێ هیچ لێلییەک هەر پێنج لێکچواندنەکە دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر بەپێی کتێبەکە بێت ئەوا چوار لێکچواندنە و لە نیوە دێری دووەمیشدا هەست بە جۆرە ناتەواوی و لێلییەک دەکەین.

.....................................................................................................

پ٢/ قەلبێ مە شوبهێ زێڕی ژ فەیزاتە جـــەلا گرت

ما رووسیەهـ و سیفر سیفەت ڕەنگی سەدا گرت

وەڵام/ لێکچواندن لە نیوەدێری یەکەم دایە،بەم شێوەیە:

١- قەلبێ مە: لێچووە

٢- زێڕی: لەوچووە

٣- جەلا گرت: ڕووی لێکچوونە

٤- شوبهێ: ئەوزارە

- فەیز: بەرەکەت.

- جەلا: بەنرخ.

.....................................................................................................

پ٣/ دێ بەتاو ئەشکی دوو چاوم هەروەکو دیجلە و فورات

مەزرەعەی غەم سەوزە، تێراوە لەبەر ئـــــەم دوو شتە

وەڵام/ لێکچواندن لە نیوەدێری یەکەم دایە، بەم شێوەیە:

١- ئەشکی دوو چاوم: لێچووە

٢- دیجلە و فورات: لەوچووە

٣- بەتاو: ڕووی لێکچوونە

٤- هەروەکو: ئەوزارە

- مەزرەعە (مزرعة): کێڵگە.

- غەم: پەژارە و ناڵەی دەروون.

.....................................................................................................

پ٤/ تا کەی چون مەجنوون وێڵی هەردان بم؟

تا کـــــەی خەمزەدەی باری هیجران بم؟

وەڵام/لێکچواندن لە نیوەدێری یەکەم دایە، بەم شێوەیە:

١- (م) شاعیر: لێچووە

٢- مەجنوون: لەوچووە

٣- وێڵی هەردان: ڕووی لێکچوونە

٤- چون: ئەوزارە

- وێڵی هەردان: ئاوارە و دەربەدەری دەشت و کێو.

.................................................................................................................

پ٥/ لارولەنجەت، بـــــەستەیە، مۆسیقایە، گۆرانی یە

بەژن و بالآکـــەت نموونەی هەیکەلی یۆنانی یە

وەلآم/ چەندین لێکچواندن لە هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەیە، بەم شێوەیە:

یەکەم/ لێکچواندن لە نیوەدێڕی یەکەمدا، بەم شێوەیە:

١- لارولەنجەت: لێچووە

٢- بەستەیە، مۆسیقایە، گۆرانییە: لەوچووە

دووەم/ لێکچواندن لە نیوەدێڕی دووەمدا، بەم شێوەیە:

١- بەژن و بالآکەت: لێچووە

٢- هەیکەلی یۆنانییە: لەوچووە

٣- نموونەی: ئەوزارە

.................................................................................................................

پ٦/ نەیلوفەڕ دل، تـــــــو ئافتابی

تەن شبهی کەتان، تو ماهتابی

وەلآم/ چەندین لێکچواندن لە هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەیە، بەم شێوەیە:

یەکەم/

١- دل: لێچووە

٢- نەیلوفەڕ: لەوچووە

دووەم/

١- تو: لێچووە

٢- ئافتابی: لەوچووە

سێیەم/

١- تەن: لێچووە

٢- کەتان: لەوچووە

٣- شبهی: ئەوزارە

چوارەم/

١- تو: لێچووە

٢- ماهتابی: لەوچووە

- نەیلوفەڕ (نیلوفەر، لوولووپەڕ): گوڵێکە لە ئاودا دەڕوێ، ڕۆژ پەرستە، هەر خۆر هەڵهات سەر لە ئاو دەردێنێ و خۆر ئاوابوو سەر دەباتەوە ناو ئاو. کەواتە نەیلوفەڕ گوڵێکی خۆرپەرستە.

- ئافتاب: هەتاو.

- کەتان:

١- جۆرە گوڵێکی جوانە لە بەهاراندا لە دەشت و دەردا دەڕوێ و دەڵێن کە تریفەی مانگ لێی دەدات دادەڕزێ و گەڵاکانی هەڵدەوەرێن. کەواتە کەتان جۆرە گوڵێکە.

٢- جۆرە قوماشێکە.

ـ ماهتاب: تریفەی مانگ.

---

## بابەتی دووەم: خواستن (الاستعارة):

- خواستن = الاستعارة.

- خواستن: ئەو لێکچواندنەیە کە تەنیا یەکێ لە دوو بنەڕەتە بنچینەیییەکەی هاتبێ و ئەوی تر نەهاتبێ.

نم/ ئیلاهی! نەرگزا مەی مەست و نازک
ژ دەستی خوار و بەدخواهان بــپارێز

- ئیلاهی: ئەی خوایە= خودایە.
- نەرگز: جۆرە گوڵێکە.
- مە: ئێمە.
- نازک: جوان.
- خوار: لار و خراپ= بێ نرخ.
- بەدخواهان: بەدنیاز= ئەوانەی کە خراپەی خەڵکیان دەوێت.
- بپارێز: بپارێزە.

و/ خواستن لە وشەی (نەرگز) دایە.

١- یار: لێچووە (نەهاتووە)
٢- نەرگز: لەوچووە
٣- مەست و نازک: نیشانەی لێچووە

واتە تەنیا (لەوچوو= نەرگز) هاتووە.

نم/ وا نەزانی دەستی غەم یادت لە دڵدا دەرئەکا
ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەســێ باوەڕ نەکا

- غەم: پەژارە و ناڵەی دەروون.
- ئەشک: فرمێسک.

و/ خواستن لە (دەستی غەم) دایە.

١- غەم: لێچووە
٢- مرۆڤ: لەوچووە (نەهاتووە)
٣- دەست: نیشانەی لەوچووە

واتە تەنیا (لێچوو= غەم) هاتووە.

### - جۆرە سەرەکییەکانی خواستن:

خواستن لە ڕووی دەرکەوتنی یەکێ لە دوو بنەڕەتە بنچینەیییەکەوە دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

**یەکەم/** خواستنی ئاشکرا: ئەو خواستنەیە کە لە دوو بنەڕەتە بنچینەیییەکەی لێکچواندن تەنیا (لەچوو) هاتبێ و (لێچوو) فڕێ درابێت.

- لە خواستنی ئاشکرادا، (لەوچوو) دێت و نیشانەیەک دێت کە پەیوەندی بە (لێچوو)ەکەوە هەبێت. واتە: (لەوچوو + نیشانەیەکی لێچوو).

نم/ هەر چەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین
ئاڵتوونـــــــــــی دار ئەڕژێ بگرین

و/ خواستن لە وشەی (ئاڵتوون) دایە.
١- گەڵای زەرد: لێچووە (نەهاتووە)
٢- ئاڵتوون: لەوچووە
٣- دار: نیشانەی لێچووە
کەواتە خواستنی ئاشکرایە، چونکە تەنیا (لەوچوو= ئاڵتوون) هاتووە، لێچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لێچوو (دار) لەگەڵیدا هاتووە.

**دووەم/ خواستنی درکاو (شاراوە):** ئەو خواستنەیە کە لە دوو بنەڕەتە بنچینەیییەکەی لێکچواندن تەنیا (لێچوو) هاتبێ و (لەوچوو) فڕێ درابێت.

- لە خواستنی درکاودا، (لێچوو) دێت و نیشانەیەک دێت کە پەیوەندی بە (لەوچوو)ەکەوە هەبێت. واتە: (لێچوو + نیشانەیەکی لەوچوو).

نم/ تا نەگریا ئاسمان و تــــــــــــەم وڵاتی دانەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو

و/ دوو خواستنی تێدایە:
أ- خواستنی یەکەم لە نیوە دێڕی یەکەمدا لە (تا نەگریا ئاسمان) دایە.
١- ئاسمان: لێچووە — چەمەن: چیمەن= زەویی پڕ لە سەوزایی= مێرگ= مێر غوزار.
٢- مرۆڤ: لەوچووە (نەهاتووە) — چەمەن ئارا: چیمەن ڕازێنەوە.
٣- گریان: نیشانەی لەوچووە — وا: کراوە.
- وا بوون: کردنەوە= پشکووتن.
- وا نەبوو: کراوە نەبوو= نەپشکووت.

کەواتە خواستنی درکاوە، چونکە تەنیا (لێچوو= ئاسمان) هاتووە، لەوچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لەوچوو (گریان) لەگەڵیدا هاتووە.
ب- خواستنی دووەم لە نیوە دێڕی دووەمدا لە (لێوی غونچە وا نەبوو) دایە.
١- غونچە: لێچووە — غونچە: دەم و لێوی بچووک و جوان.
٢- مرۆڤ: لەوچووە (نەهاتووە)
٣- لێو: نیشانەی لەوچووە
کەواتە خواستنی درکاوە، چونکە تەنیا (لێچوو= غونچە) هاتووە، لەوچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لەوچوو (لێو) لەگەڵیدا هاتووە.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

(وەڵامی پرسیارەکانی خواستن)،
لاپەڕە (٢٠٨)

لەم دێڕە شیعرانەدا، خواستن دەربێنە و بنچینەکەی ڕوون بکەرەوە و جۆرەکەی دیاری بکە:

پ١/ لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ
مانگێک هاتە دەر پڕ لە خەت و خـــاڵ

- پەرچەم: قژی سەر نێو چاوان.

و/ خواستن لە وشەی (مانگ) دایە.
١- ڕووی یار: لێچووە (نەهاتووە)
٢- مانگ: لەوچووە
٣- خەت و خاڵ: نیشانەی لێچووە
کەواتە خواستنی ئاشکرایە، چونکە تەنیا (لەوچوو= مانگ) هاتووە، لێچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لێچوو (خەت و خاڵ) لەگەڵیدا هاتووە.

.................................................................................................

پ٢/ شێر لە بێشە دەرپەڕی دەست بە خەنجەر
ڕوو بە ڕوو ئەیدا لە زومرەی دوژمنـــــــان

- بێشە: دارستانی چڕ= لانەی شێر.
- زومرە: دەستە= بەرە.

و/ خواستن لە وشەی (شێر) دایە.
١- مرۆڤ (پیاوی ئازا): لێچووە (نەهاتووە)
٢- شێر: لەوچووە
٣- دەست بە خەنجەر: نیشانەی لێچووە
کەواتە خواستنی ئاشکرایە، چونکە تەنیا (لەوچوو= شێر) هاتووە، لێچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لێچوو (دەست بە خەنجەر) لەگەڵیدا هاتووە.

.................................................................................................

پ٣/ ئەو هەردوو نیهالێ عەرعەرا شەنگ
ڕوونیشتنی میسالێ غونچە دڵتەنـگ

- نیهال: نەمام= درەختی تازە ڕوواو.
- عەرعەر: درەختێکی بەرزە= باڵای بەرز و جوان.
- شەنگ: شۆخ و شەنگ= جوان و ئێسک سووک.
- ڕوونیشتن: دانیشتن.
- دڵتەنگ: خەفەتبار.

و/ خواستن لە وشەی نیهال (نیهالێ عەرعەر) دایە.
١- باڵای یار: لێچووە (نەهاتووە)
٢- نیهال: لەوچووە
٣- دانیشتن: نیشانەی لێچووە
کەواتە خواستنی ئاشکرایە، چونکە تەنیا (لەوچوو= نیهال) هاتووە، لێچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لێچوو (دانیشتن) لەگەڵیدا هاتووە.

پ٤/ ڕۆژتە ئەی بـــادی نەورۆزی لە بنی بەفری گـــــــــران - باد: با.
کانی پێی سڕ بوو، چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی

و/ خواستن لە لەتی دووەمدایە کە دەڵێ: (کانی پێی سڕ بوو، چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی).

کە سێ خواستنی تێدایە:

أ- (کانی پێی سڕ بوو)

خواستن لە وشەی (کانی) دایە.

١- کانی: لێچووە

٢- مرۆڤ: لەوچووە (نەهاتووە)

٣- پێ و قاچ: نیشانەی لەوچووە

کەواتە خواستنی درکاوە، چونکە تەنیا (لێچوو= کانی) هاتووە، لەوچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لەوچوو (پێ= قاچ) لەگەڵیدا هاتووە.

ب- (چناریش دەستی چوو)

خواستن لە وشەی (چنار) دایە.

١- چنار: لێچووە

٢- مرۆڤ: لەوچووە (نەهاتووە)

٣- دەست: نیشانەی لەوچووە

کەواتە خواستنی درکاوە، چونکە تەنیا (لێچوو= چنار) هاتووە، لەوچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لەوچوو (دەست) لەگەڵیدا هاتووە.

ج- (پەنجەی تەزی) = چنار پەنجەی تەزی

خواستن لە وشەی (چنار) دایە.

١- چنار: لێچووە

٢- مرۆڤ: لەوچووە (نەهاتووە)

٣- پەنجە : نیشانەی لەوچووە

کەواتە خواستنی درکاوە، چونکە تەنیا (لێچوو= چنار) هاتووە، لەوچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لەوچوو (پەنجە) لەگەڵیدا هاتووە.

---

پ٥/ ئەڵێن ساڵ دوانزە مانگـــە
من مانگم دی چواردە ساڵە

و/ خواستن لە وشەی (مانگ) دایە.

١- یار: لێچووە (نەهاتووە)

٢- مانگ: لەوچووە

٣- چوارده ساڵ: نیشانەی لێچووە

کەواتە خواستنی ئاشکرایە، چونکە تەنیا (لەوچوو= مانگ) هاتووە، لێچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لێچوو (چوارده ساڵ) لەگەڵیدا هاتووە.

.................................................................................................................

پ٦/ چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خـۆی نواند

نەک نمەک گیربم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەم دواند

و/ خواستن لە وشەی (گوڵ) دایە. - گوڵشەن: گوڵزار= شوێنێکە کە گوڵی زۆری تێدا بێ.

١- یار: لێچووە (نەهاتووە) - عیشوە: ناز= غەمزە.

٢- گوڵ: لەوچووە - نمەک گیر: کەسێکە گیرۆدەی نمەکی یەکێک بووبێت لە بەر خراپەکردن لە گەڵیدا.

٣- عیشوە و خۆنواندن: نیشانەی لێچووە

کەواتە خواستنی ئاشکرایە، چونکە تەنیا (لەوچوو= گوڵ) هاتووە، لێچوو فڕێ دراوە بەڵام نیشانەیەکی لێچوو (عیشوە و خۆنواندن) لەگەڵیدا هاتووە.

.................................................................................................................

پ/ جیاوازیی نێوان لێکچواندن و خواستن چییە؟

و/

| لێکچواندن | خواستن |
|---|---|
| ١- دوو بنەڕەتی سەرەکی هەیە (لێچوو) و (لەوچوو)، کە دەبێ هەردووکیان هەبن (وترابن). | ١- تەنیا یەکێ لەم دوو بنەڕەتە سەرەکییە دەمێنن یان (لێچوو) یان (لەوچوو). |
| ٢- لێرە ئەوە هەر ئەمێنێ کە هەست بکەیت (لەوچوو) لە (لێچوو) تەواوتر و بەهێزترە. | ٢- لێرە هەردووکیان تێکەڵ ئەکرێن، ئەو تێکەڵکردنەش دوو شتەکە زیاتر لێک نزیک دەکاتەوە. |
| ٣- لێرە (ڕووی لێکچوون) و (ئەوزار) دەگونجێ بوترێن یان نەوترێن. | ٣- لێرە بە هیچ شێوەیەک نابێت (ڕووی لێکچوون) و (ئەوزار) دیار بێ، ئەگەر دیار بکەوێت ئەوا لە خواستن دەکەوێت و دەبێ بە لێکچواندن. بەڵام لە خواستندا شتێکی تر هەیە کە پێی دەوترێت قەرینە (نیشانە)، واتە هەمیشە لە خواستندا قەرینەیەک (نیشانەیەک) دێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئێمە مانای خواستراومان مەبەستە نەک مانای ڕاستەقینە. |
| ٤- نموونە: لە مەلزەمەکەدا هەیە. | ٤- نموونە: لە مەلزەمەکەدا هەیە. |

.................................................................................................................

پ/ جیاوازیی نێوان خواستنی ئاشکرا و خواستنی درکاو چییە؟

و/ پێناسەکانیان و نموونە لە مەلزەمەکەدا هەیە.

---

## بابەتی سێیەم: ڕەگەزدۆزی (الجناس):

- ڕەگەزدۆزی = الجناس.

- ڕەگەزدۆزی: ئەوەیە دوو وشە یان زیاتر لە شێوەدا (واتە لە دەنگەکان) وەکو یەک وابن یان لەیەکەوە نزیک بن، بەڵام مانایان جیابێ.

*/ ئەگەر دوو وشەکە یەک مانایان هەبوو، ڕەگەزدۆزی دروست نابێ، بەڵکو (پاتکردنەوە، دووبارەبوونەوە، تیکرار) دروست دەبێ کە یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی لە ڕەوانبێژیدا.

نم/ ئەگەر خاڵت بڵێم مشکی خەتای
عەزیز من ئەمەم عەینی خەتایە

و/ ڕەگەزدۆزی لە وشەکانی (خەتا)ی کۆتاییی هەردوو نیوەدێڕدایە

١- خەتا: شوێنێکە لە تورکستانی چین.

٢- خەتا: گوناهـ وتاوان.

کەواتە ڕەگەزدۆزی دروست بووە چونکە هەردوو وشەکە لە شێوە و شکڵدا یەک شتن بەڵام مانایان جیاوازە.

نم/ بە ئاهـ و گریان دیسان هاتەوە هەوری نیسان
جــگەر پڕ ئاو و ئاور وەک عاشقی بێ قـــەرار

و/ ڕەگەزدۆزی لە وشەکانی (ئاو) و (ئاور) دایە

١- ئاو: ئاو.

٢- ئاور: ئاگر.

کەواتە ڕەگەزدۆزی دروست بووە هەر چەندە هەردوو وشەکە لە شێوە و شکڵدا کتومت وەکو یەک نین بەڵام لە یەک نزیکن واتە جیاوازییان تەنیا ئەوەندەیە کە وشەی (ئاور) یەک دەنگی (ر)ی کۆتاییی لە وشەی (ئاو) زیاترە، لە هەمان کاتیشدا مانایان جیاوازە.

### - جۆرە سەرەکییەکانی ڕەگەزدۆزی:

ڕەگەزدۆزی دوو جۆری سەرەکی هەیە، کە ئەمانەن:

یەکەم/ ڕەگەزدۆزیی تەواو ( الجناس التام): ئەوەیە ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزی دەیان گرێتەوە، لە شکڵدا کتومت و بێ جیاوازی وەکو یەک وابن بەڵام مانایان جیاواز بێ.

*/ ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزیی تەواویان تێدایە، دەبێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا وەکو یەک بن، کە ئەمانەن:

١- ژمارەی دەنگەکان.

٢- جۆری دەنگەکان.

٣- ڕیزی دەنگەکان.

نم/ ئەوەی ڕێگەی لە کوردەکان گۆڕی

لەعنەتی خوا لە ئـەلحەد و گۆڕی

و/ ڕەگەزدۆزیی تەواو لە وشەکانی (گۆڕی)ی کۆتاییی هەردوو نیوەدێڕدایە

١ گۆڕی: (کار)ە واتە ڕێگە لێ گۆڕین.

٢- گۆڕی: (ناو)ە واتە قەبر.

کەواتە ڕەگەزدۆزیی تەواو دروست بووە چونکە هەردوو وشەکە لە شێوە و شکڵدا وەکو یەکن بەڵام مانایان جیاوازە.

دووەم/ ڕەگەزدۆزیی ناتەواو ( الجناس غیر التام): ئەوەیە ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزی دەیان گرێتەوە، لە شکڵدا کتومت وەکو یەک نەبن و لە یەکەوە نزیک بن بەڵام مانایان جیاواز بێ.

*/ ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزیی ناتەواویان تێدایە، جیاوازییەکە دەبێ تەنیا لە یەکێک لەم خاڵانەدا بێ، کە ئەمانەن:

١- ژمارەی دەنگەکان.

٢- جۆری دەنگەکان.

٣- ڕیزی دەنگەکان.

کەواتە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو سێ جۆرە:

أ- بۆی هەیە وشەکان لە (ژمارەی دەنگەکان) جیاواز بن، واتە یەکێک لە وشەکان (دەنگ)ێک یان ئەگەر وشەکە درێژبوو (دوو دەنگ) لە وەی دی زیاتر بێ، زیادەکەش لەوانەیە لە سەرەتا یان لە ناوەڕاست یان لە کۆتاییی وشەکە هاتبێت.

نم/ مەعشووق تویی ب فەخر و نازی

عاشق تویی لێک بــــــێ نیازی

و/ ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە وشەکانی (ناز) و (نیاز) دایە

١- ناز: شانازی، لووت بەرزی، عیشوە، ناسکی.

٢- نیاز: مەیل و ئارەزوو، پێویست.

وشەی دووەم (نیاز) یەک دەنگی (یـ)ی زیاترە لە وشەی یەکەم (ناز)، دەنگە زیادەکەش لە ناوەڕاستی وشەی دووەمدا هاتووە.

ب- یان وا دەبێ وشەکان لە (جۆری دەنگ)ێک جیاواز بن، جا ئەو دەنگەی گۆڕاوە چ لە سەرەتا، یان لە ناوەڕاست، یان لە کۆتایی بێ.

نم/ پیری بە تەنیا ڕەحمەتە
پیری و هەژاری زەحمەتە

و/ ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە وشەکانی (ڕەحمەت) و (زەحمەت) دایە

١- ڕەحمەت: سۆز، میهرەبانی، چاکەکردن، دڵ نەرمی، ...

٢- زەحمەت: قورس، ڕەنج، هێز و توانای زۆر خەرجکردن لە ڕێگەی شتێک.

دەنگی یەکەم لە هەردوو وشەکەدا جیاواز و گۆڕاون لە سەرەتادا (ڕ)، (ز).

ج بۆی هەیە وشەکان لە (ڕیزبوونی دەنگەکان) جیاواز بن .

نم/ یەک زێدە شیرین زیادە مـــــەحبوب
یەک ڕووحی قولووب حووری مەقلوب

و/ ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە وشەکانی (ڕووح) و (حوور) دایە لە نیوە دێڕی دووەمدا

١- ڕووح: ڕۆح، گیان.

٢- حوور: (حور= لەناوچوون، ناتەواوی، کەموکووڕی)، (حوور= حۆری، چاوڕەش، چاوجوان)

ئەم دوو وشەیە لە ژمارە و جۆری دەنگەکان وەکو یەکن، بەڵام ڕیزی دەنگەکان جیاواز و گۆڕاون لە وشەی یەکەمدا ( ڕ + وو + ح) بەڵام لە وشەی دووەمدا ( ح + وو + ر).

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

## (وەڵامی پرسیارەکانی ڕەگەزدۆزی)،
## لاپەڕە (٢١٣)

لەم دێڕە شیعرانەی خوارەوەدا، ڕەگەزدۆزی دەربێنە و جۆرەکەی بنووسە و دیاری بکە:

پ ١/ ئەی خامە تە ژی گەلەك درێژکر

ئەڤ نامە بەسە تە پــــڕ قرێژکر

وەڵامی پ ١/ دوو ڕەگەزدۆزی تێدایە:

أ- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (خامە) و (نامە) دایە واتە وشەکان لە (جۆری دەنگەکان) جیاوازن، کە دەنگی یەکەمیان لە سەرەتای هەردوو وشەکەدا جیاوازە.

١- خامە: واتە قەڵەم، پێنووس.

٢- نامە: واتە نامە، ڕیسالە.

ب- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (درێژکر) و (قرێژکر) دایە واتە وشەکان لە (جۆری دەنگەکان) جیاوازن، کە دەنگی یەکەمیان لە سەرەتای هەردوو وشەکەدا جیاوازە.

١- درێژکر: واتە درێژکردەوە.

٢- قرێژکر: واتە چڵکن کرد، چەپەڵ کرد.

---

پ ٢/ ئێمە هەرچەندە کە قەومێکی زۆرین

بەڵام چونکە قەومێـــــکی خۆخۆرین

بۆیە دائیما وا لە ژێر دەستـــی زۆرین

وەڵامی پ ٢/ ڕەگەزدۆزیی تەواو لە نێوان وشەکانی (زۆرین) و (زۆرین) دایە، کە لە شکڵدا کت و مت وەکو یەکن بەڵام مانایان جیاوازە.

١- زۆرین: واتە زۆر، بەرفراوان.

٢- زۆرین: واتە زۆردار، دوژمن.

---

پ ٣/ با نەچێتە لای ڕەقیبان، یار ئەنیسی خانە بێ

لازمە ئەو ئاســـــــــکە لەولانەبێ لەولانەبێ

وەڵامی پ ٣/ ڕەگەزدۆزیی تەواو لە نێوان وشەکانی (لەولانەبێ) و (لەولانەبێ) دایە، کە لە شکڵدا کت و مت وەکو یەکن بەڵام مانایان جیاوازە.

١- لەولانەبێ (لەو+ لا+ نەبێ): واتە لە لای ڕەقیب و ناحەزان و دوژمنەکان نەبێ.

٢- لەولانەبێ (لەو+ لانە+ بێ): واتە لەماڵەوە بێ، لەو هێلانەیە بێت کە ماڵەوەیە.

---

پ٤/ شکانیان کەمانچەی دەستم
بەڵام زوو فریاکەوت هەستم

وەڵامی پ٤/ ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (دەستم) و (هەستم) دایە واتە وشەکان لە (جۆری دەنگەکان) جیاوازن، کە دەنگی یەکەمیان لە سەرەتای هەردوو وشەکەدا جیاوازە.

١- دەستم: واتە دەست.

٢- هەستم: واتە هەست (شعور).

.................................................................................................................

پ٥/ گوڵ لە نـــــــاو باخــــا پێکەنی تا ڕۆژهەڵات
گوڵ لە ناو ماڵی منا پێ ی پێکەنی تا ڕۆژهەڵات

وەڵامی پ٥/ ڕەگەزدۆزیی تەواو لە نێوان وشەکانی (ڕۆژهەڵات) و (ڕۆژهەڵات) دایە، کە لە شکڵدا کت و مت وەکو یەکن بەڵام مانایان جیاوازە.

١- ڕۆژهەڵات: واتە ڕۆژ ڕای کرد (ڕۆژئاوابوو).

٢- ڕۆژهەڵات: واتە ڕۆژ دەرکەوت (خۆرهەڵات).

.................................................................................................................

پ٦/ قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کـــــاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ

وەڵامی پ٦/ ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (کاڵ) و (ئاڵ) دایە واتە وشەکان لە (جۆری دەنگەکان) جیاوازن، کە دەنگی یەکەمیان لە سەرەتای هەردوو وشەکەدا جیاوازە.

١- کاڵ: واتە ڕەنگێکە کە تۆخ و تێر نەبێت

٢- ئاڵ: واتە ڕەنگێکە وەکو گوڵاڵەسووره یان ڕەنگی سووری کاڵ.

.................................................................................................................

پ/ جیاوازیی نێوان ڕەگەزدۆزیی تەواو و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو چییە؟

وەڵام/ پێناسەکانیان، لەگەڵ نموونە بۆ هەر یەکەیان لە مەلزەمەکەدا هەیە.

---

## چوارەم: دژیەک (الطباق):

- دژیەک: ئەوەیە دوو وشە دژ و پێچەوانەی یەکتر بن.

نم/ مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیـــــــان
چـۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

و/ دژیەک لەم دێڕەدا لە نێوان ئەم وشانەدا هەیە:

مردن × ژیان
قازانج × زیان
ئەکەی × نەکەی

- جۆرە سەرەکییەکانی دژیەک:

دژیەک دوو جۆری سەرەکی هەیە:

١- دژیەکی ئەرێ: ئەوەیە وشەکان هەریەکە لە ڕەگەزێکی سەربەخۆ بن، لە مانادا دژ و پێچەوانەی یەکتر بن.

نم/ چ ڕووناکی بێ، چ تاریکی، چ نزمی بێ یا بـــــــەرزی
بەخۆشی بێ وە یا تاڵی هەمووی ئەڕوا لەســەر ئەرزی

و/ دژیەکی ئەرێ لەم دێڕەدا لە نێوان ئەم وشانەدا هەیە:

ڕووناکی × تاریکی
نزمی × بەرزی
خۆشی × تاڵی

٢- دژیەکی نەرێ: ئەوەیە دوو وشەکە بە نەفی یان نەهی بووبن بە دژیەک.

نم/ ئـەی کوردی جەفا دیدە بەسە قەیدی ئەسارەت
نادان بە کوتەک حاڵـــــی دەبێ، دانا ئیشارەت

و/ دژیەکی نەرێ لەم دێڕەدا لە نێوان وشەکانی (نادان × دانا) دایە:

دانا × نادان

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

(وەڵامی پرسیارەکانی دژیەك)،
لاپەڕە (٢١٦)

پ ١/ گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد ئاخۆ
مەرگ مەودا دەدا ببینم ســــــەردەمێکی تر

وەڵامی پ ١/ لەم دێرە شیعرەدا دژیەك لە نێوان ئەم وشانەدا هەیە:

تاڵ × شیرین ← دژیەکی ئەرێیە

پ ٢ / ئەوەی ڕزقی موقەڕەرە بۆ خۆی دێ
ســــەد دەفعە بخوازێ یا نەخوازێ

وەڵامی پ ٢/ لەم دێرە شیعرەدا دژیەك لە نێوان ئەم وشانەدا هەیە:

بخوازێ × نەخوازێ ← دژیەکی نەرێیە

پ ٣/ یارم لە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا
غەمناك و شــــــادمانم، ڕەحمەت عەزابی هێــنا

وەڵامی پ ٣/ لەم دێرە شیعرەدا دژیەك لە نێوان ئەم وشانەدا هەیە:

غەمناك × شادمان ← دژیەکی ئەرێیە

ڕەحمەت × عەزاب ← دژیەکی ئەرێیە

پ ٤/ نێرگزێن شەنگ و مەستن چەپ و ڕاست
ساقیان جــام و دەستن چەپ و ڕاســـت

وەڵامی پ ٤/ لەم دێرە شیعرەدا دژیەك لە نێوان ئەم وشانەدا هەیە:

چەپ × ڕاست ← دژیەکی ئەرێیە

چەپ × ڕاست ← دژیەکی ئەرێیە

پ ٥/ دژمن ل مەشانە دۆست غەمگین
فەرزە مرنـا چەکۆ و تــــاجدین

وەڵامی پ ٥/ لەم دێرە شیعرەدا دژیەك لە نێوان ئەم وشانەدا هەیە:

دژمن × دۆست ← دژیەکی ئەرێیە

پ ٦/ ئەگەر دۆستم، ئەگەر دوژمن بزانم
ئەوەندەم تێگەیێنە کــامەیــــــانم

وەڵامی پ ٦/ لەم دێرە شیعرەدا دژیەك لە نێوان ئەم وشانەدا هەیە:

دۆست × دوژمن ← دژیەکی ئەرێیە

---

پ/ جیاوازیی نێوان دژیەکی ئەرێ و دژیەکی نەرێ چییە؟

و/ پێناسەکانیان، لەگەڵ نموونەکانیان لە مەلزەمەکەدا هەیە.

---

ڕەوانبێژی
ئامادەکردنی: مامۆستا/ عبدالله عبدالقادر علی،
ئامادەییی شەهید (دانا)ی کوڕان، پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، (٢٠١٦- ٢٠١٧)

## پێنجەم: جوانیی بایس (حسن التعلیل):

- جوانیی بایس: ئەوەیە دیاردەیەک هۆی دروست و ڕاستەقینەی خۆی هەبێ، بەڵام ئەو هۆیە بخرێتە لاوە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکە هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست بکرێ کە زۆر دوور بێت لە هۆیە دروست و ڕاستەقینەکەی خۆی.

نم/ مانگی نوێ بۆیە هەموو شەو زیاد ئەکا و ئەشنێتەوە
تا جەمـــــــــــــالی هەروەکو ڕووی تۆ بڕازێنێتەوە
کاتێ بوو بە چواردەهەم شەو تێ ئەگا نابێ بە ڕووت
جا لـــــــــــــە داخا وردە وردە کەم ئەکا و ئەتوێتەوە

و/ جوانیی بایس لەم شیعرەدا هەیە:

لێرەدا شاعیر زۆر وەستایانە دەیەوێت بە خۆشەویستەکەی بڵێت کە کەس لەو جوانتر نییە دێت مانگی یەک شەوە لە زیادکردنی بەردەوامی دەباتەوە سەر ئەوەی کە دەیەوێت خۆی وەکو ڕووی یارەکەی بڕازێنێتەوە، بەڵام کە لە شەوی چواردە دەبێتە مانگی تابان ئەو کاتە تێ دەگا کە هێشتا لە جوانیدا نەگەیشتووەتە یارەکەی، بۆیە لە داخ و خەفەتا وردە وردە بەرەو نەمان دەچێت کە ئەمەش هۆی ڕاستەقینەی نییە تەنیا بۆ جوانکردنی شیعرەکە بەکاری هێناوە.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

(وەڵامی پرسیارەکانی جوانیی بایس)،
لاپەڕە (٢١٨)

لەم دێڕە شیعرانەدا جوانیی بایس دەربهێنە و دیاردەکە دەست نیشان بکە و هۆیە جوان دروستکراوەکە ڕوون بکەرەوە:

پ ١/ لە خەوفی تەلعەتی، ڕۆژ هەروەکو شێت
بە ڕوو زەردی هەڵات و کەوتـــــە کێوان

وەڵامی پ ١/ جوانیی بایس لەم دێڕە شیعرەدا هەیە و لە نێوان (یار) و (ڕۆژ) دایە.
دیمەن و دیاردەکە ئەوەیە کە ڕۆژ ڕەنگی زەردە و هەڵهاتووە بەرە و کێو.
زەردی ڕەنگی ڕۆژ هۆکار و سەبەبی زانستی و ڕاستەقینەی خۆی هەیە، بەڵام شاعیر هاتووە ئەم سەبەب و هۆکارە ڕاستەقینەیە بەلاوە دەنێت و هۆکار و سەبەبێکی ئەدەبی جوان دەکاتە بیانووی زەردی ڕەنگی ڕۆژ کە ئەویش لە ترسی تەلعەت و ڕوومەتی یارەکەی ڕەنگی زەرد بووە و کەوتووەتە کێوان.

پ ٢/ شەماڵ لە ترسی شنەی نسێی سەخت
پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێنـــــاوە

وەڵامی پ ٢/ جوانیی بایس لەم دێڕە شیعرەدا هەیە و لە نێوان (شەماڵ) و (شنەی نسێی سەخت) دایە.
دیمەن و دیاردەکە ئەوەیە کە شەماڵ پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە.
شەماڵ کە پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە سەبەبی ڕاستەقینە و فیزیاوی خۆی هەیە، بەڵام شاعیر ئەمەی بەلاوە ناوە و دەڵێت شەماڵ لە ترسی شنەی نسار و نسێی سەخت وای لێ هاتووە و هەڵدێت و دێت بۆ پێدەشت.

پ ٣/ نارنج و تورنج شوبهی زینێ
زەربویێ ل عیللەتا ئەڤینێ

وەڵامی پ ٣/ جوانیی بایس لەم دێڕە شیعرەدا هەیە و لە نێوان (نارنج و تورنج) و (زین) دایە.
دیمەن و دیاردەکە ئەوەیە کە نارنج و تورنج ڕەنگیان زەرد بووە.
نارنج و تورنج کە دوو جۆری میوەن و ڕەنگیان زەردە و سەبەبی ڕاستەقینەی خۆیان هەیە، بەڵام شاعیر هاتووە ئەمەی بەلاوە ناوە و هۆکارێکی تری هێناوەتەوە کە زەردبوونیان لە عیللەت و هۆکاری ئەڤین و خۆشەویستییە.

پ٤/ لە لێواری حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون

ساوان، ئەلەرزن، لە تاو نقووم بوون

وەڵامی پ٤/ جوانیی بایس لەم دێڕە شیعرەدا هەیە و لە نێوان (گوڵاڵە و بەیبوون) و (نقووم بوون) دایە.

دیمەن و دیاردەکە ئەوەیە کە گوڵاڵە و بەیبوون دەلەرزن.

هۆکاری ڕاستەقینەی لەرزینی گوڵاڵە و بەیبوون ئەوەیە کە کزەبا وایان لێ دەکات و دەلەرزن و دەجوڵێنەوە یان هەڵکشان و داکشانی شەپۆلی ئاوەکەیە وایان لێ دەکات، بەڵام شاعیر هاتووە ئەمەی بەلاوە ناوە و هۆکارێکی تری ئەدەبی هێناوەتەوە کە دەڵێ لە ترس و تاوی نقووم بوون دەلەرزن.

پ٥/ پەڵەی گوڵاڵە لە ترسـی چنوور

ناو جەرگی سووتاو ڕەش هەڵگەڕاوە

وەڵامی پ٥/ جوانیی بایس لەم دێڕە شیعرەدا هەیە و لە نێوان (پەڵەی گوڵاڵە) و (چنوور) دایە.

دیمەن و دیاردەکە ئەوەیە کە گوڵاڵە سوورە و ناوەکەی ڕەشە.

هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم دیاردەیە بابەتێکی زانستییە، بەڵام شاعیر هاتووە ئەمەی بەلاوە ناوە و هۆکارێکی تری ئەدەبی هێناوەتەوە کە دەڵێ لە ترس و داخی چنوور ناو جەرگی سووتاوە و ڕەش هەڵگەڕاوە.

پ٦/ خوێنی پاکی لاوی کوردانە ڕژاوە کێو و کـەژ

بۆیە وا ئێستاکە سوورە، ڕەنگی گوڵناری هەیە

وەڵامی پ٦/ جوانیی بایس لەم دێڕە شیعرەدا هەیە و لە نێوان (خوێنی پاکی لاوانی کوردان) و (ڕەنگی سووری کێو و کەژ) دایە.

دیمەن و دیاردەکە ئەوەیە کە کەژ و کێو سوورە و ڕەنگی گوڵناری هەیە.

ئەم دیاردەیە هۆکاری ڕاستەقینەی خۆی هەیە کە بوونی گوڵ و گیای سوورە لە کەژ و کێودا بۆیە سوورە و ڕەنگی گوڵناری هەیە، بەڵام شاعیر هاتووە ئەم هۆکارەی بەلاوە ناوە و هۆکارێکی تری ئەدەبی هێناوەتەوە کە دەڵێ خوێنی سووری پاکی لاوی کوردانە ڕژاوەتە ئەو کەژ و کێوە و ڕەنگی سوور بووە.

---

## شەشەم: تێهەڵکێش (التضمين):

- تێهەڵکێش: ئەوەیە شاعیر یان نووسەر، (نیو دێڕ یان دێڕێک یان سەراپای هۆنراوەیەک یان پەندێک یان ئایەتێک یان فەرموودەیەک یان قسەیەکی نەستەق)، بێ دەستکاری وەربگرێت و لە ناو دوو کەوانە بیخاتە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە، جا ناوی خاوەنەکەی ببات یان نەبات.

*/ هەموو (پێنج خشتەکی)یەکانی شاعیرێک لەسەر شیعری شاعیرێکی تری دەکا، بەر ئەم هونەرە دەکەوێت، واتە تێهەڵکێش.

نم/ بۆ فەلەک ناکەم تەنەزوول هەروەکو نووری ئەڵــێ ← کەمالی

(من بە چەرخـــی ئاسمانی سپڵە ئیستیهزا ئەکەم) ← شێخ نوری

و/ هونەری تێهەڵکێشە، لەتی یەکەم هی شاعیرێکی ترە (کەمالی) و لەسەرەتاوەش ناوی (نووری)ی هێناوە کە خاوەنی لەتە شیعری دووەمە. واتە لەتی دووەم هی (نووری)یە.

نم/ دەمێ کۆچبارەکەت ناچێ لە یـــادم ← هەژار
دەبێ وەک کوشتمت بشپرســـی دادم
(کە بارگەت بۆ هەوار تێک نا عەزیزم ← هێمن
شکا ئەستوندەگی تاولی مـــــرادم)

و/ هونەری تێهەڵکێشە، دێڕی دووەم هی شاعیرێکی ترە (هێمن)، هەژار تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە بەبێ ناوهێنانی هێمن، چونکە دێڕە شیعرەکەی هێمن زۆر بەناوبانگە و خوێنەری شیعرەکانی هێمن دەیناسێتەوە.

نم/ بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین ← حاجی قادری کۆیی
(أطلبوا العلم و لـــــو بالصين) ← فەرموودە

و/ هونەری تێهەڵکێشە، لەتی دووەمی ئەم دێڕە شیعرە فەرموودەیەکی پێغەمبەرە (ص)، کە حاجی قادری کۆیی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە، بێ ئەوەی دەستکاری بکا یان بیکا بە کوردی.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

(وەڵامی پرسیارەکانی تێهەڵکێش)،
لاپەڕە (٢٢١)

پ ١/ قەدری میللەتتان بە جارێ شکان
نە حەیاتان ما، نە ناو و نیشـــان ← بێکەس
باری تەعنەتان وا هاتە سەرشان
(وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شـــــاری خامۆشان) ← پیرەمێرد

وەڵامی پ ١/ هونەری تێهەڵکێشە، چونکە بێکەس دێڕە شیعرێکی پیرەمێردی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە بەبێ دەستکاری، لە ناو دوو کەوانەش دانراوە.

پ ٢/ گوڵ لەسەر لقـــی خۆیا ڕەنگینـــە ← پیرەمێرد
(بەردیش لە جێگای خۆی سەنگینە) ← پەندی پێشینان

وەڵامی پ ٢/ هونەری تێهەڵکێشە، چونکە پیرەمێرد پەندێکی پێشینانی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە بەبێ دەستکاری، لە ناو دوو کەوانەش دانراوە.

پ ٣/ ڕۆژێ فەرمووت (لیس للانسان الا ما سعـــی) ← ئایەت
هیچ کەسیش هێزی فەلاح ئیش کێڵانی نییە ← دڵدار

وەڵامی پ ٣/ هونەری تێهەڵکێشە، چونکە دڵدار ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی بە عەرەبی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە بەبێ دەستکاری، لە ناو دوو کەوانەش دانراوە.

پ ٤/ لە دوو ئاوان کە یەك دەگـــــــری-- دوو میسرەعی بەیتی مەولەوی ← پیرەمێرد
(سیروانی ئەم چەم تانجەرۆی ئەو چەم-- بدەن بە یەکدا ئەم چەم بۆ ئەو چەم) ← مەولەوی

وەڵامی پ ٤/ هونەری تێهەڵکێشە، چونکە پیرەمێرد دێڕە شیعرێکی مەولەوی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە بەبێ دەستکاری، لە ناو دوو کەوانەش دانراوە، ناوی (مەولەوی)شی هێناوە.

پ ٥/ سەیری کە ئەڵێ ی خوێنی ڕژاوی گەشی تۆیە ← عەلی کەمال باپیر
(سیروانی سروشـــــکم کە ئەکا هاژە لەسەردا) ← تاهیر بەگی جـاف

وەڵامی پ ٥/ هونەری تێهەڵکێشە، چونکە عەلی کەمال باپیر نیو دێڕە شیعری تاهیر بەگی جافی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە بەبێ دەستکاری، لە ناو دوو کەوانەش دانراوە.

پ٦/ تا نەتناسی ئایەت و سەعاتی ئەوقاتی دوعا ← صابری

فائیدەی چـــــــــــی (ربنا انزل علينا مائده) ← ئایەت

وەڵامی پ٦/ هونەری تێهەڵکێشە، چونکە صابری ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی بە عەرەبی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە بەبێ دەستکاری، لە ناو دوو کەوانەش دانراوە.

---

# هەندێک پرسیاری هەڵبژاردنی وزاری و وەڵامەکانیان

## پرسیارەکانی ڕەوانبێژی

### خولی یەکەم (٢٠١٤ – ٢٠١٥)

پ٤٦/ چ بابەتێکە لە ڕەوانبێژی، کە لەسەر بنەمای بەراورد هاتووە، بۆ ڕوونکردنەوە و چەسپاندنی سیفەتی شتێک، ئەم شتە لەگەڵ شتێکی تر بەراورد دەکرێت، کە سیفەتە مەبەستەکەی تێدا زاڵە؟

(A- جوانیی بایس، B- خواستن، C- لێکچوندن، D- تێهەڵکێش)

پ٤٧/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(دژمن ل مەشانە دۆست غەمگین ـــــ فەرزە مرنا چەکۆ و تاجدین)

(A- دژیەکی ئەرێ، B- خواستنی ئاشکرا، C- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو، D- جوانیی بایس)

پ٤٨/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(پیری بە تەنیا ڕەحمەتە ـــــ پیری و هەژاری زەحمەتە)

(A- لێکچواندن، B- جوانیی بایس، C- ڕەگەزدۆزیی تەواو، D- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو)

پ٤٩/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(ئەزمان ژ مە لال بوو ژ بەر جەورا حەبیبا سیمبەر ـــ ئەبرۆ هیلال ڕوو قەمەر دەر دل چەماندن پوڕ جەفا)

(A- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو، B- لێکچواندن، C- جوانیی بایس، D- خواستنی درکاو)

پ٥٠/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(شەماڵ لە ترسی شنەی نسێی سەخت ـــــ پەنای بۆ باسک و پێدەشت هێناوە)

(A- خواستنی ئاشکرا، B- لێکچواندن، C- دژیەکی نەرێ، D- جوانیی بایس)

---

## پرسیارەکانی ڕەوانبێژی

### خولی دووەم (٢٠١٤ – ٢٠١٥)

پ٤٦/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(هەریەک بە ڕەنگی مەرامی پێتە ـــــ گیانیان بە دیاری خاکی بەر پێتە)

(A- لێکچواندن، B- جوانیی بایس، C- خواستنی درکاو، D- ڕەگەزدۆزیی تەواو)

پ٤٧/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(لە باخ و چڕ ئەوی دار و درەختە ـــــ هەموو زەردن لە ترسی هێرشی شەختە)

(A- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو، B- جوانیی بایس، C- لێکچواندن، D- خواستنی درکاو)

پ٤٨/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(هەر چەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین ـــــ ئاڵتوونی دار ئەرژێ بگرین)

(A- ڕەگەزدۆزیی تەواو، B- لێکچواندن، C- دژیەکی نەرێ، D- خواستنی ئاشکرا)

پ٤٩/ چ بابەتێکە لە ڕەوانبێژی، کە دیاردەیێکە هۆی دروست و ڕاستەقینەکەی دەخرێتە لاوە و بۆ جوانی هۆیەکانی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست دەکرێ؟

(A- لێکچواندن، B- خواستن، C- جوانیی بایس، D- ڕەگەزدۆزی)

پ٥٠/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(بە وێنەی نەچیر زامان ئاوەردم ـــــ نیش گولولەی خەمباری وەردەم)

(A- لێکچواندن، B- خواستنی درکاو، C- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو، D- دژیەک)

---

## پرسیارەکانی ڕەوانبێژی

## پرسیاری ئاشنابوون بۆ خوێندکاران (٢٠١٤ – ٢٠١٥)

پ٤٤/ خواستنی ئاشکرا ئەوەیە، کە تەنیا یەکێک لەم بنەڕەتانە هاتبێت:

(A-ڕووی لێکچوون، B-لێچوو، C-ئەوزاری لێکچواندن، D-لەوچوو)

پ٤٥/ (A-ڕووی لێکچوون، B-لەوچوو، C-ئەوزاری لێکچواندن ، D-لێچوو)، سیفەت و لایەنی هاوبەشی نێوان هەردوو بنەڕەتە بنچینەییەکەی لێکچواندنە.

پ٤٦/ (A-ڕەگەزدۆزیی تەواو، B-خواستنی ئاشکرا، C-دژیەکی ئەرێ، D-دژیەکی نەرێ)، ئەوەیە وشەکان هەریەکە لە ڕەگەزێکی سەربەخۆ بن، لە مانادا دژ و پێچەوانەی یەکتر بن.

پ٤٧/ لەم هۆنراوەیەدا

(گریانی من و خەندەی تۆ ئێستە ئەشوبهێنن ــــ بەو مەوسیمی بارانە کەوا خونچە ئەپشکووت)

بابەتی: (A-لێکچواندن، B-خواستنی درکاو، C-ڕەگەزدۆزیی تەواو، D-جوانیی بایس) هەیە.

پ٤٨/ لەم هۆنراوەیەدا

(لە لێواری حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون ــــــ ساوان ئەلەرزن، لەتاو نقووم بوون)

بابەتی: (A-تێهەڵکێش، B-جوانیی بایس، C-لێکچواندن، D-خواستنی درکاو) هەیە.

پ٤٩/ لەم هۆنراوەیەدا

(لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ ــــــ مانگێک هاتە دەر پڕ لە خەت و خاڵ)

بابەتی (A-خواستنی ئاشکرا، B-لێکچواندن، C-جوانیی بایس، D-خواستنی درکاو) هەیە.

پ٥٠/ لەم هۆنراوەیەدا

(لە گریەی زۆری من، خەندەی کەمی تۆ ــــــ هەموو دونیا بووەتە شین و ڕۆ ڕۆ)

بابەتی (A-جوانیی بایس، B-لێکچواندن، C-دژیەکی ئەرێ، D-خواستنی ئاشکرا) هەیە.

---

## پرسیارەکانی ڕەوانبێژی

## پرسیاری بەرایی (٢٠١٤ – ٢٠١٥)

پ٤٦/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێڕە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(لە لێواری حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون ــــــ ساوان ئەلەرزن، لەتاو نقووم بوون)

(A-خواستنی ئاشکرا، B-دژیەکی نەرێ، C-لێکچواندن، D-جوانیی بایس)

پ٤٧/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێڕە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(پۆل پۆل نازداران گەردەن پڕ خاڵان ــــــ ڕوومەت پەڕەی گوڵ باڵا شمشاڵان)

(A-ڕەگەزدۆزیی تەواو، B-خواستنی درکاو، C - لێکچواندن، D-دژیەکی ئەرێ)

پ٤٨/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێڕە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(یەک زێدە شیرین زیادە مەحبوب ــــــ یەک ڕووحی قلووب حووری مەقلوب )

(A-دژیەکی ئەرێ، B-جوانیی بایس، C-تێهەڵکێش، D-ڕەگەزدۆزیی ناتەواو)

پ٤٩/ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێڕە هۆنراوەیەدا هەیە؟

(ئەڵێن ساڵ دوانزە مانگە ــــــ من مانگم دی چواردە ساڵە)

(A-خواستنی ئاشکرا، B-لێکچواندن، C-ڕەگەزدۆزیی ناتەواو، D-جوانیی بایس)

پ٥٠/ دوو بنەڕەتی بنچینەیین لە لێکچواندندا، بەبێ ئەم دوو بنەڕەتە لێکچواندن دروست نابێت:

(A-لێچوو، ئەوزار، B-لێچوو، لەوچوو، C-ئەوزار، ڕووی لێکچوون، D-لەوچوو، ئەوزار)

----------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------

# کۆتاییی بەشی ڕەوانبێژی